
4
ڕێڤەبەریا ڕۆشنبیری و هونەریا بارزان
ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی
سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان
بۆ باشووری عێراق لەسەردەمی بەعسدا
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆژی - تیۆری پراکتیکییە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
٢٠٠٩

## ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی

# سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان

## بۆ باشووری عێراق لەسەردەمی بەعسدا

توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆژی – تیۆری پراکتیکییە

ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا

چاپی یەکەم
٢٠٠٩







## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا.

نوسینی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

بابەت: توێژینەوە

تایپ: ڕیزان سالح بازی

هەڵەچنین: توێژەر

پێشەکی: ڕەشید خلیل بیرسیافی

هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە: توێژەر

بەرگ: شەهیاز عبدالرحمن بارزانی

بڵاوکراوەی: بەڕێوەبەرایەتی روشنبیری و هونەری بارزان – زنجیرە (٤)

سەرپەرشتیاری زنجیرە کتێب: کرمانج چالی

چاپ: یەکەم (٢٠٠٩)

چاپخانەی:منارە

ژمارەی سپاردن: (٢١٠٩) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ.




هێڵکاری (أ) پەیکەری توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.

# پێرست


**پێشەکی**..........................................................۱۲

## تەوەرەی یەکەم: لایەنی تیۆری

**بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە**..........................................۱٦

*باسی یەکەم:* پرسی توێژینەوە..........................................۱٦

*باسی دووەم:* گرینگی توێژینەوە..........................................۱٦

*باسی سێیەم:* ئامانجی توێژینەوە..........................................۱۷

*باسی چوارەم:* گریمانەکانی توێژینەوە..........................................۱۸

*باسی پێنجەم:* میتۆدی توێژینەوە..........................................۱۹

**بەشی دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە**..........................................۲۳

*باسی یەکەم:* جیۆگرافیای ناوچەی بارزان..........................................۲۳

*باسی دووەم:* ڕاگواستن..........................................۳۲

*باسی سێیەم:* ئۆردوگا زۆرەملێیەکان..........................................۳۹

**بەشی سێیەم: قۆناغەکانی ڕاگواستن؛ زیندەبەچاڵکردن؛ جینۆساید**....۵۸

*باسی یەکەم:* قۆناغەکانی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان..........................................۵۸

*باسی دووەم:* ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و پەیماننامەی بەربەندکردنی جینۆساید..........................................۷٤

**بەشی چوارەم: لەناوبردنی ژینگەو بەمینکردنی دەڤەری بارزان**.......۸۹

*باسی یەکەم:* تاوانی لەناوبردنی ژینگە(ئیکۆساید)لە دەڤەری بارزان...۸۹

*باسی دووەم:* بە مینکردنی دەڤەری بارزان.................................٩٣

## تەوەرەی دووەم: لایەنی پراکتیکی

***بەشی پێنجەم: ستراتیژییەتی توێژینەوەی مەیدانی......................١٠٤***

*باسی یەکەم:* کۆمەڵگای توێژینەوەو نموونەی هەڵبژێردراو.............١٠٤

*باسی دووەم:* سنووری توێژینەوە............................................١٠٦

*باسی سێیەم:* ئاستەنگەکانی توێژینەوە....................................١٠٧

*باسی چوارەم:* کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری........................١٠٨

١. چاوپێکەوتن.......................................................١٠٨

٢. چاودێریکردن.....................................................١٠٩

٣. پرسیارنامە........................................................١٠٩

٤. هەندی کەرەستەی تر...........................................١١٠

٥. کەرەستەی ئاماری...............................................١١١

***بەشی شەشەم: خستنەروو و ڕاڤەکردنی زانیارییەکانی توێژینەوەی مەیدانی....................................................................١١٤***

*باسی یەکەم:* خەسڵەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە............١١٤

*باسی دووەم:* شیکردنەوەی زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوە.......١٢٨

***بەشی حەوتەم: ئەنجامگیری و زمانی وێنەکان.........................١٥١***

*باسی یەکەم:* ئەنجامەکان.................................................١٥١

*باسی دووەم:* ڕاسپاردەو پێشنیار.........................................١٥٧

*باسی سێیەم:* بەڵگەنامەو زمانی وێنەکان.................................١٥٨

***بیبلۆگرافیا***...................................................................١٨٣

# پێرستی خشتەکان


| ژ.خ | ناونیشانی خشتە | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە. | ١١٤ |
| ٢ | تەمەنی نموونەی توێژینەوە. | ١١٦ |
| ٣ | شوێنی لە دایکبوونی نموونەی توێژینەوە. | ١١٨ |
| ٤ | ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە. | ١٢٠ |
| ٥ | باری ئابووری نموونەی توێژینەوە. | ١٢١ |
| ٦ | باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوە. | ١٢٢ |
| ٧ | جۆری پیشەی نموونەی توێژینەوە. | ١٢٤ |
| ٨ | شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە. | ١٢٧ |
| ٩ | لە کام قۆناغدا نەخۆشیەکان زیاتر بوون؟ | ١٢٨ |
| ١٠ | پاش ڕاگواستن و هۆکاری زۆری نەخۆشییەکان. | ١٣٠ |
| ١١ | ئایادەزانی بۆچی ڕاگوێزران؟ | ١٣٢ |
| ١٢ | زانینی هۆی ڕاگواستنی نموونەی توێژینەوە. | ١٣٣ |
| ١٣ | ڕەوشی ژیانتان لەکام قۆناغدا خۆشتر بوو؟ | ١٣٥ |
| ١٤ | هۆکارەکانی خۆشی ژیان لە پێش ڕاگواستن. | ١٣٧ |
| ١٥ | گۆڕان لە داب و نەریتدا لە پاش ڕاگواستنەوە تا ئەمڕۆ. | ١٣٨ |
| ١٦ | زەرەرو زیانەکان بەهۆی ڕاگواستنەوە. | ١٤٠ |
| ١٧ | بەراوردی باری ئابووری لە قۆناغی پێش ڕاگواستن وپاش ڕاگواستن. | ١٤٢ |
| ١٨ | گوندەکەتان ئاوەدانکراوەتەوە؟ | ١٤٣ |
| ١٩ | گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان. (ئایاگەڕاونەتەوە بۆ گوندەکەتان؟). | ١٤٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠ | ساڵی گەڕانەوەی نموونەی توێژینەوە. (لەساڵی چەند گەڕاونەتەوە؟) | ١٤٦ |
| ٢١ | چی بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکەتان؟ | ١٤٨ |


## پێرستی هێلکاریەکان

### أ- هێلکارییەکانی لایەنی تیۆری


| ژ.ھ | ناونیشانی هێلکارییەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| أ | پەیکەری توێژینەوە ڕووندەکاتەوە. | ٣ |
| ب | پێکهاتەی دەڤەری بارزان. | ٢٧ |
| ج | نیشتەجێکردنی بارزانییەکان لە باشووری عێراق ساڵی ١٩٧٥ — ١٩٨٠. | ٦٤ |
| د | ئۆردوگاکانی قۆناغی یەکەم، باشووری عێراق ساڵی ١٩٧٥. | ٧٣ |
| ھ | ئۆردوگاکانی قۆناغی دووەم، دەوروبەری شاری هەولێر ساڵی ١٩٨٧. | ٧٣ |
| و | ئۆردوگاکانی قۆناغی سێیەم، قۆشتەپە ساڵی ١٩٨٠. | ٧٣ |


### ب- هێلکارییەکانی لایەنی مەیدانی


| ژ.ھ | ناونیشانی هێلکارییەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە | ١١٥ |
| ٢ | کۆمەڵەی تەمەنی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە. | ١١٨ |
| ٣ | ڕەگەز و باری ئابووری و شوینی لەدایکبوونی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە. | ١٢٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە. | ١٢٣ |
| ٥ | پیشەی ئێستای کەسە ڕاگوێزراوەکانی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە. | ١٢٧ |
| ٦ | ڕای نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە کە لە کام قۆناغدا پێش ڕاگواستن یاخود پاش ڕاگواستن نەخۆشیە جەستەیی و دەروونییەکان زیاتربوون. | ١٢٩ |
| ٧ | تایبەتە بەو نەخۆشیانەی کە لەپاش ڕاگواستنەوە کەسە ڕاگوێزراوەکان لە ئۆردوگاکانی باشووری عێراق دووچاری هاتوون. | ١٣١ |
| ٨ | زانینی هۆی ڕاگواستنی نموونەی توێژینەوە بو باشووری عێراق ڕووندەکاتەوە. | ١٣٥ |
| ٩ | بەراوردی ڕەوشی ژیانی کەسە ڕاگوێزراوەکان لە هەردوو قۆناغی پێش ڕاگواستن و پاش ڕاگواستن دەردەخات. | ١٣٦ |
| ١٠ | گۆڕان لەداب و نەریتدا لەپاش ڕاگواستن تا ئەمڕۆ ڕووندەکاتەوە. | ١٣٩ |
| ١١ | تایبەتە بەو زەرەرو زیانانەی کە کەسە ڕاگوێزراوەکان بەهۆی ڕاگواستنیان بۆ باشووری عێراق لە دەستیانداوە. | ١٤٢ |
| ١٢ | بەراوردی باری ئابووری لە قۆناغی پێش ڕاگواستن و پاش ڕاگواستن. | ١٤٧ |


## *پێرستی نەخشەکان*


| ژ.ن | ناونیشانی نەخشەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | پێگەی ناوچەی بارزان لە سەر نەخشەی عێراق. | ٢٦ |
| ٢ | سەرتاسەری قەزای مێرگەسۆر(دەڤەری بارزان). | ٣١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | ناوچە سنووریە ڕاگوێزراوەکانی پارێزگای هەولێر. | ٣٨ |


## پێرستی بەڵگەنامەکان


| ژ.ب | ناونیشانی بەڵگەنامەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | دەقی دیکۆمێنتێك سەبارەت بەناوچە قەدەغەکراوەکان کە نوسراوی سەرکردایەتی نووسینگەی باکوورە بۆ هەرسێ فەیلەقی (١/٢/٥/ یەك و دوو وپێنـچ). | ١٦٧ |
| ٢ | دەقی داواکاری کوردێکی بارزانی ڕاگوێزراو، بۆ قایمقامی قەزای عەفەك سەبارەت بەکارکردن. | ١٦٩ |
| ٣ | رۆژ ژمێرێکی دەستنوسی ڕاگوێزراو (سلێمان شێخو سلێمان) لەساڵی ١٩٨٣ زیندەبەچاڵکراوە لەگەل ٨ هەشت هەزار لە نێرینە بارزانیەکان | ١٧١ |
| ٤ | دەقی داواکاری دەستنووسی کوردی ڕاگوێزراو بۆ باشووری عێراق بەناوی(عبدالله یاسین مستەفا) کە لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوە . | ١٧٢ |


## پێرستی وێنەکان


| ژ.و | ناونیشانی وێنەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | ئەو هینو و ئیڤاو لوریانەن کە بارزانییە ڕاگوێزراوەکانی ئۆردوگا زورەملێیەکانی باشووری عێراق پێدەگوێزرێنەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە ساڵی ١٩٨٠. | ١٦٧ |
| ٢ | کۆمەڵێك کرێکاری بارزانی لە باشووری عێراق ١٩٧٧. | ١٦٧ |
| ٣ | خانووی ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بارزانییەکان لە باشووری عێراق. | ١٦٨ |
| ٤ | ئۆردوگایەکی زۆرەملێی بارزانییەکان باشووری عێراق ١٩٧٩. | ١٦٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | ئۆردوگای ژمارە (٢) باشووری عێراق ساڵی ١٩٧٨. | ١٦٩ |
| ٦ | دیوانییەی باشووری عێراق ساڵی ٢٠٠٩ ئەو شوێنەی لەساڵی ١٩٧٥ بارزانییەکان بۆی راگوێزرابوون. | ١٦٩ |
| ٧ | کۆمەڵێك کرێکاری بارزانی و ئەندازیارێکی بیانی لە دیوانییەی باشووری عێراق ساڵی .١٩٧٧ | ١٧٠ |
| ٨ | چوار کرێکاری بارزانی ڕاگوێزراو بوو باشوری عێراق، کارگەی رستن و چنین دیوانییە، ساڵی ١٩٧٩ هەرچواریان لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراون. | ١٧٠ |
| ٩ | کرێکارە بارزانییە ڕاگوێزراوەکان باشووری عێراق کارگەی رستن و چنین ١٩٧٨. | ١٧١ |
| ١٠ | چەند کرێکارێکی بارزانییە ڕاگوێزراوەکان لە گەل ئەندازیارەکانیان ساڵی ١٩٧٨ کارگەی ڕستن و چنین باشووری عێراق. | ١٧١ |
| ١١ | چەند منداڵێکی ڕاگویزاوی بارزانییەکان بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق ساڵی .١٩٧٦ | ١٧٢ |
| ١٢ | یەکێك لە ئۆردوگاکانی باشووری عێراق، باوکێکی ڕاگوێزراو و مندالەکانی ساڵی ١٩٧٩ . | ١٧٢ |
| ١٣ | دوو میرمنداڵی کرێکار لە بارزانییە راگوێزاوەکان بۆ باشووری عێراق، ساڵی ١٩٧٧ . | ١٧٣ |
| ١٤ | کریکارێکی راگویزارو بۆ باشووری عێراق ١٩٧٨. | ١٧٣ |
| ١٥ | باشووری عێراق، پارێزگای دیوانییە ساڵی ١٩٧٦، هەرچواریان لەساڵی ١٩٨٣ لە هەمان بیابانەکانی باشوور زیندەبەچاڵکراون. | ١٧٣ |
| ١٦ | کۆمەڵێك لە بارزانییە ڕاگوێزراوەکان بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق ساڵی ١٩٧٧، هەر هەموویان لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەل ٨ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی جینۆسایدکراون. | ١٧٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧ | **باشووری عێراق ساڵی ١٩٧٦.** | **١٧٤** |
| ١٨ | **بیابانەکانی خواروی عێراق  ساڵی ١٩٧٧.** | **١٧٤** |
| ١٩ | **یەکیك لە شوێنی ئۆردوگاکانی بارزانییەکان باشووری عیراق. ساڵی ٢٠٠٩.** | **١٧٥** |
| ٢٠ | **باشووری عێراق، شوینی یەکێك لە ئۆردوگاکانی بارزانییەکان.** | **١٧٥** |
| ٢١ | **شێوەی یەکێك لەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرانەی کە ڕاگوێزراوەکانی ئۆردوگاکانی باشووری عێراق هاتوچویان پێدەکرد.** | **١٧٦** |
| ٢٢ | **ناسنامەی چەند کرێکارێکی ڕاگوێزراوی بارزانی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بیابانی باشووری عێراق، هەر هەمووشیان کریکارو کارمەندی حکومەتی عێراق بوونە، هەموویان لە ساڵی ١٩٨٣ لە گەل ٨ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی لە هەمان بیابان زیندەبەچاڵکراون.** | **١٧٧** |

## پێشەکی

لە سەرەتای درووست بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە، چەوسێنەر و چەوساوە یاخود ستەمکار و ستەمدیدە وەك بوونەوەرێکی دژبەیەك لە دوو ڕێگای ناهاوسەنگ بۆ قبول نەکردنی یەکتر خولقاون. لە یەکەم بەرەبەیانی درووست بوونی دەوڵەتی عێراقیش کوشتن و توقاندن و داپلۆسین و ڕاگواستن لە دایکبوون.

دوای ئەوەی ڕژێمی توتالیتاری بەعس جلەوی دەسەڵاتی گرت دەست پرەنسیپەکان بەرە و بیروکراتیەت قولتر بوونەوە و کۆی کایەکانیان بە دەسەڵاتێکی نوخبەوە قورخ کرد. بوونی چەند نەتەوە و ئاینێکی جیاواز بە شێوەیەکی نائارەزومەندانە بەپێی ڤۆلنتالیزمی وڵاتە کولۆنیالیزمەکانی ئەو سەردەمە و ئەو بنەما شوفینزمەی کە ڕژێمی بەعس لەسەر بونیادنراوە فاکتەری سەرەکی بوون بوو یەکتر قبول نەکردن و بەرز نەبوونەوەی دەنگی دوالیزم. بەعسیەکانیش بۆ سەپاندنی تاك ڕەهەندی و هەژمونگەرایی خۆیان و کپ کردنی دەنگی ئۆپۆزسیون و ئایدیای جیاواز، لە مینبەر گەلێکەوە زۆر بەخەستی رق و کینەیان بەئێمە هەڵرشت و هەوڵی سرینەوەی شوناسی نەتەوەیی و دیمۆگرافی کوردیان داوە، بەدیماگوگیەت و عەقلییەتێکی دوگما ڕەفتاریان دەکرد.

ڕاگواستنی بارزانیەکانیش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ باشووری عێراق بەشێك بوو لە پرۆسەی جینوسایدکردنی گەلی کورد کە بە بەرنامەیەکی چڕو توکمە پلانیان بو دارشتبوو. ئەمەش تەنها گواستنەوە نەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵکو زیاتر لە مانا و ڕەهەندێك لە خودەگرێت،

***باکگراوندێکی سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پشت ئەم پروسەیەوە بوو. زانستەکانی مێژووش ئەوەیان بو ئێمە سەلماندووە کە رووداوەکان بە لایەنە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەوە دەخزێنە نێولاپەرەکانی.***

***توێژەر کەسێك بووە لە نێو بنەماڵەی ڕاگوێزراوە بارزانییەکاندا و تەمەنی ژیانی لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکاندا بەسەر بردووە، زیاتر هەستی بە ئازاو مەینەتیەکان کردووە، ئەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆیەی کە لە نێوان توێژەرو بابەتەکەدا هەیە هۆکارێکە بۆ دەولەمەندکردن و سەرخستی ناوەروکی توێژینەوەکە. کاتێ توێژەر درك دەکات کەلێنێك لەم بوارەدا هەیە و رۆژهەلاتناسان و مێژوونووسان بەخواست و ئیرادەی خۆیان مێژووی ئێمە دەنووسنەوە و چەواشەدەکەن، رووداو گەلێکی گرنگ بە پێچەوانە توماردەکرێن. بویە توێژەر دوور لە ئایدۆلۆژیەت و هزری ناسیونالیزم لوژیکیانە و ئەکادیمیانە شروڤەی بابەتەکانی کردووە و ئەمانەتی زانستی تێدا پاراستووە. وەك ئاوێنەیەك قۆناغەکانی ڕاگواستنی بارزانییەکانمان پێ نیشان ئەدات.***

***ناوەروکی پەرتوکەکە لە حەوت بەشی سەرەکی پێکهاتووە بە شێوەیەکی زانستیانە پۆلین کراون و توێژینەوەی تیۆری و پراکتیکی تێدا ئەنجام دراوە، کاتێ ناونیشانی ئەم پەرتوکەمان بەرچاو دەکەوێت چەند پرسیارێکمان لا گەڵالە دەبێت:***

***١- ئایا ڕاگواستن زیاتر مەبەستێکی سیاسی لە دواوەبوو یاخود بو لەناوبردنی ترادیسیونەکانی دەڤەری بارزان بوو؟***

**٢- ئایا ڕاگواستن توانی مورکی نەتەوایەتی لە ناوببات و خاك و ژینگەکەی وێران بکات؟**

**٣- بۆچی رژێم بۆ لاوازکردنی ئینتیمای نیشتیمانی و زمانی دایك پەنای بردووتە بەر ڕاگواستن؟**

**٤- بەعسیەکان تاچەند توانییان سوزی خاك و ولات لە دیدی بارزانییەکان کال بکەنەوە و شوێنی دووەمیان لاخوشەویست بکەن؟**

**٥- ئایا خۆڕاگری بارزانییەکان بووە ئەگەری ناچاربوونیان یان پەشیمان بوونەوەی بەعسیەکان و گەراندنەوەیان بۆ زیدی خویان؟**

**بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی پرسیارەکانی سەرەوە، توێژەر چەند گرێمانەیەك بەرجەستە دەکات و شروڤەیان دەکات هەروەها شێوازی فرە میتۆدی پەیرەو دەکات و پشت بەسەرچاوەگەلێکی زانستی و ئەکادیمی دەبەستێت، ئامانجی توێژینەوە دیارخستنی چەمك و ڕەهەندەکانی ڕاگواستنی بارزانییەکان و بلاوکردنەوەی مەعریفەی سۆسیۆلۆژیایە.**

**ئەم توێژینەوانە لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ نرخ و بەهایان زۆرتردەبێ، چونکە هەر نەتەوەیەك پێویستی بە رووداوەکانی دەبێت، گەرەکە هەوڵ بدەین، ئەوە هەلبسەنگێنین کە ئەمرۆ لە ڕابردووەوە بوی هێناوین، ئەمەش دیارییەکی بەنرخی ئەمرۆیە نەوە پێشکەش بەنەوە دەکات.**

**رەشید خلیل اسعد**

**٢٠٠٩/٧/١**

# تةوةرةى يةكةم

# لايةنى تيؤرى

## بەشی یەکەم:

# ڕەهەندەکانی توێژینەوە.

## باسی یەکەم:

## پرسی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی بەرلەوەی توێژینەوەی لە سەر ئەنجام بدرێت گرفتێکە لەلای توێژەر گەڵاڵە بووە، ئەم گرفتە وادەکات کە توێژەر هانبدات بۆ ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بکات.

گرفتی توێژینەوە بریتیە لە دوودڵی و نادڵنیایی سەبارەت بە کێشە، دیاردە، دامەزراوە، ڕەفتار...هتد، یان دەکرێ بڵێین بوونی تەم ومژ یان لێلی و ناروونییە سەبارەت بەبابەتێکی دیاریکراو.

پرسی ئەم توێژینەوەیەش لەو ڕەهەند و ئاکامە کۆمەلایەتیانە کورت دەبێتەوە کە لە ئەنجامی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق لەسەردەمی بەعسدا سەریان هەڵداوە.

## باسی دووەم:

## گرینگی توێژینەوە

گومانی تێدا نییە هەر توێژینەوەیەك بایەخ و گرینگی تایبەت بەخۆی هەیە و قۆرسایەکی زانستی پێدەبەخشێ، گرینگی ئەم توێژینەوەیەش ئەم خالانە لەخۆدەگرێت:

١.هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بارودۆخی کەسە ڕاگوێزراوەکان و کاریگەرییەکانی ڕاگواستن لەسەر ڕەوتی ژیانیان.

٢. یەکەم جارە بەشێوەیەکی ئەکادیمی توێژینەوە لەسەر ڕەوشی بارزانییە ڕاگوێزراوەکان دەکرێت و لەسەر بنەمای زانستی ڕەهەندە کۆمەلایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان و ژیانیان لە ئۆردوگا زۆرەملییەکان شیدەکریتەوە و دەخرێتە بەر باس و توێژینەوە.

***باسی سێیەم:***

## ئامانجی توێژینەوە

لە پشت هەموو توێژینەوەیەکی زانستی و کۆمەلایەتیدا کۆمەلێك ئامانج هەن کە توێژەر دەیەوێت لە توێژینەوەدا بە دی یان بهێنێت. ئەم توێژینەوەیەش ئامانجی سەرەکی:

١- دەستنیشانکردنی ڕەهەندە کۆمەلایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان و خستنەرووی ئەو گیروگرفتانەی کە کەسە ڕاگوێزراوەکان بە دەستیەوە دەنالێنن. پێشکەشکردنی چەند پێشنیارو ڕاسپاردە بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکانی پرۆسەی ڕاگواستن بەپشت بەستن بەبنچینەی زانستی. لایەنە پەیوەندیدارەکان بجولێنن بۆ ئەوەی هەولی تەواو بدەن بۆ چاککردن و بایەخدان بەڕەوشی ژیانیان و دانان و دارشتنی بەرنامە و پلان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

٢- ناساندن و بەراوردکردنی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان لەگەل پەیماننامەی بەربەندکردنی جینۆساید.

### باسی چوارەم:

## گریمانەکانی توێژینەوە

یەکێك لە هەنگاوە گرینگەکانی توێژینەوەی زانستی، کۆمەڵێك پرسیارە کە مێشکی توێژەری داگیرکردووە، توێژەر بەشێوەیەکی گریمانە دەیانخاتە ڕوو، ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان و ڕاڤەکردنیان. دارشتنی گریمانەش لە توێژینەوەکاندا بایەخی گرینگی هەیە، گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیەش لەم چەند خاڵانەی خوارەوە کۆدەکرێنەوە:

١. پاش ڕاگواستن و لە ئۆردوگا زۆرەملییەکاندا بەها کۆمەلایەتیەکان، داب و نەریت، کۆلتوور، ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

٢. ڕاگویزراوان لەئەنجامی ڕاگواستن وگۆڕینی شوین و کەش و هەوا دووچاری نەخۆشی و لەناوچوون بوون لە ئۆردوگاکاندا.

٣. تاکی ڕاگوێزاراو لەکەسێکی بەرهەمهێنەرەوە، گۆڕا بۆ کەسێکی بەکاربەر.

٤. کەسە ڕاگوێزراوەکان نەیانتوانی بخوێنن و درێژە بەخوێندن بدەن.

٥. ڕاگواستن بووە هۆی تێکدان و شێواندنی دیمۆگرافی.

٦. لەئەنجامی ڕاگواستندا ژێرخانی ئابووری دەڤەری بارزان لەبەریەك هەڵوەشایەوە و زەرەرو زیانی زۆری بەرکەوت.

### باسی پێنجەم:

## میتۆدی توێژینەوە

ئاشکرایە لە توێژینەوە مەیدانیەکاندا لە سەر توێژەر پێویستە ئەو میتۆدە (Method) زانستیانە بەکاربهێنێت کە دەکرێ لەمیانەوە ئەو ئامانجانە بپێکی کە باسەکە بۆی دەچێت، هەر توێژینەوەیەك دەشێ زیاتر لەرێبازێکی توێژینەوەی تیدا بخرێتەکار، ئاوێتەکرنی ڕێبازەکان، بەکارهێنانی زێتر لەیەك ڕێباز لە توێژینەوەدا ئەویش بۆکاملٚترکردن و بەسەر داشکانە. ڕێبازەکانی توێژینەوە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لەو روەوە ئاساییە لەیەك توێژینەوەدا چەندین ڕێباز بەکاربهێنرێت.(١)

سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکانیش دیاردەیەکی ئالۆزە، بۆ لێکدانەوە و راڤەکردن و تێگەیشتنی پێویستیمان بەزیاد لە میتۆدێکی شیکردنەوە هەیە.

ئەو توێژینەوەش پشتی بە کۆمەلٚێك میتۆد بەستووە. میتۆدی مێژوویی (Historical method) لەم میتۆدە ئەو هۆکارە مێژوویانە خراونەتە روو کە کاریگەریان هەبووە لەسەر ڕاگوێزراوەکان و گەشەکردنیان لە واقعی کۆمەلاٚیەتی و پەیوەست بوونیان بە ئاسەوارەکانی سیاسەتی ڕاگواستن بە ڕابردوویەکەیەوە. ڕەهەندە کۆمەلاٚیەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا پێویست بەوە دەکات بگەرێینەوە دواوە و تیشك بخەینە سەر ماوە و کاتی کارەساتەکە.

میتۆدی بەراوردکاری (comparative method) بریتیە لەو رێبازەی کە توێژەر لە رێگایەوە دەتوانێت سیمای گشتی دیاردەیەکی بۆ دەربکەوێت جا چ لەڕابردوو، یاخود لە کاتی ئێستا یان لە داهاتودا بێت

ئەمەش لە ڕێگەی دیاریکردنی خاڵی جیاواز و لێکچووەکانی نێوان دوو دیاردە، یاخود دوو کۆمەڵ، زانینی پلەی پێشکەوتن و یان دواکەوتنیان.[٢] هەنگاوە زانستیەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەش وا دەخوازێت ڕەوتی مێژوویی سیاسەتی ڕاگواستن بخرێتە ڕوو، لێکدانەوە و هەلسەنگاندن بۆ هۆکارو ئەنجامەکانی و بەراوردکردنی نێوان قۆناغی پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن لە چوارچێوەی ماوەی بابەتی توێژینەوەکە ئەنجام بدرێت، بۆیە میتۆدی بەراوردکاری لە زۆر شوێندا بەکارهاتووە.

میتۆدی ئاماری (Statistical method) بەکار هاتووە، توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگای بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە، هەڵدەستن بە گۆڕینی ئەنجامی دیراسەکانیان بۆ ژمارەی ڕێکخراو لە ناو خشتەکاندا، یاخود زۆر لە ئەنجامەکان بەشێوەی وێنە بەیانیەکان دەردەبڕن. بەشێوەیەکی دی ئەم ڕێبازە بریتیە لە گۆڕینی دیاردەکان لە چۆنی بۆ بڕی کە لە شێوەی هێماو ژمارەی دانراو دیاری دەکرێن. لە ڕێبازی ئاماریدا توێژەر هەوڵدەدات کەرەستە ئامارییەکان وەکو (وێنەو بەیانات و خشتە و هاوکێشە بیرکارییەکان) بۆ دیاری کردنی بەهاو دیاردەو پەیوەندیە دیاریکراوەکان بەکاربهێنێت، هەروەها هەڵدەستێت بە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیان، بە جۆرێك یارمەتی تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە بدات.[٣] هەروەها میتۆدی ( وەسفی) لە هەندێ بەشدا بەکارهاتووە.

# سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١. موسلح ئیروانی، ئیسلام و ناسیونالیزم لە کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٣، ل٨٣.
٢.چنار سەعد عەبدوللا، کاریگەری باری سیاسی لە سەرگەشەکرنی هۆشیاری نەتەوەی کورد دوای ڕاپەرینی ١٩٩١، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥ ، ل١٩٩.
٣.ه.س.پ. هەمان لاپەرە.

## بەشی دووەم:

## چەمکەکانی توێژینەوە.

بەر لەوەی بچینە سەر ڕاڤەکردنی چەمکەکانی توێژینەوە بە پێویستمان زانی تیشکێك بخەینە سەر شوێنی جیۆگرافی ناوچەی بارزان و گوندو پێکهاتەی دەڤەری بارزان.

## باسی یەکەم:

## جیۆگرافیای ناوچەی بارزان

ناوچەی بارزان دەکەوێتە باشووری کوردستان لە چوارچێوەی سنووری بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای هەولێر. مەڵبەندی ناوچەکە قەزای مێرگەسۆرە. کە بەسەر(٥) پێنج ناحیەدا دابەشکراوە کە ئەمانەن؛ (بارزان، شێروان مەزن، پیران، مەزنێ، گۆڕەتوو).

بە پێی دوا سەرژمێری[1] (ئەم سەرژمێرییە تەنیا ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە ئێستا نیشتەجێن لە دەڤەری بارزان) ژمارەی گوندەکان و گوندە ئاوەدانکراوەکان و ژمارەی دانیشتوان و دابەشبوونیان بە پێ ڕەگەز بەم شێوەیەیە:

قەزای مێرگەسۆر (٢٥٤) دوو سەدوو پەنجاو چوار گوند لە خۆ دەگرێت. ژمارەی دانیشتوانی (٤٦٧٩٢) چل و شەش هەزارو حەوت سەدوو نووەدو دوو کەسە ژمارەی سەرخیزنی (١٠٦٠٧) دە هەزارو شەش سەدوو حەفت سەرخێزانە.

کە ڕێژەی (٤٩.٧٥ ٪) لە ڕەگەزی نێرن و ڕێژەی (٥٠.٢٥٪) لە ڕەگەزی مێینەن.

**ناحیەی بارزان؛ لە ٥٠ پەنجا گوند پێکهاتووە، ٣٤ سی و چوار گوندی ئاوەدانەو ١٦ شازدە گوندی ئاوەدان نەکراوەتەوە.**

**ناحیەی شێروان مەزن؛ لە ٧٠ حەفتا گوند پێکهاتووە، تەنیا ١٩ نوزدە گوند ئاوەدانەو ٥١ پەنجاو یەك گوندی ئاوەدان نەکراوەتەوە.**

**ناحیەی پیران؛ لە ٥٣ پەنجاوسێ گوند پێکهاتووە، تەنیا ٤٠ چل گوندی ئاوەدانەو ١٣ سیانزە گوندی ئاوەدان نەکراوەتەوە.**

**ناحیەی مەزنێ؛ لە ٣١ سی و یەك گوند پێکهاتووە، ٢٩ بیست و نوو گوندی ئاوەدانەو ٢ دوو گوندی ئاوەدان نەکراوەتەوە.**

**ناحیەی گۆرەتوو؛ لە ٥٠ پەنجا گوند پێکهاتووەو گشتیان ئاوەدانن.**

**سنووری بارزان لە باشووری خۆرهەڵات قەزای سۆرانە، لە خۆرئاوای قەزای ئامێدییە، لە باشوورەوە ئاکرێ و لە باکووریشەوە سنووری تورکیایە.(٢)**

**چەند چیایەك دەڤەری بارزانی لەئامێز گرتووە گرینگترینیان ئەمانەن؛ "شیرین، پیران، قەلەندەر، برادوست، بوتین، زەردەنەو کوڕێ هۆرێ(٣) چیای شیرین کەبەسەر بارزان دەڕوانێ و دەکەوێتە پشت گوندی بارزان، کە بەرزیەکەی (٢٧٤٩) مەترە لەرووی ئاستی دەریاوە، چیای پیرس دەکەوێتە باشووری ناوچەی بارزان، چیایەکە پڕە لە لێرەوار لەرووی دەریاوە (١٧٦٢)م بەرزە لەبناری ئەم چیایە گوندی سەفتێ و چەند گوندێکی تری (نزار)لە خۆدەگرێت، چیای برادۆست دەکەوێتە پشت گوندی گۆڕەتوو (٢٠٧٥)م بەرزە لە رووی ئاستی دەریاوە، هەرچی چیایەکانی ترە وەك چیای پیران دەکەوێتە بەرامبەر**

قەزای مێرگەسۆر چیای هەڵبت بەرامبەر گوندی کانیـەلنجان و چـیای قەلەنـدەر دەکەوێتـە پشـت گونـدی شـیتنە و چـیای هـۆرێ دەکەوێتـە پێش چیای شیرین.[٤]

بـارزان ناوچـەیەکی شـاخاوی و سـەختە، لـە رۆژئـاواوە روبـاری (زێ)ی گــەورە[٥]دەیبڕێــت و بــە باشــووری بــارزان دا دەروات تــا لــە "گــەلی بێخمە"دا تێدەپەرێت و لە باشووری موصل دا لە گەل روباری"دیجلە" یەکدەگرنەوە.

لـە باکووریشـەوە رۆبـاری "رووکوچـك"[٦]دەیبڕێـت و بـە ناوەراسـتیدا دەروات و لــە نزیــك گونــدی "رێــزان" لــە گــەل زێــی گــەورە یــەك دەگرنەوە.[٧]دارو درەختی زۆر، سروشتی دەڤەری بارزانی رازاندوتـەوە، هەندێك لـە دارەکـان سـوود بەخشـن و بەرهەمـدارن، خـەڵکی دەڤـەری بارزان سوودی لێ دەبینن وەك؛ "بەڕۆ، مـازی، قـەزوان، گـڕك، گویشـك، بی...هتد". بڕوانە نەخشەی ژمارە (١).



**نەخشەی ژمارە (١)**

**پێگەی ناوچەی بارزان لەسەر نەخشەی عێراق.**

**سەرچاوە: مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد(١٩٥٨-١٩٦١). سەید ناکام وەریگێراوە،چاپی یەکەم بەکوردی، چاپخانەی خەبات، دهوك،١٩٩٨.**

### - گوندو پێکهاتەی دەڤەری بارزان:

وەك زانراوە بارزان لە یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەی ژمارەیەك عەشیرەت و هۆزی هاوپەیمانە؛ هۆزی (بەرۆژی)؛ هۆزی (نزاری)؛ عەشیرەتی (شێروانی)؛ عەشیرەتی (دوڵەمەڕی)؛ عەشیرەتی (مزۆری)؛ عەشیرەتی (گەردی)؛ عەشیرەتی (هەرکی بنەجێ). ئەوان خۆیان لە سەر بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەربازی ڕێکخستووە.[٨]




هێڵکاری (ب) پێکهاتەی دەڤەری بارزان.

١. تیرەی بەرۆژی:[٩] تیرەی بەرۆژ لە دەوروپشتی بارزاندا جێنیشتەن، گوندەکانی لە دەوروبەری گوندی بارزانن و ئەم گوندانەش لە خۆدەگرێت (بارزان، بلێ، بازێ، باڵندا، سەڤرە، ئاليان، رەزیان، هەمدلا، هەڤندکا، ببانا، هەسنێ، هۆستان، هەسنەکا، رێشە، ئاستە، سالوکا-فقیران-، گەلاڤا).

٢. تیرەی نزاری: سنووری ئەم تیرەیە لە باکوور زێی گەورەیە، لە باشوور چیای پیرسە، ئەم گوندانە لە خۆدەگرێت (زۆرەگڤان، دەربوتکێ، سەفتێ، سەرکەڤر، ناڤدارا، ئیسومەڕا، شرێ، ئالکا، ئیروان، توریشکێ، ساکا، بیکرێس، هەربۆ، ملانێ، زێوە، دیناڤا، مەندی، سرێشمە...).

٣. عەشیرەتی شێروانی: لەم گوندانە پێکدێت (رێزان، پیرەساڵ، شکەفتێ، شانەدەر، سۆڕانکێ، فەقیان، ئاڤدەلان، سۆرانی ژوورو، کانیەدان، شیڤەدزێ، سەکویێ، دێریشکێ، دۆرێ، لێرەبیر، زنگورە، کانیەدێر، بێدارۆن، زرارا، کوران، گولانۆك، بانێ، کورکێ، ژاژوك، گۆڕەتوو، بنێ بیا، بێسترێ، گویسکێ، لەشکریا، شێخ سیدا، مێرگەسۆر، سپیندارا، ماڵەسوار، کانیالنجا، چەمێ، بێشون، بەردەرێ، بێدود، پیران، بابکێ، سەرۆکانی، مەڕانێ، مەسەن، کاڤلان، بێدیاڵ، کانی بۆت، راوەشان، بیێ، بێخشاش، تاتکێ، خالونە، سورگێر، گڕدکاڵ، سەردەریا، شێروان مەزن، کانیاتا، کوڵەکا، کرکەموو، دودەمەڕا، لێری، زرکێتە، بێرسیاڤ ، مامیسکێ، ڤاژیێ، کەکلە، مەمولان، خێرەزوك، کەلۆك، هەلون، هەزیر، مەران، ئیسومەرا، مەیدان، ئینەمسید، بەنوك، کاولەباس، زەرگەتە، ناودەشت، ملەسترێ، گورەکروسك،

گۆرابـۆزا، سوســناوە، بنــی سەرچــەل، هلانیــا، بیشــون، نــەرمێ، مارماروك،چمەكژین، كولیتان، بندەر، تەلگیرە، كروژیا، سانە).

٤. عەشیرەتی دولەمەڕی: سنووری ئـەم تیرەیـە لـە (سارداو) تـا گونـدی (باوە) یە، ئەم گوندانە لە خۆدەگرێت (خەردن ، لێلوك، نـاف مێرگـا، بۆكران، خەلان، ئەشكەفتوان، گۆڕە، شیتنە، سـەدەر، بـاوە، خۆشـكان، گۆڕاگـۆم (ئـازادی)، شـێخان ، شێخاناپشـت قەڵەنـدەر، بێبێـل، خـەڕا، شێروكیان، كونەمار، مەزنێ، سارداڤ، كەڤنەگونـد، دێرانـا، خیشـكەل، ئیسڤەیل، فەقیانێ، موسەكاوە، بێدولێ، لێرسماق، مێوكێ...).

٥. عەشیرەتی مزۆری: عەشیرەتی مزۆری پێكدێت لە مزوری وڵات ژۆری وڵات ژێری.

أ- وڵات ژێری: پێكدێت لە (داویدكا، تێل، شـنگێل، شـیفكێ، هـەلێن، بێكـۆل، بابسـێفا، ئاڤـەدۆر، هیـزان، ئـەردێل، سـیدان، ماسـەكا، بێكرۆب).

ب- وڵات ژۆری: پێكـدێت لــە (سـێلكێ، سـتۆپی، گـوێزێ، ئیـدلبی، پێنــدرو، موكــا، نــاف كركــا، دێــزو، سـپیندارا، پــالان، كــوڕان، گوزائاســتەنگێ، مـیرۆز، نافچـەلا، بوسـێ، تـوێ، شـیڤێ، بـەنان، بژیان، رەوین، سلورێ، سۆمێ، بـەزینا، سـینا، بنـاڤی، ئـەرگۆش، ماوەتا، گلانە...).

٦. عەشیرەتی گەردی: پێكدێت لە (زێت، زەرگەتە، هۆپـە، بێـرۆخ، سەرۆكانی، نهاڤە، موسەكا، ئیسیان، زەرن، گرانـە، زرێ، ئینـەدار، هەركەشـك، كـەلێت، بێسـكا، بێكـور، شـەڕوین، روبـارك، درڤانـا،

مەڕان، ماوان، دەریاسۆر، بێگژن، شاناشا، چەما، هەرون، شەپەتا، بێسوسن، بەڤاڤوك، بارڤی، سون، دێرکی، کەتینە، هەرمێ، بازگیرا، گیمەدا، گوستە، شیوان، بەلوتیا، بێگالتە، رەوا، کەڤنەگوند، زەرون، چیکی، بن هەواس، بن چەنێ، نانی، بێچەنێ، زێتە کون، بێ کەفر، برکە، چیمەلوك، ماسی کون، چەماسیدا، دوێن...).

٧. تیرەی هەرکی بنەجێ : لەم گوندانە پێکدێت (باسیا، ڤەردەوێل، درێ، ستونێ، گیاژێر، گیاژۆر، نافچەلا، هەرکێ، بێداو) ئەم گوندانە لەسەر خاکی کوردستانی باشوورن، ئەوانەی تر لە سەرخاکی کوردستانی باکوورن کە ئەمانەن (کێلگا، بێگالتە، بێزەلێ، نفائیلا، دێرابانێ، شکەوتیا، ساتێ، بایێ، شیوێ، دێ، هەرزێ، بێگوزا، دینارتە، بمبو، بێمتور، سورنس، دێرا، سالارا...).

بروانە نەخشەی ژمارە(٢).




**نەخشەی ژمارە (٢) سەرتاسەری قەزای مێرگەسۆر(دەڤەری بارزان).**

سەرچاوە: لە ئەرشیفی ڕێکخراوی ڤەژین.

**باسی دووەم:**

## ڕاگواستن

لە زمانی کوردیدا ڕاگواستن لە بەرامبەر زاراوەی ئینگلیزی (deportation) دێت، کەلە بنەڕەتدا لە زاراوەی (deportatio)ی ڕۆمانی وەرگیراوە. ئەمەی دواییان شێوەیەکی سزادان بوو، جۆری سزاکەش نەفیکردن یاخود تاراوگە "سرگۆن" بوو، ئەو کەسەی حوکمی ( deportation) ی بەسەردا بدرایە مافی هاولاتیبوونی لێ دەسەندرایەوە.[10]

ڕاگواستن (گواستنەوەی جیۆگرافی یا شوێن گۆڕینی بە زۆر دەگەیەنێ لە ڕێی بەکارهێنانی تۆقاندن و پاڵەپەستۆخستنە سەرو هێز بەکارهێنانەوە، کەگۆڕینێکی هەمیشەیی لەجێی نیشتەجێبوون و ماڵی ئاسایی لە یەکەیەکی جیوگرافی بۆ یەکەیەکی جیۆگرافی تر لەخۆدەگرێت).[11]

دەکرێ لە ڕاگواستن دوو جۆر دەست نیشان بکەین:

**یەکەمیان: ڕاگواستنی ئارەزومەندانە**

کارلێکردنی نێوان مرۆڤ و زەوییە بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە زەوی رەنێوبهێنن و بەرزترین ئاستی گوزەرانی دابین بکەن، کۆکردنەوەی ئەو گوندو لادێیانە بەمەبەستی ئابووری کۆمەڵایەتی و شارستانییە. چەند فاکتەرێك لەم جۆرە ڕاگواستنەدا رۆڵی خۆیان دەگێرن:

١. دەبێ گوندنشینەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی پەرەپێدانی لادێ دا بگێڕێن.

٢.دەبێ دەست تێوەردانی حکومەت لەسەر داخوازی خەڵك بێ، نەك بەپێچەوانە.

٣.دەبێ تۆخمە بنچینەییەکانی پەرەپێدان هی هەمان ناوچەبن.(١٢)

٤.ڕەگەزەکانی ئەم کارە لە گەل بارودۆخی شارستانی و مەعنەوی گوندنشینەکان بگونجێت.(١٣)

**دووەمیان: ڕاگواستنی زۆرەملێ (ناچاری)**

رژێمە داگیرکەرو کۆلۆنیالیست و زەوتکارەکانی مافی مرۆڤایەتی دژی گەلانی رزگاریخواز بە کاردێنن.(١٤) لەم جۆرە ڕاگواستنەدا یاخود کۆچەدا لایەنێکی بڕیاردەر هەیە کەلەم سەردەمەی ئێمەدا حکومەت یان دەولەتە.

حکومەت بەمەبەستێکی سیاسی، گەشەپێکردنی ئابووری و کولتووری و...هتد بڕیاری گواستنەوەی کۆمەڵە خەڵکێك لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی دیکە دەدات، کۆچپێکراوەکان هیچ ویستیان لەم کۆچەدا نیە، بەڵکو لەسەروی ویستی ئەوانە(١٥) ئەم جۆرە ڕاگواستنە چەند جۆرە ئامانجێك لە خۆدەگرێت:

١. جیاکردنەوە و دابڕینی هێزە شۆڕشگێرە چەکدارەکان لە خەڵك.
٢. دانیشتوانی ڕاگوێزراو ببێ بەکاربردە، کەلەبنەڕەتدا بەرهەمهێنەربووە.

**٣. دووبــارە دابــەش کردنــەوەی دانیشــتوانی دەوڵەتەکــە، بــەپێی هەنــدێ پێوانەی تایبەتی.[١٦]**

**ڕاگواستنی لادێنشینەکانی کوردستان لە عێراق لەسـەردەمی بەعسدا لـە سـالّی ١٩٧٥ بــە دواوە دیــارترین نموونــەی ئــەم جــۆرە ڕاگواســتنە زۆرەملێیەن. کە لە دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول رژێمی بەعس هەڵمەتی ڕاگواسـتنی گوندنشـینەکانی بـۆ ناوەراسـت و خـوارووی عێـراق و نزیـك شارە گەورەکان دەست پێکرد. کەئەمەش بە دوو قۆناغ بوو:[١٧]**

**قۆناغی یەکەم: ئەوکەسایەتی و خانەوادانەی کـە دوای شکسـت پێهێنـانی شۆڕشی بەرگری و لە ئاوارەیی و پەناهێندەیی لە ئێران گەرابوونـەوە،[١٨] هــەروەها ئــەوانیش کــەبۆنی ئــەوەیان لێــدەکرا رۆڵــی بەرچــاویان لــە شورەشەکەدا هەبووبێت یان بەوە گومانباردەکران.**

**قۆناغی دووەم: ڕاگواستنی هەرەمی و گشتی بوو بەبێ جیـاوازی، ئـەوەبو لەسـالّی ١٩٧٦ داو لـەژێر نـاوی (نیشتەجێکردنەوە) و بەرەزامەنـدی شـای ئێران نەخشەی ڕاگواستن و چۆڵکردن و وێرانکردنـی گونـدو دێهاتـەکانی کوردستان بە پانتایی (٥-١٠) میـل و بـە درێـژایی سـنووری عێـراق-ئێـران جێبەجێکرا. بە پێی خـودی رۆژنامـەی (الثـورة)ی حزبـی بـەعس تـەنیا لەنێوان دوو مـانگی هـاوینی ١٩٧٨ دا حکومـەتی عێـراق (٢٨٠٠٠) بیسـت و هەشــت هــەزار خێزانــی گوندنشــینی، کــەژمارەیان گەیشــتە (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار کەسی ناوچە سنوورییەکانی ڕاگوێزراوە.[١٩]**

**(جوناساد ڕاندل) دەنووسێت: (...هەربۆ ماوەیەکی کورت دەوڵەتی عێراق بۆ درووستکردنی پشتێنەی ئەمنی بۆ ئەوەی پەیوەندی کوردەکانی نـاوە**

و لە دەرەوە نەهێلت، (١٥٠٠) هەزاروپێنج سەد لادێی كوردی وێران كرد، لەو شوێنانە كەبەناوچەی پارێزراوی دادەنا خانوەكانیان لێ ڕۆخاندو بەروبووم و خاكە كشتوكاڵییەكانیان لەناوبردن، ئاو وكانیاوەكان كە سەرچاوەی سەرەكی ژیانی لادێنشینان بوو لێ وشك كردن، بەم جۆرە سوپای عێراقی(٧٥٠٠٠٠) حەفت سەدوپەنجا هەزار دانیشتووانی ئەو لادێیانەیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەكانی نزیك شارەگەورەكان گواستنەوە)[٢٠] جگە لەمە سزا بەسەر شاروچكەو ناوچەكانیش دەسەپێنرا بەداگرتنی پلەكانیان بەگۆڕینیان لە مەڵبەندی جێنشینەوە بۆ مەڵبەندی ناوچەنشین و مەڵبەندی گوند، لە پاڵ ڕۆخانی نزیكەی (٤٥٠٠) چوار هەزار و پێنج سەد گوندو مەڵبەندی جێنشین و ناوچەنشین لە كوردستان، ئەوەی مایەوە یان پلەیان دابەزێنرا یان هەڵوەشاندرایەوە، بۆ نموونە بڕیاردرا مەڵبەندی جێنشینی ڕەواندز بگۆڕدرێ بۆ گوندێكی سەر بەجێنشینی الصدیق... هەروەها ناوچەداریەتی بارزان سەربە پارێزگای هەولێر هەڵوەشاندرایەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش ژمارە(٦٤٨)لە ١٩٧٧/٦/١.[٢١]

ڕاگواستنی كوردەكان ئامانجێكی ڕژێمی بەعس بوو، هەروەها كۆڵەگەیەكە لە كۆڵەگەكانی كورد قڕان و سڕینەوەی نەژادی كورد، ئەگەر لە ڕاگواستندا ڕاستەوخۆ مرۆڤەكان نەدەكوژران، شوێنبزر نەدەكران وەك ئەنفال و كیمیاباران، ئەوا ڕاگواستن زەمینە خۆشكەرێكی سەرەكی كورد قڕان بوو. بە هۆی ڕاگواستنەوە بوو كە تاكە هیوای بەعس لە كۆنترۆڵكردن و بەرزەفتەكردنی كوردان دەهاتەدی، بۆیەش

ڕاگواستن دەسکەوتێکی زۆر گەورەتربوو بۆ بەعس.[22] ڕاگواستن لە کوردستاندا چەند شێوازێکی وەرگرت:

١. ڕاگواستنی ناوچە تەوەرە ستراتیژیەکان.
٢. ڕاگواستنی ناوچە نەوتیەکان.
٣. ڕاگواستنی ناوچەکانی سەرسنوور (بڕوانە نەخشەی ژمارە-٣-)
٤. ڕاگواستن بەبیانووی بەرگریکردنی کوردستان.
٥. ڕاگواستن بەبیانووی جەنگی عێراق - ئێران.
٦. ڕاگواستن بە هۆی ترەوە.

ئەم هەموو شێوازە ڕاگواستنە لە کوردستان لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا پەیرەو کراون و ڕەنگیان داوەتەوە. ئەگەر بمانەوێ ڕاڤەیەکی سۆسیۆلوژیانەی تیرو تەسەلی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد بکەین لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا ئەوا کارێکی ئاسان نییە، چونکە ڕاگواستن سیاسەتێکی فرە ڕەهەند بوو هەربۆیەش زێتر لە چاوێکی پێویستە بۆخوێندنەوەی، دەکرێ خوێندنەوە گەلێکی بۆ بکرێت و ڕاگواستن چەند بەمەبەستێکی سیاسی ئەنجامدراوە هیندەش مەبەستی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کۆلتووری، پەروەردەیی...هتد لە پشتەوە بوون.[23]

زۆربەی توێژەران و باسکاران قۆناغەکانی ڕاگواستنی کورد لە کوردستاندا لە سەردەمی بەعسدا دەستنیشانیان کردووە، وای بۆدەچم کە گرنگترینیان پەرتۆکی (ئاکامە کۆمەلایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراقدا لە سەردەمی بەعسدا) یە، کەهی توێژەر

**(مراد حەکیم محەمەد)ە، کەزۆربەی ناوی گوندە ڕاگوێزراوەکان و ناوچە خاپورکراوەکـان و قۆناغـەکانی ڕاگواسـتن و ئاکامـە کۆمەلایەتییـەکانی ڕاگواستن و...هتد دەست نیشانکردووە، قۆناغەکانی ڕاگواسـتنی کـورد لـە عێراق لە سەردەمی بەعسدا بە سەر سێ قۆناغدا دابەشکردووە:**

- **قۆناغی یەکەم لەساڵی ١٩٦٣-١٩٧٤.**
- **قۆناغی دووەم لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٩٠.**
- **قۆناغی سێیەم لە ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٣.**




## نەخشەی ژمارە(٣)

## ناوچە سنوورییە ڕاگوێزراوەکانی پارێزگای هەولێر.

*سەرچاوە:* ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل تەعریب تەبعیس، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکولینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩.

## باسی سێیەم:

### ئۆردوگا زۆرەملێیەکان

پاش سازکردنی چەند کۆنگرەیەکی کشتوکاڵی لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی عێراق کە تیایدا پلانی ڕاگواستنی گوندنشینەکانی خستە ناوچوارچێوەیەکی زانستیەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەوپلانەی کەپێیان دەگۆت چاکسازی کشتوکاڵی(اصلاح الزراعي)لە ژێر ئەم پلانەدا حکومەتی عێراق سەرەتا سەدەها گوندی بەناوی (هاوچەرخ)و (زانستی) و (سوشیالستی) لە سەرانسەری عێراقدا درووستکرد. لە چوارچێوەی ئەم پلانەدا چەندەها گوند لە باکوور و ناوەراست و باشووری عێراقدا لە جێگەیاندا ئۆردوگای زۆرەملێ درووستکران.[٢٤]

مەبەستیش لە درووستکردنی ئەم ئۆردوگایانە کۆکردنەوەی لادێنشینەکان و کۆنترۆڵکردنی دانیشتوانی بوو. بە بیانووی گەشەپێدان و گرینگیدان بەژیانی لادێنشینەکان و دووبارە نیشتەجێکردنەوەی دانیشتوانی گوندنشینی بە شێوەیەکی زانستی و شارستانی و دابینکردنی خزمەتگۆزاری و گرینگیدان بە ڕەوشی تەندروستی و پەروەردەیی ئەم مودێلە ئۆردوگایە زۆرەملێیەیان درووستکرد. لادێنشینەکانی کوردستان و هەندێك لە شارنشینەکانیش ڕاگوێزران بۆ ئەم ئۆردوگایانەو ناوچە ڕەسەنەکانیشیان وێران کران و سەرچاوە و کانیاوەکانیان بە(TNT) تەقاندەوە و بەروبووم و بەرهەمەکشتۆکالیەکانیان لە ناوبردو سیاسەتی خاك سۆتاندنیشیان پەیرەوکرد، بەناوچە قەدەغەکراوەکانیش لە قەڵەم

دران، رووبـەرێکی زۆری کوردسـتان لـە مـرۆڤ و ئـاژەڵ دامـاڵراو و ئـەم ناوچانە لە هەموو چالاکی و جمۆجۆڵی کشتوکاڵی و ئابووری وەستێنران، دانیشـتووانی بـەزۆر ڕاگـوێزران بـۆ ئـەم ئۆردوگایانـە کـە خـراپترین و بێکـەڵکترین شـوینی سـەر رووی ئـەم زەمینـە بـوون، کـە بەتـەواوی پێچـەوانەی پێکهاتـەی سروشـتی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و کولتـوری شێوازی ژیـانی لادێنشینەکانی کوردسـتان بـوو. پـاش ئـەوەی بەدرێـژایی زیدەترلە (١٠) میـل دانیشـتوانی سەرسنوور ڕاگوێزران لـە ساڵی ١٩٧٥بـە دواوە زۆربەی هەرە زۆریان بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق لە دیوانیـەو دەوروبـەری نیشـتەجێکران، بـۆ نموونـە؛ لـە سـاڵی ١٩٧٥ نزیکـەی ١٥٠ سەدوپەنجا گوندی ناوچەی بارزان و بادینـانیش ڕاگوێزران بـە هـەزاران ژن و مندال و پیرو پەککەوتە لەسەر پشتی لوری سەربازی شـەتەك دران و بەرەو مەنفایەکی وشك و خۆلاوی لە پارێزگـای دیوانییـەی خـوارەوەی عێـراق راپێچـکران.[٢٥] ڕاگواسـتنی خەڵکەکـە بـەزۆر بـۆ ئۆردوگـا زۆرەملێیەکان و ناچارکردنیان بۆ ژیان و گۆزەرانێکی دیکەی زۆر جیاواز لە ژیان و گۆزەرانی ئاسایی و سروشتی خۆیان، ئەتوانم بلێم گوێزرانـەوە بـۆ بەندیخانەیـەکی گـەورە، کـە بـۆ ئۆردوگا زۆرەملێیـەکان بـوو. لەوێـدا ڕۆبەرووی بـارێکی جەسـتەیی و سـایکۆلوژی زۆر نالـەبار و ئاڵۆزبوونـەوە رژێمی بەعس بەهۆی رمۆزەکانیـەوە، کەوتـە تێکـدانی ڕایـەڵی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی و درووستکردنی ناکۆکی و نانەوەی ئاژاوە و شەڕ بە هـەموو شێوەیەك بە شێواندن و تێکدانی شیرازەی ئـەخلاقی و بـێ بایـەخکردنی بەها پیرۆزەکان و سۆکایەتی بەکۆلتووری کوردایەتی.[٢٦]

له نێوان ساڵانی ١٩٧٣ تاکو ١٩٧٧ دا دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی عێراق (٦) شەش کۆنگرەی کشتوکاڵی سازکرد بەمەبەستی چەسپاندنی بیرۆکەی دروستکردنی کۆمەڵگا(مجمعات). کۆنگرە کشتوکاڵیەکان لە ژێر ئەم ناونیشانە بوون:[٢٧]

- ✓ . کۆنگرەی کشتوکاڵی دووەم لە ١٩٧٣/٣/٢٥ دا بەسترا لەژێر ناونیشانی:

(ڕێبازی زانستی دەگرینە بەر بۆ زیادکرنی بەرهەمی کشتوکاڵی و دروستکردنی گوندی سوشیالیستی).

- ✓ . کۆنگرەی کشتوکاڵی سێیەم لە مانگی ١٢ی ١٩٧٤ بەسترا لەژێر ناونیشانی:

(دروستکردنی کۆمەڵگای سەربەخۆ دەبێتە هۆی ڕێکوپێکردنی بواری ڕێکخستن و بەرهەمهێنان).

- ✓ . کۆنگرەی کشتوکاڵی چوارەم لەمانگی ٢ی ١٩٧٥ بەسترا لە ژێر ناونیشانی:

(لە ڕێگەی دروستکردنی گوندی سوشیالیستی ئاستی زانیاری و تەکنۆلۆژی بەرزدەکەینەوە).

- ✓ . کۆنگرەی کشتوکاڵی پێنجەم لە ٢/٢٥ تاکو ١٩٧٦/٧/٦ درێژەی خایاند لە ژێرناونیشانی:

(بەرەو زیادکردنی ڕادەی بەرهەمهێنان و دروستکردنی گوندی سوشیالیستی).

✓ . کۆنگرەی کشتوکاڵی شەشەم لە مانگی ١٢ی ١٩٧٦ دا بەسترا لە ژێر ناونیشانی:

(بە بەهێزکردنی بیروڕای زانستی و شۆڕشگێرانە گوندی هاوچەرخ درووست دەکەین).

✓ . کۆنگرەی کشتوکاڵی حەفتەم لە ٩/٢٩ تاکو ١٩٧٧/١٠/٢ درێژەی کێشا، لە ژێر ناونیشانی:

(لە ڕێگەی پلانی زانستیەوە ڕادەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەزردەکەینەوە).

ئەگەر سەرەنجی ئەم هەموو کۆنگرە کشۆکاڵیانە بدەین دەبینین جەخت دەکەنە سەر کۆکردنەوەی چەند گوندێکی دوور لەیەک نیشتەجێکردنیان لەو کۆمەڵگایانەدا بەناوی کۆمەڵگای هاوچەرخ کە هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەك و پلانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەییان بەشێویەکی هاوچەرخ و زانستی بۆ دابین دەکرێ، هەوڵدەدەن بایەخ بە بەرهەم و کارە کشتوکاڵیەکانیان بدرێت بە ئامێری پێشکەوتووی کشتوکاڵی بەکاربهێنرێ، بەڵام ئەمانە هەمووی تەنیا ڕاگەیاندنێکی رۆکەشی بوون، دووربون لەو پێشنیار و پرنسیپە کشۆکالیانە، بەڵکو بەتەواوی پێچەوانە بوو، ئەم کۆمەڵگایانە لایەنی خزمەتگوزاریان تێدا بەدی نەدەکرا، بەڵکو بەتەواوی لە شێوەی بەندیخانە و سەربازگە دەچوون، هیچ جۆرە مەرج و پلانێکی زانستیان تێدانەبوو.

**یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم بیرۆکە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییە ئەوەبوو ئازادی و مافە گشتیەکانی کوردان کپ بکرێتەوە لە چەند ناوچەیەکی دابڕاو بخرێتە ناوبازنەی ئابلۆقەی ئابووری و برسێتی، دوایش تێکدان و شێواندنی ڕەوشتی دانیشتوانی ئەم ئۆردوگایانە.(٢٨) لەم ئۆردوگایانەدا مەرجە زانستیەکانی نیشتەجێبوون بە هیچ جۆرێك رەچاونەکراوە، مەبەستی سەرەکی لە دروستکردنی ئۆردوگاکان جگە لە کۆنترۆلکردنی ئۆردوگانشینەکان و دابڕینی دانیشتوانی گوندەکان لە هێزەکانی پێشمەرگە، گۆڕینی خاسیەتی و ستاتوسی گوندنشینەکان لە چینێکی بەرهەمهێنەر بۆ چینێکی مشەخۆر و بەستنی زەمانەتی ئابووریان بە ویستی حکومەتی ناوەندی بەغداوە.(٢٩) لە ڕوانگەی پلانسازیشەوە ئۆردوگاکان لێك جیاواز بوون، هەروەها لەرووی قەبارە و ژمارەی دانیشتوانیش جیاوازیان هەبوو، بگرە لەیەك کاتیشدا لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاوازبوون، خانووەکانی ئۆردوگایە زۆرەملێیەکانی باشووری عێراق، ئەوانەی سالّی ١٩٧٥ بریتی بوون لە دوو هۆبەی بچوك کە پانییان نزیکەی دوومەتر و نیوێك دەبوو، بەلاّم بەرزییان لە دوو مەتر تێپەری نەدەکرد. بەگوتەی شایەدحالّە ڕاگوێزراوەکان لە کاتی چوونە ژوورەوە دەبوایە سەریان نزمبکردایە، لە شێوازی خیمە بوو ناوەراستی بەرزو هەردوو لای نزم بوو وەك سێگوشە وابوون، بروانە وینەی ژمارە (٣) لە پاشکۆ، ئەم شێوازە خانوویانە دیواریان بە قوڕ دروستکرابوو سەری کاریتەو حەسیل بوون، بەهیچ شێوەیەك کسل و چەمەنتۆ و بلوك بەکارنەهێنرابوون، جگە لەمەش**

ناوچـــەیەکی دوور لـــە شـــوێنی ڕەســـەنی خۆیـــان، ناوچـــەیەکی تـــەواو پێچەوانە لە رووی سروشتیەوە، شوێنێکی عەرەبنشین و جیاواز لە رووی زمان، کۆلتوور، مێژوو، ئەدەب، شارستانیەت، داب و نەریت...هتد.

یـــەکێك لـــە شـــایەدحالە ڕاگوێزراوەکـــان بـــەناوی (ئاســـیا تـــەیب عیسـی)[٣٠] دەڵێـت: (ئێمـەیان لـە لادێ و ناوچـەیەکی شـاخاوییەوە بـردە بیابانێك لە باشووری عێراق، ئاوهەوای بەتـەواوی پێچەوانەی ئاوهـەوای لادێیەکەمان بوو، خانووەکان دوو هۆبەی بچوك بـوون، دەبوایـە خۆمـان نزم بکردایەو پاشان چوباینە ژۆرەوە، چونکە زۆر نزم بـوون دەرگـای دار و ئاسـن نـەبوو پەنجـەرەیان شووشـە نـەبوو، بـەتانیمان لـە دەرگـادابوو لایلونمـــان لـــە پەنجەرەکانـــدابوو، ئاوەکـــەش پـــیس بـــوو خـــەڵکێکی زۆردەمردن، بەتایبەتی ئافرەت و مندال بەهۆی ئەو ئـاو وهەوایـە پیسـە گیانیان لە دەستدەدا، وەرزەکان هەموو وەك یەك گـەرماو تـۆزاوی بـوون، بەراستی زیندان بوون! زیندان...!).

هەرچی ئەو بارزانییە ڕاگوێزراوانە بوون کە ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩ ڕاگـوێزران خانووەکانیان جیاوازبوون ئەمانە لە بـەردو و چیمەنتو درووسـتکرابوون سەریان شـێلمان و دار و حەسیلە بـوو ئـەو مودێلـە ئۆردوگایانـەش زیـاتر لەنزیك شارەکان بوون بەتایبەتی لە شارەکانی کوردسـتان، بـەڵام هەرچـی ئۆردوگایـــەکانی ســـاڵی ١٩٨٠ بـــەدوواوەبوون، زۆر جیـــاواز بـــوون ئەمانـــە هەندێك خزمەتگوزاریشیان تێـدابوو قوتابخانـەو نەخوشـخانەیان هـەبوو، خانووەکانیان لە بلوك و چەمەنتۆ درووستکرابوون، سەری خانووەکان بـە

**دارو حەسیلە و شێلمان داپوشرابوو. تەنانەت دیواری حەوشەشیان بۆ درووستکرابوو لەسەر رووبەری (٤٠٠) مەتر زەوی.**

**ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەی لە کوردستان دروستکران بریتی بوون [٣١] لە:**

**أ-ئۆردوگاکانی پارێزگای هەولێر:**

1. **قودس (قۆشتەپە)**
2. **قادسیە (قۆشتەپە)**
3. **حەریر**
4. **دیانا**
5. **بەحرکە**
6. **قۆڵتەپە (سەددام)**
7. **بنەسلاوە**
8. **باسرمە**
9. **دارەتوو**
10. **بەستورە**
11. **گۆڕەتوو**
12. **توپزاوە**
13. **کەسنەزان**
14. **مەلائومەر**
15. **پیرزین**
16. **شاوەیس**
17. **کەلوکوس**

١٨. بەرحۆشتر

١٩. دیگەلە (شۆڕش)

٢٠. کانی قرژاڵە

٢١. هەنجیرە

٢٢. دێبەگە

٢٣. سێبیران

٢٤. شاخۆلان

٢٥. مزوریان

**ب-ئۆردوگاکانی پارێزگای سلێمانی:**

١. ڕاوگان

٢. شانەدەر

٣. عەنەب

٤. نەسر

٥. قەلاچوالان

٦. کارێزە

٧. تاسلوجە

٨. باینجان

٩. سمود

١٠. چوارقورنە

١١. شکارتە

١٢. ژاراوە

١٣. بەستەسێن

١٤. ناوپایز

١٥. برایەتی

١٦. سیروان

١٧. باریکە

١٨. سۆرەقەڵات

١٩. زەرایەن

٢٠. پیرەمەگرۆن

٢١. شۆڕش

٢٢. ئەڵایی

٢٣. حاجی ئاوای خوارو و سەروو.

٢٤. پێمالك

٢٥. تووە سوران

**ج-ئۆردوگایەکانی پارێزگای دهوك:**

١. مانگێشك

٢. بامەڕنێ

٣. سوریك

٤. دەرکار

٥. شاریا

٦. کورێت گاڤانا

٧. بێگوڤا

٨. کانێ
٩. دێرەلوك
١٠. کانی عەرەب
١١. ئاڤرەزیك
١٢. دێرەبین
١٣. چەمکوێرك
١٤. سیرێێ
١٥. خانکێ
١٦. پیرسڤێ
١٧. گرشین
١٨. باتیل
١٩. تلکەبەرێ
٢٠. شێلادزێ
٢١. بالقوس
٢٢. باستك
٢٣. یاوەردێ
٢٤. سەرتەنگ
٢٥. هێزاڤا
٢٦. یامودێ
٢٧. فیشخابوور
٢٨. ئیبراهیم خەلیل

٢٩. باتیڤا

٣٠. باگێرا

٣١. قەدش

ئەمانە و چەندین ئۆردوگای تر لە کوردستان درووستکران و خەڵکەکەی بە زۆر بۆی ڕاگوێزران. بەم شێوەیە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان ببوو بەناوچەی قەدەغەکراو و لە هەموو جۆرە چالاکی و بۆنێکی مرۆیی و شارستانی و ئابووری و کشتوکاڵی بێبەشکرا.

سەبارەت بەناوچە قەدەغەکراوەکان یەکێك لە دیکۆمێنتەکان کە نوسراوی سەرکردایەتی نووسینگەی باکوور بۆ هەرسێ فەیلەقی (١/٢/٥/ یەك و دوو وپێنچ)ە ئەوکات لە کوردستان بوون لە(٧) حەوت خالدا ڕێوشوێنی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئەو فەیلەقانە دەستنیشان دەکات، لەگەل گوندە رزگارکراوەکان.[٣٢]

سەرکردایەتی نووسینگەی باکوور ڕێکەوت /١٩٨٧/٦/٢٠

نووسینگەی سکرتارییەت ژمارە /٤٠٠٦/٢٨

لە/سەرکردایەتی نووسینگەی باکوور

بۆ/سەرکردایەتی فەیلەقی یەك/دوو/پێنچ

ب/ هەڵسوکەوتکردن لەگەل گوندە قەدەغەکراوەکان لە رووی ئەمنیەوە.

**بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی رۆژی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٨٧ ئەوماوەیە کە بۆ کۆکردنەوەی گوندەکان دانراوە بەرەسمی کوتایی دێت بڕیارمان لە رۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ بەولاوە، بەم شێوەیە کاربکەین:**

1. **هەموو ئەو گوندانەی کە لە رووی ئەمنیەوە قەدەغەکراون و هێشتا شوێنی تێکدەران و بەکرێگیراوانی ئێران و خیانەت کارانن، بە خیانەتکار دابنرێت.**
2. **بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ تیایاندا قەدەغەیە بەتەواوەتی و بەناوچەی (محرمه) دادەنرێت و تەقەکردن تێدا ئازادە تا ئەوکاتەی ئێمە تەعلیماتی تر دەردەکەین.**
3. **هاتووچۆکردن لە وێ بۆ ئەوێ و کشتوکاڵکردن و وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و پێشەسازی و ئاژەڵداری قەدەغەیە، هەموو دەزگا تایبەتیەکان دەبێت چاودێری وردی ئەوبابەتە بکەین و هەرلایەك بە پێی پسپۆرایەتی خۆی.**
4. **سەرکردایەتی فەیلەقەکان ماوە ماوە لێدانی تایبەت بە تۆپ و سەمتی و فڕۆکە لەو ناوچانەدا ئامادە دەکەن تاکو زۆرترین ژمارە لەوکەسانە بکوژن کەلەوێدا دەبینرێن بکوژن بە شەو و بەرۆژ.**
5. **هەموو ئەوکەسانەی کە لەوێدا دەگیرێن حجز دەکرێن و دەزگا ئەمنیەکان حوکمی گەل (ئیعدام) بەسەر ئەوانەی کە لە تەمەنی (١٥)ساڵی بۆ (٧٠) ساڵی جێبەجێ دەکەن، بەڵام پاش وەرگرتنی زانیاری ئاگادارمان بکەنەوە.**

٦. دەزگا تایبەتیەکان لێکولینەوە لەگەل ئەوانـەدا دەکـەن کـە خۆیـان تەسلیم بە دەزگا حکومی و حزبیەکان دەکەن و ماوەکە تـەنیا (٣) سێ رۆژە، ئەگەر ماوەکە لە (١٠) دە رۆژ تێپەری یان پێویستی کرد لەو ماوەیە زیاتر بێت، دەبێت بەرەزامەندی ئێمە بەتەلـەفۆن یـان بەبرۆسکە لە رێگای رەفیق (تاهر العاینی) ەوە وەربگرن.

٧. ئەوتالانەی کە مستەشار وچەکدارەکانیان دەسـتیان دەکـەوێت بـۆ خۆیـان بێـت، جگەلـە چـەکی قـۆرس و پشـتگیریی و سـووك و چەکەسووکەکان لە لای خۆیان دەمێنێتەوە و تەنیا لە ژمارەی ئەو چـەکانە ئاگادارمـان دەکەنـەوە. دەبێـت سـەرکردایەتی ئـەو چەکدارانە چالاکانە هەموو مستەشار و فەرمانـدەی سریەو دفـاع وطنی...

سەرکردایەتی ئەنجومەنی تەشریعی، ئەنجومـەنی تـەنفیزی، دەزگـای مخابـەرات، سـەرکردایەتی ئـەرکانی سـوپا، پارێزگـاری و سـەرۆکی لێژنەی ئەمنی نەینەوا، تأمیم، دیالا، صلاح الدین، سلێمانی، هـەولێر، دهوك.....

ئەمینـدارەکانی ئـەو پارێزگایانـە، بەرێوەبـەری ئیسـتیخباراتی گشـتی سـەربازی، بەرێوەبـەری ئـەمنی عامـە، بەرێوەبـەری ئـەمنی ناوچـەی ئۆتۆنـومی، مەنزومـەی ئیسـتخباراتی ناوچـەی بـاکوور و رۆژهـەڵات بەرێوەبەری ئـەمنی پارێزگـای نەینـەوا، تـأمیم، دیـالا، صـلاح الـدین ، هەولێر، دهوك...

**تکایە ئاگاداربن هەرلایەنـەو بـەپێی تایبەتمەنـدی خـۆی جـێ بـەجـێ بکات.**

**علی حسن المجید**

**ئەندامی قیادەی فگری**

**ڕاسگری نهێنی نووسینگەی باکوور**

- **بڕوانە دەقی دیکۆمێنتەکە لە پاشکۆی ژمارە (١).**

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١. ئەم سەرژمێرییە لە ئەرشیفی قایمقامیەتی قەزای مێرگەسۆر وەرگیراوە، تەنیا لەرووی کارگێرییەوە بۆ ئیستای سنووری قەزای مێرگەسۆر سەر بە پارێزگای هەولێر بە کارهاتووە. بارزانییەکانی شاروشاروچکەکانی دەرەوەی سنووری قەزای مێرگەسۆر ناگرێتەوە.

٢. هێلی سنووری دەستکردی نێوان عێراق و تورکیا سنووری بارزان لەت دەکات و بەشی زۆری بەر عێراق دەکەوێت و بەشەکەی تریشی بەر تورکیا دەکەوێت بەم جۆرە زۆربەی گوندەکانی خێلی گەردی و هەندێك گوندی خێلی هەرکی بنەجێ کە سەر بە دەڤەری بارزانن بەر تورکیا دەکەون.

٣. مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد (یەکەم ڕاپەرینی بارزان ١٩٣١-١٩٣٢)، چاپخانەی خەبات، چاپی یەکەم ، کوردستان، ١٩٨٦ ل١٣.

٤. عەبدولرحمان مەلاحەبیب ئەبوبەکر، عەشیرەتی بارزان لە نێوان (١٩٣١-١٩٩١) چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١ ل٩.

٥. زێی گەورە: لقی هەرە گەورەی روباری دیجلەیەو سەرچاوەکەی دەکەوێتە چیاکانی (ییگێت، مەنگە) لە باکوورەوە بەرەو باشوورەوە دێت هەتا دەگاتە ئاوبەندی (بێخمە). لە دوایدا بەرەو باشووری رۆژئاوا دەروات هەتا لە باشووری شاری موصل، دەڕژێتە نێو روباری دیجلە. درێژایی زێی گەورە نزیکەی (٣٩٢) کیلومەترە. سەرچاوە(عەبدوللا غەفور، جۆگرافیای

**کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، چاپی دووەم هـەولێر، ٢٠٠٠ ل٨٩.**

**٦. رووکوچك: روباری حاجی بەگی و چەمی بەرازگر، لە باکووری رۆژئـاوای گوندی (خێرەزوك) تێکەڵاودەبن و رووکوچك پێکدەهێنن و لە نزیك گوندی رێزانەوە بەزێی گەورە کۆتایی پێدێت. سەرچاوە (عەبدوللا غـەفور ه.س.پ، ل٨٩).**

**٧. مەنسور شـێخ ڕەئـوف بـەرزەنجی، چـەند ڕاستیەکی مێـژوویی لـە بـارەی شۆرەشـی شـێخ عەبدولسلامی بـارزانی و شۆرەشـەکانی دیکـەی بـارزان ١٩٤٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، هەولێر، ٢٠٠١ ل٦٧.**

**٨. کـەریم ئەحمـەد، چـاودێری بـارزانی بـۆ ژیـانی پارتایـەتی و هاوپـەیمانی سیاسی. لە پەرتوکی (کۆنگرەی یادەوەری ١٠٠ سـەد ساڵەی بـارزانی نـەمر) ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری؛ د.کوردستان موکریانی؛ د.دلێر اسماعیل هـەقی سـیاوەش، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، بەشـی یەکـەم، هـەولێر ٢٠٠٣ ل١٧١.**

**٩. بـۆ کۆکرنـەوە و ڕێکخسـتنی ئـەم گوندانـە سـوودم لـە پەرتۆکەکـەی عەبدولرحمان مەلاحەبیب ئەبوبەکر، ه.س.پ. وەرگرتووە. هەروەها سـوود لە ڕاپورتێکی قایمقامیەتی قەزای میرگەوسۆر سەبارەت بـە گونـدەکانی سـەر بە یەکەی کارگێری قەزای میرگەسـۆر وەرگـیراوە. بـەڵام سـەرەرای ئەمانـەش نەتوانراوە ناوی گشت گوندەکانی دەڤەری بارزان تۆمار بکرێن.**

١٠. مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەلایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٩.

١١. سلێمان عەبدوللا، ڕاگواستنی گوندنشیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، سەنتەری برایەتی، ژمارە(١٢)، هەولێر١٩٩٩ ل٤.

١٢. ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل تەعریب تەبعیس، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکولینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩ ل١٤٠.

١٣. سلێمان عەبدوللا، ه.س.پ، ل٥.

١٤. ئەمین قادر مینە، ه.س.پ، ل١٤٠.

١٥. مراد حەکیم محەمەد، ه.س.پ، ل٢٣.

١٦. سلێمان عەبدوللا، ه.س.پ، ل ٥.

١٧. هەژار عزیز سورمێ، کوردو جینۆساید و ئیبادەکردن، هەلوێستی یاسای نێودەولەتی، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٦، ل٨٩.

١٨. پاش نسکۆی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٥، نزیکەی نیو ملیۆن کوردی عێراقی بە ناچاری پەنایان بردە بەر وڵاتی ئێران، ئەم خەڵکە لەلایەن دەولەتی ئێرانەوە مافی پەناهەندەییان پێی نەدرا و هیچ ڕێکخراوێکی نێودەولەتی لەوانی نەپێچایەوە. دەوڵەتی ئێرانیش ئەوانی بۆ ناوەوەی خاکی ئێران گواستەوەو لە ئۆردوگاکانی ژێرچاودێری سەربازیدا نیشتەجێکردن، دەیڤید ماکدوێل ژمارەی کوردە دەربەدەربووەکان

بەسەر بەرفراوانترین رووبەردا دابەشکران، دووچاری گەورەترین دەردەسەری هاتن، هەربۆیەش ژمارەیەکی زۆریان بە ناچاری بەرەو عێراق گەرانەوە، ناوبراو پێی وایە تەنیا(٧٠)حەفتا هەزار کورد لە ئێران مانەوە، بەلأم لە سەرچاوەی دیکەدا هاتووە کە(١٨٠) سەدوو هەشتا هەزار کەس مکوربوون لە هەلبژاردەی چارە نۆسێکی نادیار و داهاتوویەکی شاراوە بەمانەوەیان لە ئێران. (سەرچاوە/مراد حەکیم محەمە، هـ.س.پ، ل١٢٥).

١٩. ئازاد شێخانی، ئەنفال لە ناو چوارچێوەی قۆناغەکانی درووستکردنی ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا، سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢٤) هەولێر هاوینی ٢٠٠٢، ل٤٣٨.

٢٠. چنار سەعد عەبدوللا، کاریگەری باری سیاسی لە سەرگەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەی کورد دوای ڕاپەرینی ١٩٩١، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەنی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٥، ل١٦٤.

٢١. د.محەمەد هماوەندی، ڕاگواستنی کورد و زامدارکردنی دیموکراتیەتی کوردستان، لە بلاوکراوەکانی هماوەند بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم،٢٠٠٤ ل١٩.

٢٢. مراد حەکیم محەمەد، هـ.س.پ، ل١٠٧.

٢٣. هـ.س.پ، ل١٠٨.

٢٤. ئازاد شێخانی، هـ.س.پ، ل٤٣٧.

٢٥. شوکریە ڕەسول، هەلۆەشانەوەی خێزانی کورد لە نێوان دەسەلاتی بەعس و مافی مروڤدا، هاواری ئەنفال، ژمارە(١) هەولێر ٢٠٠٢، ل٣٠.

٢٦.  نەورەس ڕەشید، ئەنفال پێشێلکردنی مافی مروڤ، بەهای سروشت نرخی یاسایە، هاواری ئەنفال، ژمارە (١) پایزی ٢٠٠٢، ل٦٢.

٢٧.  ئازاد شێخانی، ھ.س.پ، ل٤٤٣.

٢٨.  محەمەد هماوەند، ھ.س.پ، ل٢٥.

٢٩.  ئازاد شێخانی، ھ.س.پ، ل٤٤٠.

٣٠.  چاوپێکەوتن لەگەل (ئاسیا تەیب عیسی) خەلکی گوندی بازێ، ٢٠٠٧.

٣١.  بۆ زانیاری دەربارەی ناوی ئۆردوگاکان سوودم لە هەردوو پەرتۆکی:
- جەمال شێخ نوری، وێرانکردن و تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەرییەکانمدا، چاپی یەکەم، سلێمانی٢٠٠٥، ل١١٩.
- عەبدوللا قەرەداغی (مەلاعەلی)، ڕاگوێزانی کورد لە مێژوودا، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل.٤٩

٣٢.لەتیف فاتح، مەجید سالح، کورد قڕان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣، ل٥٥.

# بەشی سێیەم:

## قۆناغەکانی ڕاگواستن؛ زیندەبەچاڵکردن؛ جینۆساید.

### باسی یەکەم:

### قۆناغەکانی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان

پـاش ڕێکەوتننامــە شـۆمەکەی جـەزائیرو نسـکۆی جوڵانــەوەی چــەکداری شۆڕشی ئـەیلول، بارزانییـەکان بـە شێواز و قۆنـاغی جیاجیـا ڕاگوێزران بـۆ ئۆردوگـا زۆرەملێیــەکان بــە شــێوەیەك تاكــە خێزانــە بارزانییــەك نــەما ڕانەگوێزرێن یاخود ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ نـەبن. ڕاگواسـتنی بارزانیـەکان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێت:

- **قۆناغی یەکەم:**

لە قۆنـاغی یەکەمـدا بارزانییـەکان بـۆ ئۆردوگـا زۆرەملێیـەکانی باشووری عێـراق لــە ســاڵی ١٩٧٥ ڕاگــوێزران، ئەمانــە بەســێ هۆکــاری گواســتنەوە ڕاگوێزران:

أ-بەفڕۆکە:

لــە ١٩٧٥/١١/١٧ بارزانیــەکانی تــیرەی مــزۆری وڵات ژێــری لــە گونــدەکانی (داویـدکا، تێـل، شـنگێل، هـەڵاوێن، بێكـول، بابسـێفا، ئاڤـەدور، هیـزان، ئـەردێل...). دانیشـتوانی ئـەم گوندانـە بـە فڕۆكـە ڕاگـوێزران بـۆ گونـدی

بازێ، دواتر لە گوندی بازێ بە ئوتۆمبێلی سەربازی وەك ئیڤا و زیل و هینو بۆ ئۆردوگاکانی بیابانی باشووری عێراق ڕاگوێزران.

(کوێستان محەمەد سلێمان)خەڵکی گوندی (بابسێفا) تەمەن(٧٥) ساڵ[1] دەڵێت:

(ئێمەیان بە فڕۆکە برد بێ ئەوەی بزانن کێ منداڵی کێیە بە شێوەیەکی هەرەمەکی ئێمەیان فرێ دا ناو فڕۆکەو لە گوندی بازێ ئێمەیان دابەزاند، هیچمان پێنەبوو، هیچمان لەگەل خۆنەبرد، لە بازێ ئەندامانی خێزانەکەم دۆزییەوە، پاشان بە ئۆتومبێلی سەربازی ئێمەیان بردە بیابانەکانی خوارووی عێراق...).

ئافرەتێکی تری ڕاگوێزراو بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی باشووری عێراق بە ناوی (نافیا رەشید باپیر)[2] تەمەن (٥٦) ساڵ خەڵکی گوندی(شنگێل)ە دەڵێت:

((ئێمەیان بەفڕۆکە بردە بەرۆژی لە گوندی بازێ شەوێك لەوێ بووین، دواتر ئێمەیان بە لوری و هینو زیلی سەربازی بردە بارزان، پاشان ئێمەیان بردە هەولێر شەو لە هەولێر بووین لە سەربازگەیەك، دواتر ئێمەیان بردە سەماوا و پاشان ئێمەیان بردە ناوچەیەکی تر بە ناوی(جەحیش)لە وێ ئاوێکی ترش و تاڵ و پیس، خانووی خراپ، مروڤ لە بن ئەو جۆرە خانووانە سەری راست نەدەبوو، کونترۆلی ئۆردوگاکان کرابوو چونە دەرەوە بە مۆلەت بوو دەبوایە مۆلەت لە بنکە سەربازییە کە وەرگیرابا کە لە دەرەوەی ئۆردوگایەکە بوو، پارچە وەرقەیەکیان پێدەداین تەنیا بۆ ماوەی ٣ تا ٤ کاتژمێربوو، لەم ئۆردوگایە خەڵکێکی

لەرادەبەدەر دەمردن و تۆشی نەخۆشی دەبوون، نەخۆشی و پەتا لە نێو ئێمە دا بڵاوبووە، نەماندەزانی چمان لێدەکەن، فرێمان دەدەنەنێو دەریا یاخود زیندەبەچاڵان دەکەن، پاشان لە ئۆردوگای جەحیش ئێمەیان راگواست بۆ ئۆردوگای - الخيرية -).

ب-بە شەمەندەفەر:

لە ١٩٧٥/١١/١٧ بارزانییەکانی تیرەی نزاری گوندەکانی (زۆرەگڤان، دەربوتك، سەفتێ، ناڤدارا، ئیسومەڕان، شرێ، ئالکا، ئیروان، توریشکێ، ساکا، بێکرێس، کولەکا، هەربۆ...). بە ئۆتومبێلی گەورە و بارهەڵگری سەربازی ڕاگوێزران بۆ موصل، پاشان لەموصل بەشەمەندەفەر ڕاگوێزران، ئەمانەش لە ئۆردوگاکانی باشووری عێراق نیشتەجێکران، یەکێك لە ڕاگوێزراوەکان بەناوی (هەلال خدر مستەفا)[٣] خەلکی گوندی دەربوتك تەمەن (٥٥) ساڵ دەڵێت:

(ئێمەیان بەلوری و زیلی سەربازی بردە موصل دواتر ئێمەیان لە شەمەندەفەر کردو ئێمەیان بردە بیابانەکان، ئەو بیابانە مروڤیان قوتدەدا، دوزەخ بوو ئەوبیابانە چەندین ژن و مندال و پیرو گەنجی قوتدا...).

ج-بە لوری و ئیڤای سەربازی:

لە ١٩٧٥/١١/١١ بارزانییەکانی تیرەی بەرۆژی لە گوندەکانی (بارزان، بلێ، بازێ، باڵندا، سەڤرە، ئالیان، رەزیان، هەڤندکا، ببانا، هەسنێ، هوستان، هەسنەکا، رێشە، ئاستە...). هەرچی گوندی شانەدەرو دەوروبەریەتی لە

**١٩٧٥/١١/١٤ ڕاگوێزران، ئەم بارزانیانە بە لۆری وهینو و ئیڤای سەربازی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی باشووری عێراق ڕاگوێزران.**

**یەکێك لە ڕاگوێزراوەکان بەناوی (ساڵح عبداللە باپیر)[٤] خەڵکی گوندی بازێ تەمەن (٥٢) ساڵ دەڵێت: ((زیل و ئوتومبێلی سەربازی هاتن و ئێمەیان بردە بیابانەکانی باشووری عێراق لە ئۆردوگاکان فرێدراین، سێ تا چوار ڕۆژ بە ڕێگاوە بووین، لەو بیابانەدا خانووەکان بە قوڕ دروستکرابوون سەری خانووەکان بە حەسیلەو دار داپوشرابوو، دوو هۆبەی زۆر بچوك و زۆر نزمبوون، کولیت و شوێنی لەوەڕەگاکانمان لە دەڤەری بارزان زۆر لەو هۆبانە خوشتر و گەورەتر بوون، لەم بیابانەدا بە عەرەبی پێیان دەگۆتین (شوێنی ئێوە ئێرەیە، بمرن و بژین هەتا هەتایە) بۆ ماوەی ساڵێك ئێمە لە ژێر کۆنترۆلی توندی سەربازی دا بووین، دواتر کەمێك ئازاد بووین، تۆز و غۆبارێکی زۆر بوو هەندێك جار گردوکەکی گەورە بەم تۆزە چاك دەبوو پاشان نەدەما، هیچ گژوگیا نەبوو بیابانێکی وشك بوو، خەلکانێکی زۆر ون دەبوون، هاوڵاتیەکی گوندی هوستان بەناوی (بابەکر چەلو) ون بوو هەتا ئێستاش بێسەرو شوێنە، خەلکێکی زۆر دەمردن بە تایبەتی ئافرەت و زاڕۆك و پیر و پەککەوتە لە بەر ئاو و هەوای پیسی ئەو شوێنە، ئاوەکەی ئاژەڵی تۆپیوی پێدادەهات، بەڵام ناچار بووین بیخوینەوە ئەگەر نا لە تێنوێتی دەمردین، تەنها ئێمەی بارزانییەکان لە وێ نەبووین خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستانیش لە وێ بوون، بەڵام ڕێگە بەهەموو ئەوانی تر درا بگەڕینەوە، جگە لە ئێمە...پاش دووساڵ ئاو و کارەبایان بۆ ئێمە دابین کرد، دواتر بریاریاندا**

هەرکەسێ ناسنامەی خۆی بگورێ و خۆی بە عەرەب ناونوس بکات، کۆمەڵێك ئیمتیازاتی دەدرێتێ وەك زەوی، خانوو، مووچەیەکی باش...هتد.))

ئەگەر ئێمە سەرەنجی دێرەکانی کوتایی پەیڤەکانی هاوڵاتی ڕاگوێزراو بدەین دەبینین مەبەستێکی تری رژێمی بەعس لە ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ ئۆردوگا بیابانە زۆرەملێیەکانی باشووری عێراق، سڕینەوەو تواندنەوەی ناسنامەی کورد بوونی بارزانییەکانە لە نێو هرزی شوفێنیزمی عەرەبیدا، بۆ ئەوەی ئاکارو کۆلتوور و ترادیسیۆن و زمان و ڕەسەنایەتی بارزانییەکان بشێوێندرێ، ئەمەش جینۆسایدێکی زەقی کۆلتوورییە دەرهەق بە بارزانییەکان. بەم شێوەیە بارزانییەکانی تیرەی بەرۆژی و نزاری و مزۆری وڵات ژێری... لە ساڵی ١٩٧٥ تەنها لە ماوەی هەفتەیەك لە ناوچە چیانشینە کوێستانیەکانی خۆیان ڕاگوێزران بۆ بیابانە وشك و رووتەکانی باشووری عێراق، کەبە هیچ شێوەیەك بۆ کشتۆکالکردن و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات نەدەشیا. بارزانیەکانیش پیشەی سەرەکیان کشتۆکالکردن و ئاژەڵداری بوو، تاکی بارزانی لەکەسێکی لەش ساغ و مروڤێکی کویستانی و چیایی و کەسێکی بەرهەمهێنەر گۆڕا بۆ کەسێکی ناتەندرووست و مروڤێکی بیابانی و کەسێکی بەکاربەر. تاکی بارزانی ڕاگوێزراو لە مرۆڤێکی جۆتیار و ئاژەڵدار و خاوەن زەویی و بەرهەم و داهات گۆڕا بۆ مرۆڤێکێ کرێکار.

هەر وەك یەکێك لە دەستنووسەکانی ڕاگوێزراو بۆ باشووری عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ و جینۆسایدکراو لە ساڵی ١٩٨٣ لە گەل (٨) هەشت هەزار

نێرینەی بارزانی بەناوی (ڕەمەزان عبدالله یاسین) کە دەکاتە (باوکم) لـە ڕێکەوتی ١٩٧٨/٨/٢٦ بۆ قایمقامی قەزایی عەفەکی ئەوکاتی ناردووە، دەقی داواکارییە دەستنووسەکەی ڕاگوێزراو و جینۆسایدکراو بەم شێوەیە:

جەنابی قایمقامی قەزایی عەفەك. ڕێزدار

خستنەڕوو

من هاوڵاتی کورد (رەمەزان عبدالله یاسین) کە ئێستا نیشتەجێی گوندی (نفر) ژمارە (٢) دووم، من لە چینە هەژارەکانم و خاوەن خێزانم و هیچ کارێکم نییە داوای فەرمانتان دەکەم بە ڕەوانەکردنی داواکارییەکەم بۆ لایەنی پەیوەندیدار، وەك کرێکار دامبمەزرێنن یاخود دامبمەزرێنن بە مووچەیەکی مانگانە. زۆر سۆپاس بۆتان.

١٩٧٨/٨/٢٦		داواکار

رەمەزان عبدالله یاسین

- بڕوانە دەقی داواکارییەکە لە پاشکۆی ژمارە (٢).

لـەم داوکارییـە زۆر بـە ئاشـکرا بۆمـان روون دەبێتـەوە کـە بارزانییـە ڕاگوێزراوەکان چینێکی هـەژارو دەست کـورت و جۆتیـارو ئاژەڵداربوونـە، لـەو بیابانـە بـەدوای کـاردا دەگـەڕان بـۆ ئـەوەی ژیانیـان پـێ بگـۆزەرێنن، هەروەها حزبی بەعس و حکومەتی عێراق وەك پێویست قەڕەبۆ و پـارەو

پـۆلی بەکەسـە ڕاگوێزراوەکـان نـەداوە، مەبەسـتیش لـە ڕاگواسـتنیان بـۆ چاکسازی و خۆشگوزەرانی ژیانیان نەبووە.

ئەو ئۆردوگایانەی بارزانییەکانی تێیدا نیشتەجێکرابوون لـە بیابانـەکانی باشووری عێراق بریتی بوون لە (پارێزگـای دیوانیـەو دەوروبـەری، قـەزای عەفەك، بیابانی ناحیەکانی البدێر(فەوارە) و شافعیة بیابـانی گونـدەکانی جەحیش، الخیریة، مەڕەجیج (مرزیجە)، ژمارە -١-، ژمارە-٢-).




**هێلکاری (ج)**

**نیشتەجێکردنی بارزانییەکان لە ئۆردوگاکانی باشووری عێراق ١٩٧٥-١٩٨٠**

((پــاش -٣- ســێ ڕۆژ ڕاگواســتنمان بــۆ بیابانــەکانی خــوارووی عێــراق، هاوســەرەکەم بــەناوی "علــی علــی عبداللــە" لــەو بیابانــە ون بــوو، نەگەرایەوە، زیاتر لە(١٢) دوانزە ڕۆژ خزم و کەسوکارمان لەو بیابانە لە دوایـدا گـەران بـەڵام بـێ سـوود بـوو، هـەتا ئێسـتاش چاوەڕێنە ڕۆژێـك بگەڕێتــەوە! پرســەمان بــۆ دانــەناوە، خۆزگــە زیندەبەچــاڵ بکرابایــە و ئێسکەکانی بومان بگەڕابایەوە، لە گۆڕمان ناباو چوباینە سەر گۆڕەکەی نەك ون ببایە.))

ئەمــەی ســەرەوە قســەی ئــافرەتێکی ڕاگــوێزراوە بــەناوی (مــوم عبداللــە اسماعیــل)[٥] خــەڵکی گونــدی (تێــل) تەمــەن (١٠٧) ســاڵ، کــە لــە کــاتی ڕاگواستنیان بۆ ئۆردوگایـە زۆرەملێـەکانی باشووری عێراق هاوسـەرەکەی ون بووە تاکو ئێستاش هەر چارەنوسی نادیارە.

سەبارەت بەو بارزانییـە ڕاگوێزراوانـەی بـۆ بیابانـەکانی باشـووری عێـراق ڕاگوێزرابـوون لـە ناوەراسـتی مـانگی ١١ سـاڵی ١٩٧٥، ئـەوان بـۆ مـاوەی (٥) پێــنج ســاڵ ژیانیــان لــەو ئۆردوگایانــە بــە ســەربرد پاشــان دووبــارە ڕاگوێزرانەوە بۆ ئۆردوگاکانی قوشتەپە لە (قـودس و قادسـیە) داڵدەدران، کەئەمەش بە دوو قۆناغ بوو:

- قۆنــاغی یەکــەم: لەرێکــەوتی ١٩٨٠/١/٣٠ هەنــدێك لــە بارزانییــەکانی ئۆردوگـا بیابانییـەکانی باشـووری عێـراق گوێزرانـەوە بـۆ خێوەتگـەکانی ئۆردوگای قودس لە ناحیەی قوشتەپەی نزیك شاری هەولێر.

- قۆناغی دووەم: لە ماوەی نێوان ڕۆژانی ٢٣ - ٢٨/ ٤ / ١٩٨٠ واتە لەماوەی یەك هەفتەدا هەموو بارزانییەکانی تری ئوردوگاکانی بیابانی خوارووی

عێراق بوو خێوەتگەکانی قوشتەپە ڕاگوێزرانەوە، هەروەك یەكێك لە ڕاگوێزراوەکان بەناوی (سلێمان شێخو سلێمان) خەلکی گوندی (سەکۆ) لەساڵی ١٩٨٣ زیندەبەچاڵکراوە لەگەل ٨ هەشت هەزار لە نێرینە بارزانیەکان، یەكێك لە یادگارییەکانی کە وەك ڕۆژ ژمێرێك نووسیوویەتی و لە دوای خۆی بەجێهیشتووە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| ژ | - | ڕۆژ | مانگ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کە ئێمە لە شانەدەر ناونوس کراین | ١١ | ١١ | ١٩٧٥ |
| ٢ | ئەوانەی الب دێر گواسترانەوە | ٣٠ | ١ | ١٩٨٠ |
| ٣ | کومپانیامان بەجێهێشت | ٢٩ | ٣ | ١٩٨٠ |
| ٤ | ئەوانەی فواری گواسترانەوە | ٢٣ | ٤ | ١٩٨٠ |
| ٥ | ئێمە لە خێری گواسترانەوە | ٢٦ | ٤ | ١٩٨٠ |
| ٦ | بەرۆژی لە خێری گواسترانەوە | ٢٨ | ٤ | ١٩٨٠ |
| ٧ | کە ئۆتومبێل وەرگەرا | ١٩ | ٤ | ١٩٨٠ |
| ٨ | کە ئێمە سواری زیل کراین | ١٤ | ١١ | ١٩٧٥ |

- بڕوانە دەقی ڕۆژ ژمێرە دەستنووسەکە لە پاشکۆی ژمارە (٣).

بەپێی ئەم ڕۆژ ژمێرە دەستنووسە زانیارییەکان بەم شێوەیەن؛ هەروەك؛ لە خاڵی (١) ئاماژەی پێکراوە ئەوان لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/١١/١١ لەسەرەتادا لەگوندی شانەدەر ناونووسکراون؛ پاشان لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/١١/١٤ بە زیل (زیل؛ ئەو ئۆتۆمبێلە سەربازیانە بوون کە هاوشێوەی ئیڤای گەورەی

بارهەڵگرن، بەڵام ئەمانە ئۆتۆمبێلی تایبەتی سەربازی بوون تەنانەت ڕەنگیشیان لە جل وبەرگی سەربازی بوو) ڕاگوێزراون بۆ بیابانەکانی باشوور هەروەك لە خاڵی (٨) ئەم رۆژ ژمێرە دەستنووسە ئاماژەی پێکراوە؛ لەخاڵی (٢) رۆژ ژمێرەکەدا باس لە گواستنەوەی بارزانییە ڕاگویزاوەکانی ئۆردوگای ئەلبدێر دەکات؛ لەخاڵی (٣) ئاماژەی بەوە کردووە کە کۆمپانیای بەجێهێشتووە وەك دیارە هاوڵاتی ڕاگوێزاو و جینۆسایدکراو کرێکاربووە؛ خاڵی (٤) هەمان رۆژ ژمێر باس لەو بارزانیانە دەکات کە لە ئۆردوگای فوارە لە باشووری عێراق داڵدەدرابوون کە ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگاکانی قوشتەپەی نزیك هەولێر، لەم ڕێکەوتە هیشتان ئۆردوگاکانی قۆشتەپە تەواو نەکرابوون، ئەم هاوڵاتییە ڕاگوێزراوانە لە بن خێمە جێنشینکران؛ لە خاڵی (٥)دا باس لەڕاگواستنی خۆیان دەکات ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان لە ئۆردوگای الخيرية لە ڕێکەوتی ١٩٨٠/٤/٢٦ ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگاکانی قوشتەپە؛ لەخاڵی (٦) ئاماژە بەو بارزانیانە دەکات کە لەتیرەی بەرۆژی (دەوروبەری بارزانن) ئەوانەش لە ئۆردوگای خێریە بوونەو ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگاکانی قۆشتەپە؛ لەخاڵی (٧) ی رۆژ ژمێرە دەستنوسەکە ئاماژە بە وەرگەڕانی ئۆتومبێلیك دەکات لە ڕێکەوتی ١٩٨٠/٤/١٩.

- **دووەم قۆناغی ئۆردوگای زۆرەملێ بارزانیەکان:**

قۆناغی دووەمی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان لە ٢٥-٦- ١٩٧٨ دەستی پێکرد، ئەم جۆرە ئۆردوگایانە جیاواز بوون لە

ئۆردوگاکانی سالآنی پێشووتر، تا رادەیەك باشتربوون لە ئۆردوگاکانی باشووری عێراق. ئەم ئۆردوگایانە هەرلەناوچەکانی کوردستان و لەدەورو بەری شاری هەولێر درووستکران، خانووەکانیان گەورەتر بوون لە بەرد و کسل و خۆل درووستکرابوون سەریان بەحەسیلەو دارو شێلمان داپوشرابوو، لەسەر رۆبەری ٢٠٠ مەتر، هەندێك جۆری خزمەتگوزاری لاوەکی لەم جۆرە ئۆردوگایانەدا هەبوو، لەم قۆناغەدا بارزانییەکانی تیرەی شێروانی و مزۆری ژۆری و بەشێك لە تیرەی گەردی و هەرکی بنەجێ ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگاکانی (دیانە و حەریر و بەحرکە وگۆڕەتوو، عسریە...).

پاش ڕاگواستنی خەڵکەکە گوندەکان و کانی و رەزو باغەکان بە T.N.T لە لایەن سەربازانی حکومەتی ئەوسای عێراق تەقێنرانەوە، دانیشتوانی ئەم گوندانەش بە ئیڤای سەربازی و لەهەندێك گوند کە ڕێگای ئۆتومبیلی ئەستەم بوو یاخۆد بۆ نەدەچوو خەڵکەکە بە فرۆکە راگوێزران وەك؛ ئەرگوش، زێت...هتد.

پیاوێکی ڕاگوێزراو بەناوی (نبی عمر نبی) تەمەن (٥٥) پەنجاو پێنج ساڵ خەڵکی گوندی (لەشکریا)[٦] دەڵێت: (لە ساڵی ١٩٧٨ ئێمەیان لە گوندی لەشکریا بە ئۆتۆمبێل و زیلی سەربازی ڕاگواست بۆ کۆمەڵگای گۆڕەتووی نزیك قەزایی مێرگەسۆر هەرچی مەڕ و ماڵات و کەلوپەل و گەنم و جۆی عەمبارکراو و پارە و پۆلی هەمان بوو بەجێمان هێشت. خانووەکان لە بەردو دارو حەسیلە درووستکرابوون .

لە کاتی پرۆسەی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣ ئێمە لە ئۆردوگای گوورەتۆ بوین بەڵام بەهۆی ئەوەی چەند رۆژێك پێش هەموو نێرینە بارزانییەکانی ئۆردوگایەکانی قوشتەپە گیرابوون، ئێمە ڕامانکرد بۆ شاخەکان و لە ئەشکەوتەکان خۆمان حەشاردا بۆ ماوەی نزیکەی مانگێك پاشانیش بە نهێنییەوە دەهاتینە ناو ماڵ و منداڵمان، لە ساڵی ١٩٨٦ بارزانییەکانی کۆمەڵگای قوشتەپە کە هەموی ئافرەت و منداڵ بوون هەموویان هێنرانە کۆمەڵگای گۆڕەتوو و نزیك پردی چامە ئەم ئافرەت و منداڵانە فرێدرانە ناوچەیەك کە هەمووی مینرێژکرابوو، بەڵام ئێمەی خەڵکی گۆڕەتوو هاوکاریمان کردن و رێنیشاندەریان بووین بۆ گەرانەوەیان.

ئێمە لە ئۆردوگای گۆڕەتووماینەوە تاکو ١٩٩٠/٦/٢٠ کە ئەوکات ئۆردوگای گوورەتۆ نزیکەی (٢٠٠٠) دووهەزار ماڵ دەبوو لەو ئۆردوگایەش بەشێکیان ڕاگوێزران بۆ دەشتی (باسرمە و بەشێکی تریشان ڕاگوێزران بۆ شاخۆلان، خەڵکە ڕاگوێزراوەکەی دەشتی باسرمە هیچ جێگا و شوێن و خانوویان نەبوو بەڵکو لەژێر تەنەکە و تۆتیا ژیانیان بەسەر دەبرد...).

ڕاگوێزراوێکی تر بەناوی (نایف فقی برایم) [٧] خەلکی گوندی ئەرگوش دەڵێت: (لە ساڵی ١٩٧٥ فرۆکە و سەربازانی عێراق دەوروبەری ئەرگوشیان گرت، دەوروبەری گوند بە ئەلغام داپوشرابوو، ئەرگوش چوار گەرەکی لە خۆ دەگرت و نزیکەی ٣٠٠ سێ سەد ماڵ دەبوو، نزیکەی ١٨٠ کانی لە ئەرگوش و دەوروبەری هەبوون هەمووی T.N.T کران و لەناوچوون، هەروەها داری بەرهەمداری وەك گوێز زۆربوون، سپێندار و مێشی هەنگ

و ڕەزو باخ و بێستان زەوی کشتوکاڵی و مەرو مالاتی زۆرمان هەبوو هەمووی لەناوبران. بۆ ماوەی سێ ساڵ بەم شێوەیە لەژێر کۆنترۆڵی سەربازیدابووین. چونەدەرەوە بەبێ مۆڵەت قەدەغە بوو، ئەو بەرهەمانەی لەدەرەوەی گوند هەمانبوو نەماندەتوانی کەلکی لێوەرگرین.

لە ٢٥-٦-١٩٧٨ خەلکی ئاوایی بەفرۆکە راگوێزران، هەر جارەو گەرەکێك بەچاوی خۆم بینیم کاتێك خەلکی گەرەکەکەی تر ڕاگوێزران ماڵەکانیان کران و تەقێنران، سەربازەکان تیمی تایبەتی تەقینەوەو بۆمب T.N.T دانانیان لەگەڵدابوو. تەنانەت مزگەوتیش تەقێنرا بە هەموو پیرۆزییەکانییەوە.

ئێمە ڕاگوێزراین بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی حەریر، کە نزیکەی (١٠٠٠) هەزار خانوو دەبوو لە خۆل و گەچ پێکهاتبوون سەریان دارو حەسیلە و هەندێکیش شێلمان بوون لە جیاتی دار).

- **قۆناغی سێیەمی ئۆردوگای زۆرەملێی بارزانییەکان:**

لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە جۆرو مودێلە ئۆردوگایەکی تر درووستکران، کە ئەمانە لەژێر کۆنترۆلی توندی سەربازیدابوون و زۆرینەیان قەلایەکی سەربازیان لە نزیك درووستکرابوو.

ئەو بارزانیانەی لەئۆردوگا زۆرەملێیەکانی باشووری عێراق بوون دووبارە ڕاگوێزرانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی دەوروبەری هەولێر و دەشتی قوشتەپە لە هەردوو ئۆردوگای تایبەت بە بارزانییەکان (قودس و قادسیە) کە ناسراون بە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە نیشتەجێکران.

بـەم شـێوەیە هـەموو بارزانییـەکانی کوردسـتان جگـە لەوانـەی ئـاوارە و دەربـەدەر ببـوون یـاخود لـە شـاخەکان و ئەشـکەوتەکان ژیانیـان بەسـەر دەبرد ئـەوانی تـر لـە ئۆردوگـا زۆرەملێیـەکانی (دیانـا، حـەریر، بەحرکـە، قوشتەپە —قودس و قادسیە -، گۆڕەتوو، عسریە...). کۆکرانەوە و لـە ژێـر کـۆنترۆڵی تونـدی سـەربازیدابوون. لـەم ئۆردوگایانـەدا لەلایـەن پیـاوانی ڕژێمـی بەعسـەوە گاڵتـەو سـووکایەتی بـەمرۆڤ، بـەئاین، بـە مـۆراڵ، بـە ترادیسـیۆن، بـە ویـژدان، بـە کـەلتۆر، بـە یاسـاو هـەموو بـەها بـەرزو پیرۆزەکان دەکرا.

پاش (٣) سێ ساڵ لەم ئۆردوگایانە لە بەرەبەیانێکی زۆدا لـە هـاوینی ١٩٨٣ هەرچی نێرینەی سەروی تەمـەنی (٧) ساڵی بـوو لـە نێومـاڵ و خێزانیـدا گیران و کۆمەڵکۆژکران، تەنیا ئافرت و منداڵیان هێشتەوە، ئـەو ئـافرەت و منداڵانە رووبەروی ژیانێکی سەخت بوون، پاشان لە ئاو و کارەبا و هەموو جـۆرە خزمەتگوزاریـەکی تـر بێبەشـکران، دەرگـای قوتابخانـەکان لـە سـەر منداڵـەکان داخران،بێبەشـکران لـەو بەشـە ئازووقـەی کـە مانگانـە هـەر هاوڵاتیەکی عێراقی وەری دەگرت، ئافرەتـەکان بـە نهێنـی لـە ئۆردوگاکـان دەچوونە دەرەوە بۆ کارکردن بەرامبەر بە پارەیەکی کـەم، ئـەم ئافرەتانـە ڕۆڵی پیـاو و ئافرەتیـان دەبینـی بـە ڕۆژ کـاری پیـاوان و بەشـەویش کـاری ماڵـەوە، کـاری قـورس و قورسـیان دەکـرد وەك (بلـوك کێشـانەوە، کـاری چیمەنتۆ، خیارو تەماتە چنین، کاری خاکەناس...هتد).

ئافرەتەکانی ئەو ئۆردوگایانە ناچار لە کارێزێك ئاویان دەهێنا کەنزیکـەی (٤٥) دەقیقە دوور بۆ لە ئۆردوگای (قودس) بەڵام سەربازەکان بەمەشـەوە

نەدەوەستان تەنەکەی ئاویان لێدەڕێشتن و نیزەیان لێدەداو کۆنیان دەکردن و گاڵتە و سۆکایەتیان بەو ئافرەتانە دەکرد.

ئافرەتەکان بۆ هەرکارێکی پێویست بەکۆمەڵ دەچوون بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان لە ترسی دەسەڵاتداران و پیاوانی ڕژێم، شەوانە پاسەوانییان لە خۆ دەگرت. ئازارێکی تری گەورەی ئەم ئافرەتانە لەوەدابوو ئەگەر کەسێکیان بمردایە پیاویان نەبوو مردووەکان بنێژن...ئافرەتان خۆیان دەیان بردە سەرقەبران، تەنانەت ڕژێم ئاگاداری دام ودەزگاکانیشی کردبوو کە هیچ (معاملاتێکیان) بۆ جێبەجێ نەکرێ، لەو کاتەوە ئەم دوو ئۆردوگایانەی قوشتەپە بوونە مەملەکەتی (ژن و منداڵان).[٨]

دوکاندارانیش لە ترسی پیاوانی ڕژێمی بەعس نەیاندەتوانی شتوومەك بەم ئافرەت و منداڵانە بفرۆشن، مەگەر بەنهێنییەوە نەبێت.

ئافرەتێك بەناوی (ئامینە محەمەد سالح)[٩] خەڵکی گوندی بلێ تەمەن (٥٠) ساڵ دەڵێت: ((بە شەو دەورو بەری ئۆردوگایەکەمان گیرابوو، پاش کاتژمێر(٤)ی بەیانی بە سەرباز و ئۆتۆمبێلی سەربازی بەناو ئۆردوگایەکەمان کەوتن، هەموو پیاوەکان ڕاپێچکران تەنانەت منداڵیش ئەگەر بە بەژن و باڵا بەرز بوونایە، پاش چەند مانگێك هیچ پارەو پوڵمان نەما، کارمان دەکرد کاری خاکەناسی و کاری پیاوان، بەشەو خواردنمان درووست دەکرد بۆ ئەوەی ڕۆژی دواتر نیوەڕو منداڵەکان بیخۆن، دەرگامان لەسەر دادەخست تاکو ئێوارە لە کاردەهاتینەوە، منداڵەکان هەرلە ژۆرەوە بوون وەك زیندان بوو بۆیان کەس نەبوو چاودێرییان بکات، بەشەو سەری منداڵەکانمان دەشوشت...)




هێلکاری (د) ئۆردوگاکانی قۆناغی یەکەم، باشووری عێراق ساڵی ١٩٧٥ .




هێلکاری (هـ) ئۆردوگاکانی قۆناغی دووەم، دەوروبەری شاری هەولێر ساڵی ١٩٧٨.




هێلکاری (و) ئۆردوگاکانی قۆناغی سێیەم، قوشتەپە ساڵی ١٩٨٠.

### باسی دووەم:

## ڕاگواستن و کۆمەڵگوژی بارزانییەکان و پەیماننامەی بەربەندکردنی جینۆساید

کۆمەڵـەی گشـتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە سەرپێشـنیاری چـەند وڵاتێکـی وەکـو هینـد و پەنـەما و کوبا...هتـد کـە داوایـان کردبـوو لـە تاوانی جینۆساید بکوڵێتەوە و وەکو تـاوانێکی نێـو دەوڵـەتی لـە قەڵەم بدرێ و بناسرێت.[١٠] ڕێکخراوی نەتەوە یـەکگرتوەکانیش لـە ١٩٤٦/١٢/١١ بڕیاری ژمارە(٩٦)ی دەرکرد سـەبارەت بـەوەی کـە جینۆساید تاوانێکە بنەماکانی یاسای نێودەولەتی دەبەزێنێ و دژی ئامانجەکانی ڕێکخـراوی نەتــەوە یەکگرتووەکانــە.[١١] ئەمــەش ڕەنگدانــەوەی هــەبوو کــە لــە ١٩٤٨/١٢/٩ بــە پێــی بڕیــاری (٢٦٠) پەیماننامــەی بەربەنــدکردنی جینۆسـاید لەلایـەن ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان دەرچـوو. لـەو بارەیـەوە دادگـای نیۆدەوڵـەتی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە ١٩٥١/٥/٢٨ دا ڕایگەیاند کـە(هۆی دانـانی ئـەو پەیماننامەیـە، مەبەسـتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە جینۆساید مـەحکوم بکـاو ســزا بخاتــە ســەر وەکــو تاوانێــك لەیاســای نیودەولەتانــدا).[١٢] ئــەم پەیماننامەیــــە لــــە پێشــــەکی و پاشــــەکی و نــــۆزدە بەنــــد پێکهـاتووە.[١٣] عێـراقیش ئـەو ڕێکەوتننامـەی لـە ٢٠ی کـانونی دووەمـی ١٩٥٩ پەسەندی کردووە.

- **بەندی یەکەم:**

بە پێی بەندی یەکەم لەرێکەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدو سزادان لەسەر ئەنجامدەرانی، ئەم پەیماننامەیە لەکاتی ئاشتی و لەکاتی شەڕیشدا لە ئارادایە، ئەنجامی تاوانەکە هەمەلایەنەیەو هەرکوشتنی ڕاستەوخۆ ناگرێتەوە.

ئێمە ئەگەر ڕاگواستنی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوە وەرگرین و بەراوردی بکەین لە گەل بەندی یەکەمی ئەم ڕێکەوتنامەیە. دەبینین حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی ڕەشبگیری و زۆرەملێ دەیان هەزار گوندنشینە بارزانییەکانی بۆ ئێران بەدەرنا، هەرچی ئەوانەی ترە کەلە شوێنی ڕەسەنی خۆیان مابوون رژێمی بەعس لە هەوڵێکی جینۆسایدی خۆیدا لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ ڕایگواستن بۆ باشووری عێراق، پاشان لە ساڵی ١٩٧٨ ئەو بەشە لادێینشینانەی کەمابوون ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی (دیانا، حەریر، بەحرکە، گۆڕەتوو، عسریە...) ئەمە بەبێ هیچ بیانویەك دێهاتەکان وێرانکران و دارو زەوییە بەپیت و چێنراوەکان لە ناوبران و سۆتێنران، ڕاگواستنی ئەوگوندانە وەك هی تەوەری ستڕاتیژی و نزیکی چاڵە نەوتەکان نەبوو لە دوای ڕاگواستنی خەڵکەکە، گوندەکانیان بە شۆڤەل و (TNT) دەتەقاندەوە، بیرو کانییەکانیشیان دەتەقاندەوە یان پڕیاندەکردەوە، تەنانەت دارو درەخت و زەوی و باخەکانیشیان سۆتاند، لە هەندێ شوێن ماددەی نەوتیان دەکردە بن ڕەگی دارەگەورەکان بۆ ئەوەی بەیەکجاری وشك ببن، بەمەش حکومەتی عێراق دەیویست شوێنەواری ژیان لەو گوندانەدا نەهێلن و کارێك بکات کە کەس بەتەمای گەڕانەوە نەبێت

بۆ گوندەکانیان.[١٤] هەندێك لەو گوندنشینانە لە خوارووی عێراق لە ناوچەیەکی بیابانی وشك و رووت و بێکەلك کەمەودای هیچ کارێك و مەودای ژیانی تێدانەبوو جێنشینکران.

یەکێك لە ئافرەتە ڕاگوێزراوەکان بەناوی (خاتون زیاب دڕ)[١٥] تەمەن (٦٤)ساڵ خەڵکی گوندی بارزان دەڵێت:(ئێمەیان بە ئۆتومبێلی گەورەی سەربازی لە گوندەکانمان ڕاگواست و هیچ شتێکمان لە گەل خۆمان نەبرد، مندالەکان لە برسان بەردەوام دەگریان هیچمان نەبوو بیان دەینێ، ئێمەیان بردە ناو شوێنێکی تۆزاوی و ئاو و هەوا پیس، کە هەندێك رۆژ نزیکەی(١٠) دە کەس گیانیان لەدەستدەدا، بەهۆی کاریگەری ئاو وهەوا ئەو شوێنە چەند کەسێك لەبنەماڵەمان گیانیان لەدەستدا:

زیاب دڕی-باوکم-، نافیا محەمەدی-کچم-، مگنون میقدادی-برازام-، مریم میقدادی-پورم- ئەوانە و چەند خزم و کەسێکی ترم لە بیابان گیانان لە دەستدا).

شایەد حاڵێکی تری ڕاگوێزراو بەناوی (موم عبداللە اسماعیل) خەڵکی گوندی(تێل)[١٦] دەڵێت: (پاش ئەوەی بۆ بیابانەکانی خوارووی عێراق ڕاگوێزران دوای سێ رۆژ پیاوەکەم ون بوو، هەتا ئێستاش پرسەمان بۆ دانەناوە، چاوەرێمە بگەڕێتەوە...).

مردنی لەرادەبەدەری خەڵك و نووسینی شوێنی لەناوچۆن لەسەر دیوارەکان بەمەبەستی ترس و تۆقاندنیان و بزربوونی خەڵکەکە و نیشتەجێکردنیان لە پێکهاتەیەکی تەواو پێچەوانەی شوێنی ڕەسەنی

خۆیــان و ڕاگواســتنی بــە زۆری...ئەمانــە هــەمووی نموونــەی زەقــی جینۆسایدن.

ئەگــەر ئێمــە لــەناوبردن و کۆمــەڵکوژی بارزانییــەکان لــە ســاڵی ١٩٨٣ وەرگرین، ئەوا پرۆسەیەکی سیستماتیکی بـە بەرنامـەبوو، پێشتر دەست نیشـانکرابوو، لـە شـوێنی ڕەسـەنی خۆیـان ڕاگـوێزران و لـە ئۆردوگـا زۆرەملێیـەکان داڵدەدران، پاشـان گـاردی کۆمـاری و هێزەکـانی ئاسایشی عێــراق هەســتان بەلــەناوبردنی ڕەگــەزی نێــری بارزانییــەکان لــەو ئۆردوگایانــەدا کــە هەرهــەموویان خــەڵکی بــێ گونــاه و مــەدەنی و کرێکـاربوون، ئـەو ئۆردوگایانـەش حکومـەتی عێـراق بـە ویسـتی خـۆی درووستی کردبـوون، دووربـوون لەهـەر مەترسیەکی دەرەوە و نـاوەوەدا، بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان بـوون، دووربـوون لەسنوورەکان، هـیچ شــەڕو مەترســیەك لــەم ناوچــانەدا لــە ئارادانــەبوو، هێــزی چــەکداری پێشمەرگە لە شاخەکانی سەرسنوور بوون، گەربـە بیـانوی شـەڕی نێـوان عێــراق و ئێــرانیش بێــت ئــەوا هــیچ پەیوەنــدی بەخــەڵکی ئــەو ئۆردوگایانەوە نەبووە ئافرەتەکان کابان و پیاوەکان کرێکاربوون.

ئافرەتێـك بـەناوی (رازیـا عـەلی سـەعید)[١٦] تەمـەن (٣٨) سـاڵ دەڵێـت: (سپێدەیەکی زووبوو دەوروبەری ئۆروگایەکـەمان لـە سـەرباز و تـانکی و ئۆتــۆمبێلی گــەورەی ســەربازی داگیرکرابــوو، هاوســەرەکەم کرێکــاربوو دەچووە سەرکارەکەی لـە رێگـاوە دەسـتگیرکرا، مـن تـەنیا دوومـانگ بـوو شووم کردبوو، کە هاوسەرەکەم ئەنفالکرا).

ئـافرەتێکی تـر لـە بـەجێماوی بارزانییـە کۆمـەڵکوژکراوەکان، بـەناوی (جەزبیە عەبدولخالق زبەیر)[١٨] تەمەنی (٤٢) ساڵەو دەڵێت: (پیاوەکان لەمال و لەسەرشەقام گیران، ئێمەش بەهانایان چووین و دوایان کەوتین، بـەڵام سـەربازەکان زۆر بێویژدانانــە لـە ئافرەتـەکانیان دەداو تەقــەیان لەئێمە دەکرد، کاتیك هاوسەرەکەم گیرا من تەنیا بیست ڕۆژ بـوو شـووم کردبوو).

گەر ئێمە بە دیدگایـەکی کۆمەڵناسانە سـەرنجی ئاخفتنـەکانی ئـەم دوو ئافرەتە بدەین، زۆر بەئاشکرا بۆمان بە دیـار دەکـەوێت کـە ئەوانـەی لـە سـاڵی ١٩٨٣ گـیران و کۆمــەڵکوژکران خــەڵکی مــەدەنی و کرێکاربوونــەو لەنێو ماڵ و منداڵیان ڕاپێچکراون، ئەم بارزانیانە بە سادەترین مانا ئەو پیاوانەن کە بـە وەرزێـری و مانـدووبونی شـەو و ڕۆژ کاریـان دەکـرد بـۆ پێکهێنانی خێزانێکی بەختەوەر، پیاوێك هیچی لە دەوڵـەت نەدەویست، بەلایــەوە کێشــە نــەبوو کارەبــا دەگاتــە گوندەکــەیان یــان نــا، هــەموو تەمــەنیان بـۆ بەختــەوەری منداڵــەکانیان تــەرخانکردبوو.[١٩] هــەروەها حکومەتی بەعس بەردەوام بوو لە ڕاپێچکردنی نێرینەکان و تەقەکردن لە ئافرەت و منداڵەکان بە هەرەمەکی، هەروەها بە شێوەی نهێنـی و بـە شێوەی ئاشکرا ڕژێمی بـەعس بـەردەوام بـوو لـە شـێوازی جۆراو جـۆری کۆشـتن و لـە نـاوبردن و سـۆتاندنی خانووبـەرەی جۆتیارەکـان و وێـران کردنـی دێهاتــەکان و ڕاگواسـتنی ئـافرەت و زارۆك و پـیرو پەککەوتـەی بارزانییەکان تا بەهاری ساڵی ١٩٩١.

▪ **بەندی دووەم** دەڵێت: (جینۆساید هەموو ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کە بەمەبەستی لەناوبردنی تەواوی یان بەشێك لە گرووپێکی نەتەوەیی، ئیتنیکی ، ڕەگەزی، ئاینی ئەنجام دەدرێت) ئەم کارانەی خوارەوە بەپێی هەمان بەندی دووەم بە جینۆساید دیاری دەکرێن:[٢٠]

١. کۆشتنی ئەندامانی ئەو گرووپە.
٢. زیان گەیاندن بەئەندامانی گرووپەکە لەلایەنی جەستەیی.
٣. بەئەنقەست دانانی ئەندامانی ئەو گرووپە لە ژێر بارووودۆخێکی نەگونجاو، کە ببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێك یان تەواوی گرووپەکە.
٤. تەکەرە خستنەبەر منداڵ بوون و ڕێگە گرتن لە زاوزێ.
٥. گواستنەوەی منداڵانی گرووپەکە بۆ گرووپێکی تر بە هێزو زۆرداری.

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم کارانە بکەین و ئاسەوارو تاوانەکانی ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی ساڵی ١٩٨٣ ی بارزانییەکان بخوێنینەوە دەبینین جۆری فەوتاندنەکە دوولایەنی هەیە:

أ- لایەنی ماددی: واتا کۆشتن و پەلاماردان و ئازاردان و نەزۆك کردن.
ب- لایەنی مەعنەوی: واتە درووستکردنی بارودۆخێکی سەخت بەمەبەستی شێواندن و فەوتاندن و پێکهێنانی ئازاری دەروونی و سەرلێشێواندن، بە زۆر ڕاگواستنی منداڵ لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی دیکەی داب و نەریت و زمان و کۆلتوور جیاواز.[٢١]

لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوە ئەو بارزانیانەی کە ڕاگوێزرابوون بۆ باشووری عێراق و ئەوانەی لە باکووری عێراقیش لە ئۆردوگایە زۆرەملێیەکاندا بەزۆر نیشتەجێکرابوون، باگراوەندو دیزانی ئۆردوگاکان کاری خراپی

کردبووە سەر هزرو بیرو هۆش و دەمارو مێشکیان و تەنانەت شلەژانی خێزان و تێکدانی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە دوای لەناوبردنی نێرینەی بارزانییەکان، بەجێماوەکانیان لە ئۆردوگا زۆرەملێەکان لە ڕەۆش و بارووودۆخێکی سەخت دابوون، حکومەتی عێراق ڕێگای نەدەدا بەجێماوەکانیان کە هەرهەموویان ئافرەت و منداڵ بوون بچنە دەرەوەی ئەو ئۆردوگایانە چ بۆ کارکردن چ بۆ شتومەك کرین. هەروەها دەستیان کرد بە بڕینی ئاو کارەبا و داخستنی دەرگای قوتابخانەکان لە سەرمنداڵەکان و بڕینی ئازوقەی مانگانەو پشتگوێخستنی پێداویستییە تەندروستی و خزمەتگوزارییەکان.

ئافرەتێکی ڕاگوێزراو و بەجێماوی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بەناوی (سێف شێخ محەمەد)[٢٢] تەمەن (٦٨) ساڵ دەڵێت: (پاش ئەوەی کەسوکارمان گیران و شوێن بزرکران کە سێ کوڕم بوون، ئێمە لە ژیانێکی سەخت دابووین، نزیکەی مانگێك هیچ (روون) مان نەمابوو، من زۆردەترسام دەمگوت ئەمجارەیان منداڵەکانم لە برسان دەمرن، بەنهێنییەوە دەچوومە دەرەوەی کۆمەڵگا چوومە دۆکانێك بۆ ئەوەی (روون) بکرم، خاوەن دۆکانەکە ترساو گۆتی: خوشکە تکات لێدەکەم برۆ لێرە، من ناتوانم هیچ شتێك بە ئێوە بفرۆشم ئەگەر بفرۆشمە ئێوە، ئێمەش وەك پیاوەکانی ئێوە دەستگیردەکرێن...).

ئافرەتێکی تر بەگریانەوە دەیگوت: [٢٣](کورەکەم شەش مانگ پاش زیندەبەچاڵکردنی باوکی لەدایك بووە، باوکی خۆی نەبینیوە، رۆژێ لە

رۆژان کورەکـــەم هاتـــەوە بـــە گریانـــەوە گـــۆتی: دایـــە گیـــان بۆچـــی هاورێیەکانم باوکیان قسە دەکات و روحیان هەیە و لەگەل منداڵەکانیان دەچـنە بـازار، ئـەی بۆچی بـاوکم وێنەیـە و قسـەناکات و روحـی نییـە، منیش نـەمتوانی خـۆم راگـرم بەگریانـەوە گوتم: باوکیشت وەك بـاوکی ئەوان قسەی دەکردو گیـانی هـەبوو بـەڵام ئـاخ (سـەدام) بـردی و بـزری کردن، بەو تەمەنـە منداڵیـەی خـۆی لەبـەر تاوانـەکانی سـەدام دەیکـردە گریـان و هـاوار، کورەکـەی مـن بـاوکی خـۆی تـەنیا لەوێنـەدا دیبـوو وێنەکـەمان گـەورە کردبـوو هەلواسـرابوو...جەژنمان نـەبوو لـە رۆژانـی جـەژن هـەموو کۆدەبوینـەوە و یـادی پیاوەکانمـان دەکـرد، تەنانـەت منداڵکانیشمان جەژنیان نەبوو.

دوو سێ ساڵ پاش پڕۆسەی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان ئێمە بەنهێنییـەوە لە ئۆردوگاکان ڕامانکردو چوینە شاری هـەولێر لـەوێ کارمـان دەکـرد، چـەند خێزانێـك بـووین خانوویـەکمان بـەکرێ گرتبـوو، ئافرەتـەکان بەنووبـە هـەر هەفتەیـەك یـەکمان دەچـووینەکار، ئافرەتێـك لەماڵـەوە دەما، یاخود جیرانەکانمان مندالەکانی ئێمەیان دەبردە لای خۆیان، تاوای لێهـاتبوو منداڵـەنمان بـە ئێمـەیان دەگۆت دایکی شـەو بـە ئافرەتـەکانی تریان دەگۆت دایکی رۆژ...).

هـــەمان ئـــافرەت بەگریانـــەوە دەیگـــوت: (کاتێـــك ســـەربازەکان زۆر بێویژدانانە بـەناو کوچـەو کـۆڵان و ماڵـەکان کـەوتن مـن بەچاوی خـوم بینیم ئافرەتێـك بـەدوای هاوسـەرەکەی دا دەچـوو بـو ئـەوەی دوا دیـدار بیبینێ، بەڵام سەربازەکان کەوتنە لیدانی بە پێلاقـەو قۆنداغـە تفـەنگ

کـە ئافرەتەکـە دووگیـان بـوو، دوای ئـازارو ئەشـکەنجەییەکی زۆر بـەر لـەوەی منداڵەکـەی چاو بـە دونیـا هـەلێنێ گیـانی سـپاردو دایکەکەشـی جەسـتەی خـەڵتانی خـوێن بـوو! ئـەم دیمەنـەم هـەرگیز لـە یـاد ناچێت...!).

ئافرەتێکی تر بەناوی (شـوکریە محەمـەد ئەبوبـەکر)[٢٤] خـەڵکی گونـدی شنگێل تەمەن٤٩ ساڵ دەڵێت: (تاکو ئێستا ژیانم، ژیان نـەبووە، دوو رۆژم مابوو ئاهەنگی هاوسەرگیریمان بگێرین، هەموو کاروباری ئاهەنگەکەمان ئامادەکرابوون... بەڵام داخەکەم ! ئەو دوو رۆژەم لێ بـوو بـە ٢٥ بیست و پێـنج سـاڵ چـاوەروانی، جلـی سـپی بـوکێنی بـوون بـە جلـی رەش، دەزگیرانەکەم ئەنفالکرا، تا چەند مانگێك بـەر لـە ئێستا هەرچاوەروان بووم، کەچی ئیسقانەکانی بۆم هاتنەوە...).

پیاوێکی ڕاگوێزراو بوو باشووری عێـراق[٢٥] دەڵێـت : ((ئێمـەیان بـرد بـۆ بیابانێـك کەچـەند ئۆردوگایـەك بـە(العمل الشـعبی) دروسـتکرابوون، تابلۆیەك لەوێ درابۆ نووسرابوو -دار الفناء- ئاوێکی پیس لاشەی ئاژەڵی تۆپیوی پێدا دەهات. خـەڵکێکی زۆر تۆشـی نەخۆشـی بـوون زۆرێکـیش دەمردن روژانە نزیکەی (١٠) دە کەس دەمردن، سەرەتا جەستەیان ڕەش و شین دەبوو دواتر دەمردن، پاشـان دکتـور هـات و گـۆتی: ئێـرە جێگـای ژیان نییە ئاو هەوای ئەو شوێنە بۆ ژیان بەسەربردن ناشێ.))

پیاوێکی ڕاگوێزراو بۆ باشووری عێراق بـەناوی (عبداللـه یاسـین مسـتەفا) کـە لـە سـاڵی ١٩٨٣ لـە گـەل (٨) هەشـت هـەزار نێرینـەی بـارزانی زیندەبەچاڵکراوە، داواکارییـەکی دەستنووسـی لـەپاش بـەجێماوە کـە بـۆ

"قایمقامی قەزای عەفەکی" ئەو کاتی ناردووە و لە ڕێکەوتی ١٩٧٩/٩/١٠ (کە دەکاتە باپیرم) دەقی داواکارییەکە بەم شێوەیە نووسراوە:

بەرێز قایمقامی قەزای عەفەك

خستنەڕوو

سەرکردەی شۆڕش و حزب خانوویی تازەی بەخشی بە کوردەکان لە عەفەك وە تا ئێستا خۆم نەگواستووتەوە بۆ ئەویَ، لە بەر ئەوەی ئاوی سازگار و سافی نییە و شوێنەکەی دەکەوێتە ناوەندی دوانزدە خانوو ناوەندی خانووی ژمارە (٦) شەش و دوورە لە گۆڕەپانی گشتی و منداڵی بچوکم هەیە پێویستیان بە ئاوی ساف و سازگارە بۆخواردن و خواردنەوەو شیولێنان و شوشتنی، داوای ڕەزامەندیتان لێدەکەم بۆ دابینکردنی ئاو و کاتژمێری ئاوی، من ئامادەم بۆ پێدانی پارەی یاسایی.

ڕێزو سۆپاسم بۆتان لەوەی پێشتر.

١٩٧٩/٩/١٠

داواکار

کوردی گۆاستراوە

عبدالله یاسین مستەفا

- بڕوانە دەقی داواکاری کوردی ڕاگوێزراو لە پاشکۆی ژمارە (٤).

ئەگەر بەوردی سەرەنجی ئەم چەند پەیڤانەی سەرەوەی بەجێماوی بارزانییە کۆمەڵکۆژکراوەکان و کەسە ڕاگوێزراوەکان بدەین، دەبینین هەموو برگەکانی بەندی دووەمی پەیماننامەی بەربەندکردنی جینۆساید لە سەر بارزانییەکان بەشێوەیەك لەشێوەکان جێبەجێکراوە.

- **بەندی سێیەم:**

بە پێی بەندی سێیەمی ڕێکەتنامەی سزادان و بەربەندکردنی جینۆساید هەریەك لەم کارانەی خوارەوە دەچنە خانەی بەرپرسیارێتیەوە و سزای لەسەرە:[٢٦]

١. جینۆساید.
٢. پیلان گێران بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.
٣. هاندانی ڕاستەوخۆ ئاشکرا بەمەبەستی جینۆساید.
٤. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.
٥. بەشداریکردن لە جینۆساید.

لەساڵی١٩٧٥ بەدواوە سەرتای سڕینەوەی گرووپێکی ئەکتیڤی کوردبوو، ئەکتیڤ بەو مانایەی، ئەو گرووپە لەو ڕۆژگارەدا وریاترین گرووپ بوون بۆ بەگژاچوونەوەی بەعس، ئەگەر لەرووی یاسای نیودەوڵەتیەوە جینۆساید بریتی بێت لە سڕینەوەی هەرجموجوڵ و ئایدولۆژیا و بیرکردنەوەیەك، بەعس پاش سڕینەوەی فەیلیەکان، هەوڵێکی رادەبەدەری دا بۆ سڕینەوەی بارزانییەکان.[٢٧] سەدام حوسێن

**لە وتارێکدا لە(١٢)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٣ هیچ گومانێکی نەهێشتەوە کە ئـەم تاوانـە قیزەونـەی بەسـەر بارزانییـەکان هێنـاو گـۆتی: (ئەوانـە خیانـەتیان لـە وڵات و خیانـەتیان لـە پـەیمان کـرد، بۆیـە ئێمـەش بـە سزای تۆندو سەختمان گەیاندن و بۆ دوزەخمان نـاردن)[٢٨] لەپڕۆسـەی ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی بارزانیەکان برگەکانی بەندی سێیەمیشی تێدا بەزەقی دیاردەکەون.**

**لــەم شــیکردنەوەیەدا دەگەینــە ئــەو ئەنجامــەی کــە بەنــدەکانی پەیماننامــەی بەربەنــدکردنی جینۆسـاید، بــە چ جۆرێـك پێناســەو تایبەتمەنــدی جینۆســایدی دیاردەکــەن، بەهــەمان شــێوە جــۆری تاوانــەکانی ڕاگواسـتنی بارزانییـەکان بـو ئۆردوگـا زۆرەملێیـەکان لـە سـاڵی ١٩٧٥ بـە دواوە و کۆمـەڵکوژی بارزانییـەکان لـە سـاڵی ١٩٨٣، بـە تەواوی دەکەونە بەر ئەو پێناسە و دیاریکردنـە، کەواتـە ڕاگواسـتن و کۆمەڵکۆژی بارزانییەکان پیادەکردنی سیاسەتی جینۆسایدە.**

# سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

١.چاوپێکەوتن لە گەل (کوێستان محەمە سلێمان) هردان، ٢٠٠٦.

٢. چاوپێکەوتن لە گەل (نافیا رەشید باپیر) هردان، ٢٠٠٦. (چەند مانگێك پاش ئەم چاوپێکەوتنە کۆچی دوایی کردووە)

٣. چاوپێکەوتن لە گەل (هەڵاڵ خدر مستەفا) بلێ، ٢٠٠٦.

٤. چاوپێکەوتن لە گەل (ساڵح عبدالله باپیر) بازێ، ٢٠٠٦.

٥. چاوپێکەوتن لە گەل (موم عبدالله اسماعیل) هردان، ٢٠٠٦.

٦. چاوپێکەوتن لە گەل (نبی عمر نبی) بلێ، ٢٠٠٩

٧. چاوپێکەوتن لە گەل (نایف فقی برایم غفور) بەغدا، ٢٠٠٩

٨ .د.شوکریە ڕەسول، هەلوەشاندنەوەی خێزانی کورد لەنێوان دەسەڵاتی بەعس و مافی مرۆڤدا، هاواری ئەنفال ژمارە (١) هەولێر ٢٠٠٢، ل.٣٧

٩.چاوپێکەوتن لەگەل (ئامینە محەمەد ساڵح) بلێ، ٢٠٠٦.

١٠.هەژار عەزیز سورمێ، کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن هەلوێستی یاسای نێودەولەتی، لە بلاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٤٢.

١١.یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات، ئەنجام و رەهەندەکانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٩.

١٢.د.مارف عومەڕ گول، جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی سێیەم لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی ٢٠٠٦، ل١٤.

١٣.رێبوار رەمەزان بارزانی، چون دەروانییە دادگایکردنی سەدام و هاوکارەکانی لە پرۆسەی ئەنفالدا، دەنگی ئەنفال ژمارە (٣٦)، هەولێر ٢٠٠٥، ل٢.

١٤.شۆڕش حاجی ڕەسول، ئەنفال کوردو دەولەتی عێراق، چاپی دووەم لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٦.

١٥.چاوپێکەوتن لەگەل(خاتون زیاب در) بارزان، ٢٠٠٦.

١٦.چاوپێکەوتن لە گەل(موم عەبدوللا ئیسماعیل) کومەلگا هردان، ٢٠٠٦.

١٧.چاوپێکەوتن لەگەل (رازیا عەلی سەعید) بارزان، ٢٠٠٦.

١٨.چاوپێکەوتن لەگەل (جەزبیە عەبدولخالق زبەیر) بارزان، ٢٠٠٦.

١٩.لەتیف فاتح فەرەج، جینۆسایدو کالًبونەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ سلێمانی ٢٠٠٤، ل١٣.

٢٠. دەقی ماددەی(٢) ی رێکەوتننامەی سزادان و بەرگریکردنی جینۆساید.

٢١.د.مارف عومەڕ گول، پۆلین کردنی تاوانەکانی ئەنفال بەپێی جۆرەکانی جینۆساید لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٢ ل٣٤.

٢٢.چاوپێکەوتن لەگەل(سێف شێخ محەمەد) بازێ، ٢٠٠٦.

٢٣.چاوپێکەوتن لەگەل(خانزاد تەتو مستەفا) بازێ، ٢٠٠٦.

٢٤.رێبوار رەمەزان بارزانی، رێپورتاژێك لە گەل(شوکریە محەمەد ئەبوبەکر)، رۆژنامەی هەولێر پۆست، ژمارە(٣)، ٢٠٠٥، ل٧.

٢٥.چاوپێکەوتن لەگەل(کامل تاهر عمر) بلێ، ٢٠٠٦.

**٢٦.دەقی ماددەی (٣)ی ڕێکەوتننامەی سزادان و بەرگریکردنی جینۆساید.**

**٢٧.لەتیف فاتح فەرج، جینۆسایدکردنی بارزانییەکان جینۆسایدکردنی کورد بوو، هەفتەنامەی گۆڵان ژمارە(٥٩٧)، ٢٠٠٦، ل٧.**

**٢٨.زەمان عەبدە، بارزان لەپڕۆسەی ئەنفالدا، گوڤاری دەنگی ئەنفال ژمارە(٥١)، ٢٠٠٦، ل٣، هەروەها ئەم وتارەی سەددام حوسێن بە دەنگ و ڕەنگ هەیە و لە ڕاگەیاندنەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.**

## بەشی چوارەم:

## لەناوبردنی ژینگەو بەمینکردنی دەڤەری بارزان.

### باسی یەکەم:

### تاوانی لەناوبردنی ژینگە (ئیکۆساید) لە دەڤەری بارزان

هەموو ڕێکەوتننامە و داب و نەریتەکانی پەیوەست بە یاسایەکانی جەنگ، دژی لەناوبردنی سامانی گشتی و زیان گەیاندن بە ژینگەی سروشتین.

ڕێکەوتننامەی نێودەولەتی سەبارەت بە قەدەغەکردنی بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی گۆڕانکاری ژینگەی سروشتی بۆ ئامانجی سەربازی یان هەرئامانجێکی زیان بەخش بە ژینگە لە ١٠-١٢-١٩٧٦ لە لایەن کۆمەڵەی گشتی پەسەندکراوە و لەلایەن دەولەتی عێراقیش مورکراوە[1] دەڵێ:

١- هەر دەوڵەتێکی بەشدار لەم ڕێکەوتننامەیە بەڵێن دەدا، بۆ ئامانجی سەربازی یان ئەو ئامانجەی زیان بە ژینگەی سروشتی دەگەێنن کە ڕەنگدانەوەی فراوان و درێژخایەن و زیان بەخشیان هەیە، ئەو ئامرازو تەکنیکانەی کە دەبنە هۆی گۆرانکاری ژینگەی سروشتی، لەناوبردن و زیان پێگەیاندنی ژینگە، بەکارنەهێنێ کە زیان بە دەوڵەتێکی بەشدار دەگەێنن.

٢- لە ژێر روشنایی بەندی -١- یەکەم واتا تەکنیکەکانی گۆڕانکاری ژینگەی سروشتی هەموو ئەو تەکنیکانە دەگرێتەوە، لەرێگەی دەستکاری و مانیپۆلکردنی پرۆسەکانی سروشت، کە ئامانجیان گۆڕانکاری دینامیك و پێکهاتە یان ستراکتەری زەوی، بیۆسفێر (Biosphere) بەهەموو (بونەوەرەکانی)، لیتۆسفێر (Lithosphere)، ئەتمۆسفێر (Atmosphere) یان کایەی دەرەوەی ئەتمۆسفێرە.(٢)

رژێمی پێشووی عێراق گۆناهبارە بە تاوانی لەناوبردنی ئیکۆساید -ژینگە- (Ecocide) یاخود (وێرانکردنی ئیکۆلۆژیا) کە ئەنجامەکەی بە جینۆسایدێکی گشتی دەشکێتەوە، ئەویش بە وێرانکردن و لەوتاندنی ژینگە ناسراوە ئەم تاوانە خۆی تاوانێکی نێونەتەوەیی سەربەخۆیە.(٣)

بەندی (٥٥) لەپرۆتۆکۆلی دووەمی جنێف (١٩٧٧/٦/٨) بەناونیشانی پاراستنی ژینگەی سروشتی دەڵێ:

١- بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنانی ئەو میتۆدو و هۆیانەی زیان بەژینگەی سروشتی و تەندروستی و سەلامەتی کۆمەلانی خەڵکی ژینگە دەگەێنن قەدەغەیە.

٢-هەموو پەلامارو هێرشێك، بەناوی تۆڵەکردنەوە بۆ سەر ژینگەی سروشتی یاساخە.(٤)

حکومەتی عێراقیش درێخی نەکردووە لە بۆمباباران کردن و سۆتاندن و وێرانکردنی دەڤەری بارزان و لە ناوبردنی ژینگەکەی .

تەنیا لە سەدەی بیستەمدا زیاتر لە ( ١٦ ) جار دەڤەری بارزان وێرانکراوەو سۆتێنراوە هەندێك جار لەگەل زەوی تەخت کراوە ژیان

**بەگشتی بەمرۆڤ و ئاژەڵەوە بەدارو درەختەوە سۆتێنراوە. لە کاتی شۆڕش و راپەرینەکانی بارزان و ڕاگواستنی بارزانییەکان بە درێژاییی سەدەی ڕابردوو ژینگەش بێبەش نەبووە لەوێرانکردن و سۆتاندن و لەناوچوون، جۆرەها تۆخمی زیندەوەر و ڕووەك لە ناوچوون و قڕکراون، هەزاران دۆنم زەوی بەپیت و چێنراو وێرانکراوە.**

**ژینگەی دەڤەری بارزان زیانێکی زۆری بەرکەوتووە وچەندین جار شێوێنراوە، شێواندنی ژینگەش دەبێتە هۆی بیوساید (Biocide) واتا (فەوتاندنی ژیان) ئەمەش کاردەکاتە سەر نەك هەربوونی مرۆڤ و ژیانی لەو ناوچانەدا، بەڵکو بوونی هەموو گیانەوەرێك و چۆنێتی شێوەی ئاسایی و سروشتیش.(٥)**

**یەکێك لە شایەدحاڵەکان بەناوی (حاجی شێرو حاجی)(٦)تەمەن(١٠٠) ساڵ دەڵێت: (بەبیرم دێ زیاترلە (١٦) جار گوندەکەمان سۆتێنراوە و دووبارە ئاوەدانمان کردووتەوە، جار هەبووە ساڵێ دووجار ئاوارە دەبووین و دووبارە گوندەکانمان ئاوەدان دەکردەوە، هەندێك جاریش هێشتان ئاگر بەتەواوی لە خانووەکان نەدەکوژاوە هەڵدەستاین بە ئاوەدان کردنەوەی ئەمە جگە لە سۆتاندن و وێرانکردنی رەز و باخ و بێستان و مەڕو مالاتەکانمان).**

**پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی١٩٧٥ بەدواوە رژێم ناوچەی بارزانی بە تێکرای ژیان و ژینگە و سۆتاندو تەختکرد و کانیاوکانیشی هەڵتەکاندو مینرێژکرد، نزیکەی ٧٠٪ ژینگەو دارستانیش لە ناوچوو.(٧)**

بارزانییەکان هەرلە کۆنەوە بە پاراستنی ژینگە ناسراون لە سەردەمی "شێخ عبدالسلام" دا زیاتر لە ڕێنمایی دەچوو، بەڵام لە سەردەمی "شێخ ئەحمەد بارزانی" زیاتر چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و پاراستنی ژینگەn لە سەردەمی "شێخ ئەحمەد بارزانی" لە چەند بڕیارێك خۆی دەنوێنێ لەوانە:(٨)

١. هیچ کەسێك بۆی نیە ئاژەڵی کێوی بکوژێت هەرکەسێ ئەم ڕەفتارە بنووێنێت بە مرۆڤێکی خراپ کارو فەرمان شکێن و بێباوەر دەژمێردرێ بە شێوەیەکی مەعنەوی سزادەدرێ .

٢. نابێ هیچ کەس ماسی بە ئالەتی کۆکوژی وەك قومبەلە، ئالەتی کارەبای، دەرمان ڕاوبکات. هەروەها راوە ماسی لە کاتی زاو زێ و بالندە لە سەر کانیاو و ئاوەکان، قەدەغە بووە.

٣. بۆ هیچ کەسێك نییە بەچەکی ئاگر باڵندە بکوژێ، بەتایبەتی(کەو و ئاژەلی کیوی).

٤. نابێت هیچ کەسێك هەنگ (مێشی هەنگ) ببڕێتەوە یان لە ناوببات تەنها بۆی هەیە خۆماڵی بکات یان بەخێوی بکات.

٥. هیچ کەسێ بۆی نییە داری بەرهەمهێنەر وەك (مازی، گێوژ، هەرمێی شاخ، گوێز، قەزوان، گڕك، داری بی، چنارو بەروو هتد...) ببڕێ و سەرپێچی کاریش سزای ماددی و مەعنەوی دەدرێ.

٦. کەس بۆی نییە داری بێ بەرهەم ببڕێ بە مەبەستی سۆتاندن، تەنیا داری وشك نەبێ کە لە کەلك کەوتبێ.

٧. هیچ کەس بۆی نییە بەمەبەستی رەژوو(خەڵۆز) دار بسۆتێنێ.

هــەرکاتێك دەڤــەری بــارزان ڕووبــەرووی ئــاوارەبوون و ڕامــاڵین و ڕاگواستن بۆمباران دەبوو ژینگەی دەڤـەری بـارزانیش وەکـو خەڵکەکـە تۆشـی زیـان پیگەیانـدن و لـە ناوچـوون دەبـوو، هـەرکاتێك خـەڵکی دەڤەرەکە هەڵی بۆ دەرەخساو دەگەڕایـەوە ژینگەکـەش سـەر لـە نـوێ دەبۆژایەوە، بەم شێوەیە لە دەڤەری بـارزان خـەڵك و ژینگـە وەکـو دوو ڕووی یەك دراون.

***باسی دووەم:***

## بەمینکردنی دەڤەری بارزان

بە پێی زۆر سەرچاوە، حکومەتی پێشووی عێراق ۱۰ تا ۱۵ ملیۆن مینی لە کوردستان داناوەتەوە کە زۆربەیان لە مارکەی(ڤەلمار- Val Mara)ی ئیتالین.

کۆمیسیۆنی بـەرگری لـە پەرلـەمانی ئیتـالی لـە۳۰-۱-۱۹۹۲ بـەتێکرای دەنـگ پێشنیاری کرد(شاندێکی سەربازی ڕەوانەی کوردستانی عێراق، ناوچەکانی سـەر سـنووری تورکیـا بکرێـت بـۆ ئـەوەی بەشـداری لـە هەڵگرتنـەوەی مینەکان بکەن)[۹] بەڵام پێشنیارەکە جێبەجێ نەکرا، بـە بڕیـاری ۱۰-۳-۱۹۹۳ و E/CN .٤/۱۹۹۳/۸۳ داوای لە کۆمەڵگای نێودەولـەتی کـرد تـا قەدەغـەی درووسـتکردن و بـە کارهێنـانی مینـەکانی دژ بـە مـرۆڤ بکـات بـۆ ئـەوەی ژیانی ملیونەها هاوڵاتی و منداڵ بپارێزن لەم ولاتانەی گیرۆدەی ململانێی چەکداری بوونەتەوە . هەروەها کۆمەڵەی گشتی ( UN ) لە بڕیـاری ۱۹-

١٠-١٩٩٣ و A / Res.٤٨/٧ داوای لە ولاتان کرد بۆ ئەوەی کۆمەك و هاوکاری پێشکەشی ئەو ولات و ناوچانە بکەن کە بەدەستی مینە دژە مرۆییەکان دەناڵێنن.[١٠]

بڕیاری ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مین لە دژی خەڵك لە ڕێکەوتی ١٨ی ئەیلولی١٩٩٧ دەرچووە لە مانگی مارسی ١٩٩٩ چووتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٤ زیاتر لە سێ یەکی ولاتانی جیهانی بوونەتە بەشێك لەم ڕێکەوتننامەیە.[١١]

ئەم ڕێکەوتنامەیە هەوڵ دەدات بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئەو کێشەو گرفتانەی کە ڕووبەرووی خەڵك بوونەتەوە لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی مینی دژە کەسی، ئەم ڕێکەوتننامەیە دادەنرێت بە تێکەلەیەك لە یاساکانی مرۆیی نێودەولەتی و یاساکانی نێودەولەتی داماڵینی چەك. کە تایبەتمەندییەکانی پەیمانی داماڵینی چەك لە خۆدەگرێت، بەلام ئامانجێکی مرۆیی تەواوی هەیە لە دێری یەکەمی پێشەکی ڕێکەوتنامەکە جەخت لە سەر ئەو شێوە مرۆییانە دەکات کاتێك کە دەلێن ئەو ولاتانەی کە بەشدارن تیایا سورن لە سەر کۆتایهێنان بە هەموو ئەو ناهەمواریيانە کەلە دەرئەنجامی مینی دژە کەسی ڕەچاودەکرێت وە دەبێتە هۆی کوشتن یان شێواندنی سەدەها کەس. ڕێگا لە گەشەکردنی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە دەگرێت، ڕێگا لە ئاوارەکانی ناو خۆی ولات دەگرێت کە بگەڕێنەوە سەر ناوچەکانیان و دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەند ئەنجامێکی تری کاریگەر و ناخۆش بە هۆی مانەوەی بۆ چەندەها ساڵ لە دوای چاندنی.[١٢]

ڕێکەوتننامـەی قەدەغـەکردنی بـەکارهێنانی مـین لـەدژی هـاوڵاتی چـەند ماددەیەك لە خۆدەگرێت، کە ئەمانەی خوارەوەن:

**ماددەی یەکەم:-[١٣]**

١- هەموو ئەو وڵاتانـەی کـە بەشـدارن لەرێکەوتنامەکـە بـەڵێن دەدەن کە لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا هەڵنەستن بە:-

أ- بەکارهێنانی مینی دژە کەسی.

ب- بە بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی مینی دژەکەسی، یـان هـەیبێت بـە هەرشێوەیەك یان کۆگای کات یان بیان پارێزیت یان بیانگوێزیتەوە بـۆ هەرشوێنێکی تر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

ج- بە یارمەتیدان یان هاندانی هەرلایەنێك کە هەڵدەستێت بە چالاکی قەدەغەکراو وە خۆی ئەندامە بە پێی ئەم رێکەوتنامەیە.

٢- لە سەر هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەشدارن هەستن بە تێکشکاندنی هەموو مینە دژە کەسەکان یان بەڵێن بدەن بە تێکشکاندیان بە پێی بەندەکانی ئەم رێکەوتنامەیە.

**ماددەی دووەم:-**

١- مەبەست لە (مینی دژە کەسی) مینێك کە دیزاین کراوە بۆ تەقینـەوە بـە هـۆی کـرداری کەسـێکەوە لـەلای یـان نزیـك لێـوەی یـان دەسـت کاریکردنی کە دەبێتە هۆی ئیفلیج بوون و برینـداربوون و کوشـتنی کەسێك یان زیاتر.

**بەلام ئەو مینانەی وادیزاین کراوە کەبتەقنەوە بە کرداری ماشینێك، نەك کەسێك لەلای بێت یان مامەڵەی لە گەڵدا بکات. کە ئامرازی دژە مامەڵەکردنی بۆ دابین کراوە، ئەمانە بە مینی دژە کەسی دانانرێن لە بەرئەوەی بەشێوەی ئامادەکراون.**

**٢- مەبەست لە(دژەمامەڵەکرن)ئامرازێکە ئامادەکراوە بۆ پارێزگاریکردن لە مین کە لەوانەیە بەشێك بێت لە مینەکان یان پێوەی بەستڕابێت یان لە ژێرەوە بۆی دانرابێت وە دەتەقێتەوە لە کاتێکدا(بەمەبەست) هەوڵدەدرێت بۆ دەست تێوەردانی مینەکە یان پۆچەڵکردنەوەی میکانیزمی کارکردنەکە یان بەهەر ڕێگایەکی تر.**

**ماددەی سێیەم:-**

**١- بەدەر لە وابەستبوونە گشتیەکان و بەپێی ماددەی(١)، ڕێگا دەدرێت بە گلدانەوەی ژمارەیەك لە مینی دژە کەسی یان گواستنەوەی بۆ مەبەستی گەشەپێدانی ڕێبازەکانی پرۆسەی دۆزینەوەی مین، هەڵگرتنەوەی یان لە ناوبردنی و ڕاهێنان و وەرگرتن لە سەری. پێویستە بری ئەو مینانە تێنەپەڕێت لە ئاستی داواکراوی پێویست بۆ بەوکارانەی کە لە سەرەوە ئاماژە پێکراوە.**

**٢- ڕێگا دەدرێت بە گواستنەوەی مینی دژە کەسی تەنها بەمەبەستی تێکشکاندنی.**

**ماددەی چوارەم:-**

**١- بێجگە لەو نووسراوەی کەلە ماددەی (٣)دا هاتووە، هەموو وڵاتەکان پەیمان دەدەن بە لەناوبردنی هەموو ئەو مینانەی کە دژە کەسین و کۆگایان کردوون، هەیانە یان هەڵیانگرتووە یان لە ژێردەسەڵاتدارانی هەرێمەکەیدایە، لە نزیکترین کاتدا نابێت لە چوار ساڵ تێپەڕێت لە کاتی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکە بەتایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەشدارن لە ڕێکەوتننامەکەدا.**

**ماددەی پێنجەم:-**

**هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەشدارن لە ڕێکەوتننامەکە پەیمان دەدەن بە لە ناوبردنی هەموو مینە دژە کەسییەکان لە ناوچە مینرێژکراوەکاندا کە لەژێر رکێفی ئەواندایە یان کەوتووتە ژێر دەسەڵاتییانەوە، لە نزیکترین کاتدا بە مەرجێك ئەمە تێنەپەڕێت لە (١٠)دە ساڵ لەکاتی دەست پێکردن بە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەشدارن.**

**بەپێی دوا ڕێپێو کە لەلایەن ڕێکخراوێکی جیهانی لەساڵانی ٢٠٠٤- ٢٠٠٥لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە سەبارەت بە مین، دەرکەوتووە کە ٣١٤٩ کێلومەتر چوارگوشە لە تێکرای رووبەری هەرێمی کوردستان داگیردەکەن کە بوونەتە هۆی کوشتنی ٧٦٠٩ حەوت هەزارو شەش سەدوو نۆ کەس و برینداركردنی ٦٥٧٩ شەش هەزارو پێنج سەدو وحەفتاو نۆ کەس ئەمەش زەرەر و زیانێکی زۆرە لە هێز و سامانی مرۆیی و ئابووری کوردستانداو کە وای کردووە ئەو رووبەرە فراوانە لەخاکی کوردستان بێسوود و**

بەرهـــەم بێـــت ڕێگربێـــت لـــە بـــەردەم پرۆژەکـــانی ئاوەدانکردنـــەوە و گەشەپێدان.[١٤]

سەرچاوەی مـین لـە کوردسـتاندا دەگەڕێتـەوە بـۆ چـەند سـاڵێك بـەر لـە ئێسـتا، هـــەر لەســالانی ١٩٦٠ تـــاوەکو ئێســـتا کوردســـتان ئـــەم ئـــامێرە مەترسیدارەی ناسیووە، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە ڕژێمی عێراق مینێکی زۆری لە ناوچەکانی کوردستان چاند بەتایبەت لە ناوچەی بارزان کەچەندین کێلگەی مینی گەورەی لـەم ناوچـەیە درووسـتکرد.[١٥]هـەروەها پـاش ڕاگواسـتنی بارزانییـەکان و بەمەبەسـتی درووسـتکردنی پشـتێنەی ئـــەمنی لـــە ناوچـــەکانی ســـەر ســـنوور و دابڕانـــی هیـــزی پێشـــمەرگە لەناوچـەکەو درووسـتکردنی ناوچـەیەکی قەدەغـەکراو چـەندین مـین لـە ناوچە جیاجیایەکانی دەڤەری بارزان چێندران.

زۆربەی هەرە زۆری کێڵگەکانی مین لە دەڤەری بارزان دەکەوێتە ناوچـەی شـێروان و ناوچـەکانی سـەر سـنوور کـە خـەلکێکی زۆری لـە گوندنشـینە بارزانییـەکان لـەناوبردوە و بەشـێکیش بـە کـەم ئەنـدامی و پەککەوتـەیی هێشـتووتەوە. ئەمـە جگـە لـە لـەناوبردنی ئـاژەڵ و ڕووەکێکـی زۆر. ئـەم مینانە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم گەشەسەندنی باری ئـابووری و کشتوکاڵی ئەم دەڤەرە، کە گوندنشینان ناتوانن سوود لەکێڵگە کشتوکاڵیەکان و ڕەزو باخ و باخچەکان و لەوەراندنی ئاژەڵ وەرگرن.

بەشـێکێك لـە زەوییـەکانی دەڤـەری بـارزان پاککراوەتـەوە لـە لایـەن ڕێکخراوەکانی مینپاکی و بەڵام ماوەیەکی زۆری دەوێ بۆ پـاك کردنـەوەی تەواوی ئەم دەڤەرە.

بۆ نموونە گوندی کانیەلنجا و دەوروبەری بە هەزاران مین، مینڕێژ کراوە ژمارەیەکی زۆری لەلایەن ڕێکخراوی (M.A.G) پاککراوەتەوە، بەڵام مینێکی زۆریش لە کێڵگەکانی دەوروبەری ئەم گوندە ماون، وەکو کێڵگەی (دروانگ، نزار، مام ئازیز، ملێ گوڵان و روالکێ).[١٦]

کە چەندەها هاوڵاتی ئەم گوندە و گوندەکانی دەوروبەر بونەتە قوربانی ئەم مینانە. جگە لەمانەش بەشێکی زۆری ناوچەکانی (مزۆری و هەرکی بنەجێ و گەردی) دەستی ئاوەدانی و پاککردنەوەی لە مینرێژی پێرا نەگەیشتووە.[١٧]

(٨٩)کێڵگەی مین لە ناوچەی بارزاندا هەیە : چیای برادۆست، چیای نیوەخین، پیران، هەلانیا، پشت چیای پیران، چیای قەلەندەر، حوشتر گەردەن، پشت گوندی بەبیل تا شێخ کرا.[١٨]

ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی هەشتاکان لە شەڕی نێوان ئێران و عێراق لە ناوچە سنووریەکان مینێکی زۆری چاند.

جگە لە چاندنی مینێکی زۆر لە دەڤەری بارزان ڕژێمی پێشووی عێراق لە ١٩٨٦/٢/٢١ ژمارەیەکی زۆری ئەو بارزانیانەی کە لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان نیشتەجێکرابوون و نێرینەکانیان لەساڵی ١٩٨٣ ئەنفالکرابوون، هەر هەموویان ئافرەت و منداڵ بوون لە ئۆردوگا زورەملێیەکانی قوشتەپە بە پاس و زیلی سەربازی بەرەو ناوچە سنووریە مینرێژکراوەکانی دەڤەری بارزان فرێدرانە ناو کێڵگەکانی مین لە گۆڕەتوو، پیرەفات، چەمێ شێروان و چەند ناوچەیەکی تر.

ئافرەتێکی شایەدحاڵ[١٩] دەڵێت: (سەربازەکان هاتن ئێمەیان لە پاسەکان سوارکرد، هیچمان لە گەڵ خۆ نەبردوو، منداڵەکان دەترسان، برسیان بوو، تینوویان بوو، ئێمەیان بردە گۆڕەتوو کە ناوچەکە هەموو مینرێژکرابوو، ئێمەیان دابەزاندە نێو ئەو مینانە).

دواتر هەندێك لەهاوڵاتیانی ئۆردوگای گۆڕەتوو یارمەتی خێزانەکانیان داوەو ڕێنیشاندەریان بوون، کێڵگەکانی مینیان بە خەڵکەکە ئاشناکرد. دوای چەند ڕۆژێکی کەم خەڵکە ڕاگوێزاوەکە بەناچاری بەرەو ئۆردووکا زۆرەملێیەکانیان گەڕاونەتەوە.

## سەرچاوەو پەڕاوێزەکانی بەشی چوارەم

١. د.جاسم توفیق خۆشناو، دەخاڵەتی مرۆڤانە لە کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤، ل٩٨.
٢. د.جاسم توفیق خۆشناو، ه.س.پ، هەمان لاپەرە.
٣.د.مارف عومەڕگول، جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی سێیەم لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی ٢٠٠٦، ل١٥.
٤. د.جاسم توفیق خۆشناو، ه.س.پ، ل.٩٧
٥. .د.مارف عومەڕ گول، ه.س.پ، ل١٦.
٦. چاوپێکەوتن لە گەل (حاجی شێرو حاجی ) گوندی بازی .٢٠٠٦
٧. خوشەوی علی باپیر، ناوچەی بارزان و پاراستنی ژینگە، هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە (٥٨٠)، هەولێر ٢٠٠٦، ل.٤٩
٨. فریاد ئیروانی، بارزان سیمای گەشانەوەو پاراستنی سامانی خاك، هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە (٤١٧)، هەولێر ٢٠٠٣، ل.٤٤
٩. د.جاسم توفیق خۆشناو، ه.س.پ، ل٨١.
١٠. ه.س.پ، هەمان لاپەرە.
A.Res نیشانەی بریاردەرو دیکۆمێنتەکانی کۆمەڵەی گشتی.
E.CN نیشانەی بریاردەرو دیکۆمێنتەکانی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ.
١١.بەهمەن عوسمان، رێکەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مین لە دژی خەلك، بڵاوکراوەی(دژەمین) وەك پاشكۆ لەرۆژنامەی هەواڵ دەردەچێت، ل.٤

**١٢. هـ.س.پ، هەمان لاپەرە.**

**١٣. هـ.س.پ، هەمان لاپەرە.**

**١٤. سیراج بارزانی، لێدوانێك لەگەل سیراج بارزانی...، هەولێر پۆست، ژمارە (١٢٩)، نیسانی ٢٠٠٧، ل١**

**١٥. ئەمیر داود، مین لە شەڕە هاوچەرخەکان و مێژووی لە کوردستان، هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە (٤٠٠)، هەولێر٢٠٠٣، ل.٤٧**

**١٦. هاشم شێروانی، کانیە لنجا گوندەکێ بێ ناز...، هەفتەنامەی زاری کرمانجی، ژمارە (٥٧)، ٢٠٠٦، ل٩.**

**١٧. خوشەوی علی باپیر، هـ.س.پ، ل٤٩.**

**١٨. خلیل خوشەوی حەکیم، ڕاپورتێك سەبارەت بە قەزای مێرگەسۆر. لە ئەرشیفی قایمقامیەت.**

**١٩. چاوپێکەتن لە گەل (سێف شێخ محەمەد) گوندی بازێ، ٢٠٠٦.**

# تەوەرەی دووەم

# لایەنی ثراکتیکی

**بەشی پێنجەم:**

# ستراتیژییەتی توێژینەوەی مەیدانی.

## باسی یەکەم:

## کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەی هەلبژێردراو

هەلبژاردنی نموونە بە قۆناغێکی گرنگی پڕۆسەی ئەنجامدانی توێژینـەوە دادەنرێت و خستنەڕوو وەسفکردنی تایبەتمەندیەکانی نموونە بە یـەکێك لـە شـتە زۆر پێویسـتەکان لـە قەڵـەم دەدرێـت بەتایبـەتی لـە توێژینـەوە مەیدانیەکانـــدا. کـــە دەرئـــەنجامی ســـەرکەوتن و هەرەســـهێنانی توێژینەوەکەی لەسەر بەندە. نموونەی توێژینەوەش بە ڕێژەیی گۆزارشت لە کۆی کۆمەڵە دەکات کە توێژەر دەیەوێ لێیان بکۆڵێتەوە.

نموونــە -عەینــە- (Sample) وا پێناســە دەکــرێ کــە بەشــێکە لــەو کۆمەڵگایەی بە گـوێرەی ڕێگـاو پرەنسیپی زانستی دیـاری دەکرێـت و بـە شێوەیەکی ڕاست و درووست نوێنەرایەتی سەرجەم گۆمـەڵگای توێژینـەوە دەکـات[١] نموونـە واتـە هەڵبـژاردنی ڕێژەیـەکی دیـاریکراو لـە شـتێك یـان دەرهێنـانی ڕێژەیـەکی دیـاریکراوە لەتاکـەکانی کۆمـەڵگای لێکـۆڵڕاو واتـە نموونەیەك هەڵبژێرێ (ئەگەر کەمیش بێت) وێنەی سـەرجەم کۆمەڵەکـە تێدا دەربکەوێ، دیراسەکردنی گشت یەکەکانی کۆمەڵ پێویسـتی بـەتواناو ماوەیەکی زۆر هەیە، بۆیە توێژەران ناچارن بەشێك لە کۆمەڵ وەرگرن.

لەم توێژینەوەیەدا نموونەی (تۆپەڵە بەفری سەراولێژ) هەلبـژێردراوە لـە نێـوان جۆرەکـانی نموونـە بـۆ توێژینـەوەی کۆمـەڵگای باسـەکە. نموونـەی

تۆپەلـە بـەفری سـەراولێژ یەکێکـە لـە جۆرەکـانی نموونـەی مەبەسـتدار، کەئەم جۆرە وەك ئەوە وایە کە تۆپەلە بەفرێك لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە سەراولێژ دەکرێت و لە ئەنجامی ئەوەدا بەرەبەرە گەورە دبێت. ئەم جۆرە نموونەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧١ لەلایەن زانای ئـەمریکی (تینهـوتن) بەکارهێنراوە.

توێـژەر سـەرەتا لـە تاکـە کەسـێکەوە دەسـت پێـدەکات کـە پەیوەنـدی بـە بابەتەکەوە هەیەو زانیاریەکانی لێوەردەگرێت، ئەمە وەك خـاڵی دەسـپێك یـا تۆپەلـە بـەفرە بچـوکەکە سـەیردەکرێت، دواتـر پرسـیار لـەو کەسـە دەکرێت کە کێی تر پەیوەنـدی بـە هـەمان بابەتـەوە هەیـە، بـەم شـێوەیە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە رادەی پێویست.

توێـژەری ئـەم توێژینەوەیـەش بـە هـەمان شـێوە لـە کەسـێکەوە دەسـتی پێکـردووە، بـە پێـی پرسـیارکردن گـەڕاوە بـە دوایانـدا و کەسـانی تـری دەستکەوتووە، تـا بـووە بـە (١٠٠) سـەد کەسـی ڕاگـوێزارو وەك نموونـە بـۆ پرسیارنامەکە، لە هـەمان کاتیشـدا کەسـان هەبوونـە زانیـاری زۆر و تێـرۆ تەسـەلیان لـەلابووە توێـژەر چاوپێکەوتنی لەگـەل کـردوون نزیکـەی (٣٥) چاوپێکەوتن دەبێت، کە زۆربەیان چاوپێکەوتنی تێرۆ تەسەلن.

کۆمەڵگا یاخود (کۆمەڵگای ئاماری) ش بریتیە لە هەموو ئەو یەکانەی لـە نیو دیاردەی بابەتەکەن کە توێژینەوەی لەسـەر دەکـرێ. جا ئەگـەر بێتـو ئـەو کۆمەڵگایـە پێکهاتبێـت لـە (کـێش، تاکـەکان، شمـەك، چـینراوەکان لـە ناوچەیەکی دیاری کراو یان کۆمەڵێك ئاژەڵ[٢]...هتد).

کۆمــەڵگای توێژینەوەکــەمان (ڕەهەنــدە کۆمەڵایەتییــەکانی سیاســەتی ڕاگواستنی بارزانییـەکان بـۆ باشووری عێـراق لـە سـەردەمی بەعسدا) لـە خۆدەگرێت.

وەرگرتنــی نموونەکـە لـەجۆری نموونـەی قـەبارە بچوکە (عینـة صـغیرة الحجم) کە پێکهاتووە لە (١٠٠) یەکە (مبحوث).

**باسی دووەم:**

## سنووری توێژینەوە

زۆربــەی کۆمەڵناســان و باســکاران و توێــژەران لـە سـەر ئـەوە کـۆکن کـە پێویستە سنووری توێژینەوە دیاری بکرێت. دیاریکردنی سنوورەکانی ئەم توێژینەوەیەش سێ سنوور لەخۆدەگرێت:

أ.سـنووری مرۆیـی: هـەموو ئـەو بارزانییانـە دەگرێتـەوە کـە بـۆ باشووری عێراق ڕاگوێزراون.

ب.سـنووری شـوێنی: سـنووری شـوێنی ئـەم توێژینەوەیـە هـەموو ئـەو شوێنانە لە خودەگرێت کە ڕاگوێزراوە بارزانییـەکان تێدا نیشتەجێن لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق.

ج.ســنووری کــاتی: ئــەو ماوەیــە دەگرێتــەوە کــە توێژینــەوەی تێــدا ئەنجامدراوە، لایەنی تیوری لـە ٢٠٠٦/١١/١٧ دەسـتیپێکردووە لـە ٢٠٠٩/٢/١٩ کۆتایی پێهاتووە، بەڵام لایەنی مەیدانی لـە ٢٠٠٧/١/٨ دەسـتیپێکردووە لـە ٢٠٠٧/٥/٥ کۆتایی پێهاتووە.

**باسی سێیەم:**

## ئاستەنگەکانی توێژینەوە

گومـانی تێـدا نییـە کـە توێـژەر لـەکاتی ئەنجامـدانی توێژینـەوە تۆشـی کۆمەڵێك گیروگرفت بووە، کە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دابەش دەکەین:

١. ئاستەنگی زانستی؛ ئەویش نەبوونی سەرچاوەی ئەکادیمی کە دەربـارەی ڕاگواسـتنی بارزانییـەکان نووسـرابێ، جگـە لەچـەند وتـار و ڕاپـورتی ڕۆژنامەنووسی.
٢. نەخوێنـدەواری نموونـەی توێژینـەوە، کـەمی ئاسـتی خوێنـدنی کەسـە ڕاگوێزراوەکان گرفتێکی سەرەکی توێژینەوەکەبوو.
٣. بێ ئاگایی و شارەزانەبونیان لە توێژینـەوە زانستیەکان، چونکە ئـەوان پێیـان وابـوو کـە بەرژەوەندییـەك لەپشت ئەنجامـدانی ئـەم ڕاپرسـیە هەیـە، بوویـە هەنـدێ جـار ناچـار پرسـیارێکمان بـە چـەند شێوەیەك دەکرد بۆ ئەوەی زانیاری تەواو بەدەست بهێنین.
٤. دووری شـوێنەکان لـە یـەکترو نـەبوونی هـۆی گواسـتنەوە و نـەبوونی دەرماڵەی تایبەت بەخەرجیەکانی کاری مەیدانی.
٥. گەڕان و سۆڕانی زۆر بە دوای کەسە ڕاگویزراوەکاندا.

ئەمانەو چەندین گرفتی تر.

**باسی چوارەم:**

**کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

**توێـــژەر پـــەنای بردووتـــە بـــەر ئـــەو کەرەســـتانەی کـــە لـــە توێژینـــەوە مەیدانیەکانـدا بەکاردێت،پشـتی بـە زێـتر لـە کەرەسـتەیەکی کۆکردنـەوەی زانیاری بەستووە بۆ ئەوەی توێـژەر دواجار ڕێژەیـەکی زۆری داتـاو زانیـاری لەلا گەڵاڵە ببێت.**

**توێژەر لەلایەنی پراکتیکی پشتی بەم کەرەستانە بەستووە:**

**١.چاوپێکەوتن (Interview)**

**یـەکێك لـە شـێوازەکانی کۆکردنـەوەی زانیـاری چـاوپێکەوتنە. مـاکۆگی و مـاکۆبی (Macoby).( Maccogy) پێناسـەی چـاوپێکەتن بـەو جـۆرە دەکەن کە: کارلەیەککردنێکی سەرزارییە، لەنێوان دووتاکدا لە هەڵوێستێکی ڕووبـەڕوودا بـەرپا دەبێـت، کاتێـك لانـی کـەم هەوڵـدەدات هەنـدێ زانیـاری دەربڕێت و لای بەرامبەرەکەی بۆرۆژێنێت کە پەیوەندیان بە شارەزای بیرو ڕاو بۆچونەکانەوە هەیە.[٣]**

**توێـژەر سـوودی لـە چـاوپێکەوتن وەرگرتـووە لـە ڕێگـەی دانیشـتن و گفتـۆ گۆکردنی ڕووبەڕوو لە گەڵ تاکەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیـاری، چـاوپێکەوتن لەگەڵ کەسە ڕاگوێزراوەکان کە بە هۆیـەوە توێـژەر چـەندین بـیرو بۆچـوون زانیاری پتری بەدەست هێناوە، هەندێك لـە چـاوپێکەتنەکان، چـاوپێکەوتنی چـــڕ یـــان تێـــرو تەســـەلن (Focused Interview) هەنـــدێکیش چاوپێکەوتنی ئازادن.**

**لەرێی چاوپێکەوتنەوە زیاتر ئەو زانیاریانە بەدەست دەکەون کە لـە ڕێگـەی چـاودێریکردنەوە بەئاسـانی و باشـی ناتوانرێـت بەدەسـت بهێنرێـت. بـۆ**

نموونـــە زانینـــەکان، بـــیرو باوەڕەکـــان، حـــەزو ئارەزووەکـــان، دۆخ و تایبەتمەندیەکانی تاکەکان، گرووپەکان کۆمەڵگا سنووردارەکان.[٤]

## ٢.چاودێریکردن(Observation)

چاودێریکردن بە شێوەیەکی روون و دیار، شێوەیەکی سەرەکی کۆکرنـەوەی زانیارییـە لـەبارەی جیهـانی دەوروبـەر چـاودێریکەر دەتوانێـت چـاودێری بـارودۆخی نموونەکـە بکـات و لـە گرفـت و ڕەفتـار و  هەڵسـوکەوت و پەیوەنییەکانیان ئاگاداربێت.

توێـژەر یەکێکـە لـە بـەجێماوی کۆمـەڵکوژی بارزانییـەکان تەمـەنی کـەمتر ساڵێك بووە کە باوکی لە گەل (٨) هەشت هـەزار بـارزانی زیندەبەچاڵکراوە، هەروەها گوند و خانەوادەکەی لـە ساڵی ١٩٧٥ ڕاگـوێزراون بـۆ ئۆردوگـا زۆرە ملێیــەکانی  باشــووری عێــراق و پاشــان ئۆردوگــای زۆرەملــێ قۆشــتەپە لەوکاتەوە تا ئێستا لەنێو کەسوکارە ڕاگوێزراوەکانی دەژیـت و ئاگـاداری ئـەو گۆڕانانەیـە کـە بەسـەر داب و نـەریت و هەڵسـوکەوت و شـێوازی ژیانیـان هاتووە، بۆیە دەشێ بە چاودێریکەرێك لە قەڵەم بدرێت.

٣.**پرسـیارنامە (فـۆرمی ڕاپرسـی) (questionnaire)** فـۆرمی ڕاپرسـی بریتیە لەو بەڵگەنامەیەی کە بەهۆی ئەمەوە زانیاری و شارەزایی لـە بـارەی دیاردەی بابەتی توێژینەوەکە کۆدەکرێتەوە.

کۆمـەڵێ پرسـیاری گشـتی و تایبـەتی لـە خۆدەکرێـت کـە کۆمـەڵی یەکـەم دەربـارەی ڕەواڵـەت و بـاری ژیـانی تاکاکـەنی نموونـەی توێژینەوەکەیـەوە. لەپرسـیارنامەدا پێویسـتە ئامـانجی توێژینـەوە یـاخود ئـەو گریمانانـەی کـە

مەبەستمانن بە تەواوی روون و ئاشکرابن و تا بکرێت لەفراوانی بابەتەکە کەم بکرێتەوە و بابەتەکە سنورداربێت.[٥]

پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیەش لە (١٥) پرسیار پێکهاتووە. (٧) پرسیار گشتین و(٨) پرسیار تایبەتن بە بابەتی توێژینەوە لەپرسیارنامەکەدا پرسیارەکان بە هەردوو شێوە (کراوە) و (داخراو) خراونەتە روو.

دوای ئەوەی فۆرمێکی سەرەتایمان ئامادەکرد و پێشانی ژمارەیەك شارەزا و ماموستایانی زانکۆمان دا، ئەوانیش تێبینی خۆیان لە سەرنووسی و پرسیارەکانمان دارشتەوە بە شێوەیەکی پۆخت ئینجا(١٠) فۆرممان وەك تاقیکرنەوەیەکی سەرەتایی(Pre Test) بەسەر نموونەیەك لە کەسە ڕاگوێزراوەکانی گوندی (بازێ) دا دابەشکرا، دواتر فۆرمەکانمان بەشێوەیەکی پۆختر دارشتەوە و پاشان ئەو فۆرمە بەسەر(١٠٠) یەکە (عینە) دابەشکران کە بارزانییە ڕاگوێزراوەکان بوون.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ، کە هەموو فۆرمەکان بەسەرپەرشتی توێژەر خۆیەوە پڕکراونەتەوە بۆیە دەکرێ بڵێین فۆرمەکان بە شێوازی (پڕکردنەوەی چاوپێکەوتنی) پڕکراونەتەوە. دانەیەك لەم پرسیارنامەیە لە دواوەی ئەم توێژینەوە هاوپێچ کراوە.

٤.هەندێ کەرەستەی تریش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتوون وەك:

- تۆمارکردنی دەنگ.
- وێنەی فۆتۆگرافی.

## ٥.کەرەستەی ئاماری:

**لەم تۆێژینەوەدا جگەلە بەکارهێنانی خشتە بۆ خستنەرووی زانیارییەکان، نەخشەو بەیانات و هێلکاریش بەکارهاتوون بۆ شیکرنەوە و راڤەکردنی زانیاریەکان وەك؛ شریتی بەیاناتی ئاسایی (تاکی) ستوونی؛ شریتی بەیاناتی ستوونی تێکەڵاو؛ هێلکاری بە رێبازی هیستوگرام...هتد.**

**لە بواری مەیدانیدا چەند ئامرازو کەرەستەیەکی ئامارییش بە پێویست زانراوە:**

**١. بەکارهێنانی رێژەی سەدی (٪) ئەو بەهایەیە کە قەبارەی رێژەیی بۆ کۆمەڵە بەهایەك لەمیانەی دابەشکردنی بەها (بەش) کە لە سەر کۆی بەها (گشت) و لە یەکدانی ئەنجامی دابەشەکە لە قەبارەی نەگۆڕ (١٠٠) دیاردەکات.**

$$\text{رێژەی سەدی (٪)} = \frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} \times ١٠٠$$

**٢.بەکارهێنانی ناوەندی ژمێریاری بۆ دیاریکردنی نێوەندی تەمەن.**

$$\text{ن.ژ} = \frac{\text{کگ (ن.ت} \times \text{د )}}{\text{کگ د}}$$

**ن.ژ ؛ ناوەندی ژمێریاری**

**کگ ؛ کۆی گشتی**

**ن.ت ؛ ناوەندی تەمەن (کۆمەڵی تەمەن)**

**د ؛ دووبارەبوو**

## ***سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم***

١. د. محمد ازهر سعيد السماك، د.قبيس سعيد الفهادى، صفاء يونس الصفاوى، أصول البحث العلميى، الطبعة الاول، طبع على نفقة جامعة صلاح الدين، ١٩٨٦، ص٦١.
٢.نفس المصدر، ص٦٠.
٣. و؛ جەلال خلف ژاڵەیی، لێژنەی پسپۆری، دەرونزانی کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٧١.
٤.پەروین سازگارا، ئاوڕدانەوەیەك لە کۆمەڵناسی، و؛ جەواد مستەفا ستۆپەیی، لە بڵاوکراوەکانی زنجیرەی هزرو کۆمەڵ، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٧٥.
٥. هـ.س.پ. ل٦٧.

## بەشی شەشەم:

## خستنەروو و ڕاڤەکردنی زانیارییەکانی توێژینەوەی مەیدانی.

**باسی یەکەم:**

## خەسڵەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە.

خشتەی ژمارە (١)

ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە

| ڕەگەز | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ٢٧ | ٪٢٧ |
| مێ | ٧٣ | ٪٧٣ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

یەکێك لەو خەسڵەتە گشتیانەی کە توێژەران جەختی لەسەر دەکەنەوە پێکهاتەی ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەیە. لەم توێژینەوەشدا ٢٧ کەس بە ڕێژەی (٪٢٧) لە ڕەگەزی نێرن لە بەرامبەریشدا ٧٣ کەس بەڕێژەی (٪٧٣) لە ڕەگەزی مێن، هەروەك دیارە ڕێژەیەکی بەر چاو لە نێوان ڕێژەی ئەم دوو ڕەگەزەدا هەیە، پێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو توێژینەوانەیە کە لە کوردستاندا ئەنجامدراون، چونکە لە توێژینەوەکاندا ڕەگەزی نێر بە ڕێژەیەکی زۆرتر بەرچاو دەکەون. لەم توێژینەوەیەش ئەم ڕێژە زۆرەی ڕەگەزی مێینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو بارزانیانەی لە ساڵی ١٩٧٥ ڕاگوێزراون بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق ماوەی (٥) پێنج ساڵیان لە وێ ژیان بەسەر برد پاشان هەمان ئەو گرووپە بارزانییانە بە زۆرەملێ

گوێزرانەوە بۆ ناوچە کوردنشینەکانی دەوروبەری هەولێر لە چەند ئۆردوگایەکی زۆرەملێ دا نیشتەجێکران، پاش(٣) سێ ساڵ هەرچی نێرینەی هەبوو جگە لەمنداڵی کەمتر لە (١٠) دە ساڵان لەم ئۆردوگایانەدا گیران و لە هەمان بیابان کۆمەڵکوژکران، تەنیا ئافرەت و منداڵ لە پاشیان بەجێمان.

ئەو نموونە توێژینەوەیەش هەمان ئەو ئافرەتانەن کە ڕاگوێزراون کەسوکاریان زیندەبەچاڵکران، بۆیە دەبێ لامان سەیر نەبێت کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە نموونەی توێژینەوە لە ڕەگەزی مێینەن کە پێچەوانەی زۆربەی توێژینەوە زانستییەکانە کە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدەدرین، لەم توێژینەوەیەدا زۆر بە ئەستەم ڕەگەزی نێر بەدەست دەکەوت.




*هێلکاری ژمارە (١) ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.*

## خشتەی ژمارە (٢)

**تەمەنی نموونەی توێژینەوە**

| کۆمەڵەی تەمەن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ٤٠-٤٤ | ٦ | ٪٦ |
| ٤٥-٤٩ | ١٨ | ٪١٨ |
| ٥٠-٥٤ | ٨ | ٪٨ |
| ٥٥-٥٩ | ١١ | ٪١١ |
| ٦٠-٦٤ | ١٣ | ٪١٣ |
| ٦٥-٦٩ | ٨ | ٪٨ |
| ٧٠-٧٤ | ١٠ | ٪١٠ |
| ٧٥-٧٩ | ٥ | ٪٥ |
| ٨٠-٨٤ | ٦ | ٪٦ |
| ٨٥-٨٩ | ٧ | ٪٧ |
| ٩٠-٩٤ | ٢ | ٪٢ |
| ٩٥-٩٩ | ٣ | ٪٣ |
| ١٠٠-١٠٤ | ١ | ٪١ |
| ١٠٥-١٠٩ | ٢ | ٪٢ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |
| ناوەندی تەمەن ٦٤,٨٪ | | |

**خشتەی ژمارە (٢) تایبەتە بە تەمەنی نموونەی توێژینەوە، نموونەی توێژینەوەکەمان لە (١٤) کۆمەڵەی تەمەن پێکهاتووە.**

بەرزترین ڕێـژەی نموونـەی توێژینەوەکـەمان دەکاتـە (١٨٪) تەمـەنیان لـە نێوان (٤٥-٤٩) ساڵیدایە، دووەم ڕێژەی تەمەنیش تەمەنیان لـە نێـوان (٦٠-٦٤) سـاڵیدایە کـە دەکاتــە ڕێــژەی (١٣٪) ڕێــژەی سـێیەمیش کـە (١١٪)ی نموونەی توێژینەوە پێکدێنن تەمـەنیان دەکەوێتـە نێـو ان (٥٥-٥٩) سـاڵی، ڕێژەی دوای ئەویش (١٠٪) نموونەی توێژینەوە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٧٠-٧٤) ساڵی، ڕێـژەی (٨٪) تەمـەنیان لـە نێـوان (٥٠-٥٤) ساڵیدایە ڕێـژەی (٧٪) ی نموونەی توێژینەوەکە پێکدێنن، ڕێژەی (٦٪) تەمەنیان لە نێـوان (٤٠-٤٤) سـاڵی یـە، هـەروەها هـەمان ڕێـژەش تەمـەنیان لـە نێـوان (٨٠-٨٤) سـاڵی دایـە، ڕێـژەی (٥٪) تەمـەنیان لـە نێـوان (٧٥-٧٩) سـاڵیدایە، هەرچـی ئەوانەن کە تەمەنیان دەکەوێتـە نێـوان (٩٠-١٠٩) ڕێـژەی (٨٪)ی نموونـەی توێژینەوەن.

هەروەها بەکارهێنانی پێوەری (نێوەندی تەمەن) "متوسط العمر" دەرکەوت کەوا ناوەندی تەمەنی نموونەکەمان دەکاتە (٦٤,٨٪) ساڵ.




*هێلکاری ژمارە (٢) کۆمەڵەی تەمەنی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.*

**خشتەی ژمارە (٣)**

**شوێنی لە دایکبوونی نموونەی توێژینەوە**

| شوێنی لە دایکبوون | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| شار | ٤ | ٪٤ |
| لادێ | ٩٥ | ٪٩٥ |
| ڕێگای ئاوارەبوون | ١ | ٪١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

زۆرترین ڕێـژەی نموونـەی توێژینەوەکـەمان لـە لادێ لـە دایـك بوونـە بـە ڕێــژەی (٩٥٪) ئەمــەش ڕێژەیــەکی سروشــتیە چــونکە بارزانییــەکان لادێنشـێنن، ڕێـژەی (٤٪) یەکـەکانی نموونـەی توێژینـەوە لـە شـار لـە دایکبوونە، رێژەی (١٪) ی نموونـەی توێژینـەوە لـە رێگـای ئـاوارەبوون لـە دایك بوونە، چونکە بارزانییـەکان لـە مـاوەی سـەدەی رابـردوودا چـەندین جـار ئـاوارە و دەربــەدەر و ســەرگەردان بوونــە، زۆرێــك لــە منداڵــە بارزانییەکان لە خواروو و ناوەڕاستی عێـراق و لـە ولاتـانی دراوسێ و لـە ئەشـکەوت و رێگـای ئـاوارەبوون لـە دایـك بوونـە، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو هەموو ڕاگواستن و جینۆسایدکردن و بۆردوومان کردنە بەردەوامەیـە کـە بارزانییەکان دووچاری هاتوون.

## خشتەی ژمارە (٤)

## ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٧٣ | ٪٧٣ |
| خوێندن و نووسین | ١١ | ٪١١ |
| سەرەتایی | ٩ | ٪٩ |
| ناوەندی | ٥ | ٪٥ |
| ئامادەیی | ٢ | ٪٢ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٤) ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە، بەرزترین ڕێژە (٪٧٣) نەخوێندەوارن، ڕێژەی(٪١١) تەنیا توانای خوێندن و نووسینیان هەیە، ئەوانەی کە قۆناغی سەرەتایان تەواو کردووە (٪٩) نموونەی توێژینەوەکە پێکدێنن، هەرچی ئەوانەن کە قۆناغی ناوەندیان تەواو کردووە (٪٥) نموونەی توێژینەوەن، هەرچی قۆناغی ئامادەییە تەنیا ڕێژەی (٪٢) یە.

ئەو ڕێژە زۆورەی نەخوێندەوارن هەروەك لە خشتەی ژمارە (٣) ئاماژەی پێکراوە ڕێژەی (٪٩٥) لە لادێ لە دایکبوونە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەیە کە لە کوردستان بەگشتی و لە لادێ و ناوچە شاخاوییەکان بە تایبەتی لە لایەن حکومەتی ئەوسای عێراق بایەخێکی ئەوتووی بە ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری خەڵکە لادێنشینەکانی کوردستان نەداوە، جگە لەمەش بەهۆی

بەرگریکردن و شۆڕش و ڕاپەرینە بەردەوامەکانی بارزان خەڵکەکە هیچ دەرفەتێکی خوێندنیان بۆ نەرەخساوە، ئەمە جگە لە ڕاگواستنی بەردەوامی خەڵکەکەو سوتان و وێرانکردن و بۆردومانکردنی دەڤەرەکە.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**باری ئابووری نموونەی توێژینەوە**

| باری ئابووری | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| باش | ٢١ | ٪٢١ |
| مام ناوەند | ٣٨ | ٪٣٨ |
| خراپ | ٤١ | ٪٤١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٥) تایبەتە بە باری ئابووری نموونەی توێژینەوە، یەکەکانی نموونە بەم شێوەیە باری ئابوورییان لە قەڵەم داوە: زۆرترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکەمان پێیان وایە باری ئابوورییان خراپە کە ڕێژەی (٪٤١) ی نموونەی توێژینەوەن، ڕێژەی (٪٣٨) باری ئابوورییان بە مام ناوەندی لە قەڵەم داوە، هەرچی ئەوانەن کە پێیان وایە باری ئابووریان باشە ڕێژەی (٪٢١)ی نموونەی توێژینەوە پێکدێنن.




*هێلکاری ژمارە (٣) ڕەگەز و باری ئابووری و شوێنی لەدایکبوونی نموونەی توێژینەوە ڕوونەکاتەوە.*

## خشتەی ژمارە (٦)

### باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوە

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| سەڵت | ١ | ٪١ |
| خێزاندار | ١٨ | ٪١٨ |
| تاك مردوو | ١٣ | ٪١٣ |
| تاك شەهیدو جینۆسایدکراو | ٦٨ | ٪٦٨ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٦) باری کۆمەڵایەتی نموونەی باسەکەمان دەخاتە ڕوو.

وەکو ڕێژەیەکی چاوەڕوان کراو بۆ بارزانییە ڕاگوێزراوەکان بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی (٦٨٪) تاك شەهیدو جینۆسایدکراون، ئەو کەسانەن کە هاوسەریان لە شاڵاوی ساڵی ١٩٨٣ ی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان لە دەستداوە یاخۆد شەهیدبووە، هەرچی خێزاندارەکانن ڕێژەی (١٨٪)ی نموونەی باسەکە پێکدێنن، ڕێژەی دوای ئەمیش کە (١٣٪) هاوسەریان لە ژیاندا نەماوە و کۆچی دواییان کردووە، کەمترین ڕێژەش بەڕێژەی (١٪) سەڵتن ڕێژەیەکی ئاساییە چونکە پرۆسەی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٧٥ تاکۆ ئێستا ماوەیەکی زۆرە، ئەو کەسانەی کەی وەك نموونە وەرگیراون مەرج بوو تەمەنیان لە (٤٢) ساڵ کەمتر نەبێت.




*هێلکاری ژمارە (٤) باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.*

## خشتەی ژمارە (٧)

### جۆری پیشەی نموونەی توێژینەوە

| جۆری پیشە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بێکار | ٤٩ | ٪٤٩ |
| کابان و کاری ماڵەوە | ١٩ | ٪١٩ |
| ئاژەڵداری | ١١ | ٪١١ |
| کرێکار | ٥ | ٪٥ |
| جۆتیار | ٤ | ٪٤ |
| پ.م | ٨ | ٪٨ |
| فەرمانبەر | ٣ | ٪٣ |
| مامۆستای ئاینی | ١ | ٪١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٧) پیشەی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکەنەوە، دەرکەوتووە ئەوانەی خۆیان بە بێکار لە قەڵەم داوە ڕێژەیەکی بەرز پێکدێنن کە دەکاتە نزیکەی نیوەی هەموو ڕێژەکانی تر، کە ڕێژەی (٪٤٩) نموونەی توێژینەوەن، ئەم ڕێژە زۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١-لەم توێژینەوەیەدا بێکار و پەککەوتە هەردووکیان بە "بێکار" لە قەڵەم دراون.

٢-هەروەك لەخشتەی ژمارە (٢) بەدیار دەکەوێت کە تایبەتە بە تەمەنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە، ئەو کەسانەی وەك نموونەی توێژینەوە

وەرگیراون لە ڕووی تەمەنەوە بە ساڵاچوون و تەمەن گەورەن کە دەگاتە کۆمەڵـەی تەمـەنی (١٠٥-١٠٩) سـاڵی بێگومـان ئەمانـە هێـز و توانـای کارکردنیان نەماوە.

٣- بـەهۆی سیاسـەتی ڕاگۆاسـتنەوە زۆرێـك لـە ڕاگوێزراوەکـان نـەیانتوانی درێـژە بەخوێنـدن بـدەن و هـیچ بڕوانامەیـەك بـە دەسـت بهێـنن، بۆیـە ئێسـتاش نـاتوانن لـە هـیچ دام و دەزگایـەکی مـیری کـار بکـەن چـونکە نەخوێندەوارن.

٤-گرینگـی نـەدانی خەڵکەکـە و کەمتەرخـەمی لایـەنی پەیوەندیـدار بـە ئامێر و تەکنەلۆژیای سەردەم لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا.

ڕێژەی (١٩٪) نموونەکە بە کاروباری ماڵەوە و کابانیەوە سـەرقاڵن، ڕێـژەی (١١٪) نموونەکـەمان پیشـەو سەرچـاوەی داهاتیـان ئاژەڵدارییـە، هەرچـی ئەوانەن کە بە کرێکارییەوە سـەرقاڵن و سەرچاوەی داهاتیـان کرێکاری و کـاری ئـازادە تـەنیا ڕێـژەی (٥٪) ی نموونـەی باسـەکە پێـك دێـنن، ئـەوەی شایانی باسە بارزانییە ڕاگوێزراوەکان ڕەگەزی نێرو ئەوانەی ڕێژەی (٤٪) ی نموونەی توێژینەوە بە کشتوکاڵکردن و جۆتیارییەوە خەریکن، بە پێی ئـەو دوو ڕێژەیـەیی لـەم خشـتەیەدا بەدەسـتمان کـەوتوون سـەبارەت بـە ئاژەڵداری و جۆتیاری و کشـتوکاڵکردن ڕێـژەی هـەردووکیان دەگاتـە (١٥٪) کـە بێگومـان ڕێژەیـەکی زۆر کەمـە بـۆ دەڤـەرێکی وەکـو بـارزان، چـونکە دەڤـەرێکی گۆنجـاوە بـۆ کشـتوکاڵکردن و لەوەڕانـدنی ئـاژەڵ، کـە بـەر لـە ڕاگۆاسـتن ئـەم ڕێژەیـە زۆر بـەرزتربووە چـونکە پیشـەی سـەرەکی و

سەرچاوەی داهاتی هەر خێزانێك لە دەڤەری بارزان کشتوکاڵکردن و جۆتیاری و بەخێوکردن و لەوەڕاندنی ئاژەڵ بووە.

ڕێژەی (٨٪) ی نموونەی باسەکە پێشمەرگەن، هەرچی فەرمانبەرانن ڕێژەیەکی زۆر کەمە کە ریژەی (٣٪) ی نموونەی تۆژینەوەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دابڕانی زۆربەی هەرە زۆری کەسە ڕاگوێزراوەکان لە خوێندن و ئاستی رۆشنبیری، چ لە ئەنجامی سیاسەتی ڕاگۆاستندا ؛ چ لە پرۆسەی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣ ؛ چ لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا، لەم هەموو پرۆسە یەك لە دوایەکەکانی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان لە عێراق لە لایەن رژێمی بەعسەوە، یەکێك لە ئامانجەکانی رژێمی بەعس هەوڵدان بوو بۆ ڕێگەگرتن لە خوێندن و نزمکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری هاولاتیانی کوردستان بەگشتی و بارزانییەکان بەتایبەتی، ڕێژەی (١٪) نموونە لە کەسە ڕاگوێزراوە بارزانییەکان ماموستای ئاینین.




***هێلکاری ژمارە (٥) پیشەی ئێستای کەسە ڕاگوێزراوەکانی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.***

## خشتەی ژمارە (٨)

## شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە

| شوێن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| شارنشێن | ٦ | ٪٦ |
| لادێنشێن | ٩٤ | ٪٩٤ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٨) تایبەتە بە شوێنی نیشتەجێبوون کەسە ڕاگوێزراوەکان لـە ئێستادا، ڕێـژەی (٩٤٪) نموونـەی توێژینـەوە لادێنشـینن، ڕێـژەی (٦٪) نموونەی باسەکە شارنشێنن.

***باسی دووەم:***

## شیکردنەوەی زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوە.

**خشتەی ژمارە (٩)**

**لە کام قۆناغدا نەخۆشیەکان زیاتر بوون**

| قۆناغەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| پێش ڕاگواستن | ٢ | ٪٢ |
| پاش ڕاگواستن | ٩٨ | ٪٩٨ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٩) ڕای نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە کە لـە کـام قۆناغـدا پـێش ڕاگواسـتن یـاخود پـاش ڕاگواسـتن نەخۆشـیە جەسـتەیی و دەروونییەکان زیاتربوون؟

بـەرزترین ڕێـژەی نموونـەی توێژینـەوە بەڕێـژەی (٩٨٪)پێیـان وایـە پـاش ڕاگواستن نـەخۆشیە جەستەیی و دەروونییـەکان زیادیـان کـردووە، ڕێـژەی (٢٪) پێیان وایە پێش ڕاگواستن نەخۆشـیەکان زیـاتر بوونـە. ئـەو ڕێـژەی زۆرەی سـەرەوە کـە(٩٨٪) ڕێژەیـەکی ئاسـاییە چـونکە ڕاگواسـتنیان بـو

باشــووری عــێراق کــە بــە تــەواوی پێچــەوانەی پێکهاتــەی سروشــتی و کۆمەڵایەتی وباری سایکۆلۆژی ژیانی لادێنشینەکانی دەڤەری بارزان بـووە، بێگومـان نەخۆشـی و گاریکـەری دەروونـی زۆری لێدەکەوێتـەوە،چـونکە لەداوای ڕاگواستنیش ئەوان لـەئۆردوگا زۆرەملییـەکان هـیچ پیداویستی و خزمـەتگوزاری و هۆشـیاری تەندرووسـتییان پێشـکەش نـەکرا،هەرچـەندە لەنزیك شارەکانیش بوون.




*هێلکاری ژمارە (٦) ڕای نموونـەی توێژینـەوە روون دەکاتـەوە کـە لـە کـام قۆنـاغـدا پـێش ڕاگواسـتن یـاخود پاش ڕاگواسـتن نـەخۆشـیە جەسـتـەیی و دەروونییەکان زیاتربوون.*

## خشتەی ژمارە (١٠)

## پاش ڕاگواستن و هۆکاری زۆری نەخۆشییەکان

| هۆکارەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| گۆڕانی کەش و هەوا | ٩٠ | ٪٢٥,٧٢ |
| خواردن و خواردنەوەی پیس | ٩٧ | ٪٢٧,٧٢ |
| زۆری دانیشتووان بەشێوەیەکی نائاسایی | ٨٣ | ٪٢٣,٧١ |
| کەمی هۆشیاری و پێداویستیە تەندرووستییەکان | ٨٠ | ٪٢٢,٨٦ |
| کۆی گشتی | ٣٥٠* | ٪١٠٠ |

*تێبینی/ بویە کۆی گشتی زیاتر لە (١٠٠) چونکە نموونەی توێژینەوە زیاتر لە هۆیەکەیان بەپەسەند دەزانی.*

داتاکانی ناوخشتەی ژمارە (١٠) تایبەتە بەو نەخۆشیانەی کە لەپاش ڕاگواستنەوە کەسە ڕاگوێزراوەکان لە ئۆردوگاکانی باشووری عێراق دووچاری هاتوون.

بەرزترین ڕێژە کە دەکاتە (٪٢٧,٧٢) پێیان وایە بەهۆی پیسی ئاوی خواردنەوە و خواردەمەنی ئەم ئۆردوگایانە خەڵکەکە دووچاری نەخۆشی و لە ناوچوون هاتوون هەروەك زۆرێك لە کەسە ڕاگوێزراوەکان دەیان گوت: (ئاوەکە زۆر پیس بوو لاشەی ئاژەڵ و جۆرەها شتی تر بەم ئاوەدا دەهات، ئێمە بە ناچاری دەمانخواردەوە چونکە هیچ ئاوێکی تر نەبوو بیابانێکی وشك بوو).

ڕێژەی (٪٢٥,٧٢) پێیان وایە بەهۆی گۆڕانی کەش و هەوا بە شێوەیەکی چاوەروان نەکراو نەخۆشیەکان زیادیان کردووە لە ناوچەیەکی کوێستانی

**و ئاوهەوایەکی سازگارەوە خەڵکەکە ڕاگوێزران بۆ بیابانێکی وشك کە بە تەواوی پیچەوانەی ڕەوش و کەش و هەوای ژیانیان بووە، ڕێژەی (٢٣,٧١٪) زۆری دانیشتوان و دابەش بوونیان بە شێوەیەکی نائاسایی بە هۆکارێکی سەرەکی نەخۆشیەکان دادەنێن کە روبەرووی خەڵکەکە بوونەتەوە، ڕێژەی (٢٢,٨٦٪) پێیان وایە کەمی خزمەتگوزاری وپێداویستیە تەندرووستیەکان کاریگەر بووە بۆ زۆری نەخۆشیەکان لەو ئۆردوگایانەدا.**




***هێلکاری ژمارە (٧) تایبەتە بەو نەخۆشیانەی کە لەپاش ڕاگواستنەوە کەسە ڕاگوێزراوەکان لە ئۆردوگاکانی باشووری عێراق دووچاری هاتوون.***

## خشتەی ژمارە (١١)

## ئایادەزانی بۆچی ڕاگوێزران

| ئایا دەزانی بۆچی ڕاگوێزران | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧٥ | ٪٧٥ |
| نەخێر | ٢٥ | ٪٢٥ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١١) تایبەتە بە وەڵام دانەوەی پرسیارێك ئایا دەزانی بۆچی ڕاگوێزران؟

بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی (٪٧٥) دەزانن بۆچی ڕاگوێزراون و درك بە هۆکاری ڕاگواستنیان دەکەن بۆ باشوور ، لە بەرامبەریشدا ڕێژەی (٪٢٥) نازانن بۆچی راگوێزران بۆ باشووری عێراق.

## خشتەی ژمارە (١٢)

## زانینی هۆی ڕاگواستنی نموونەی توێژینەوە

| ٪ | ژمارە | هۆکارەکان |
|---|---|---|
| ٪٤,٣٥ | ٥ | لە سەرسنوور بوین |
| ٪١,٧٤ | ٢ | بوونی پێشمەرگە |
| ٪٣٠,٤٤ | ٣٥ | بەرگریکردن و شۆڕش و ڕاپەرینەکان |
| ٪٥٤,٧٨ | ٦٣ | بۆ لەنێوبردنی بارزانییەکان |
| ٪٨,٧٠ | ١٠ | تێکدانی ژێرخانی ئابووری |
| ٪١٠٠ | ١١٥* | کۆی گشتی |

**تێبینی/ بویە کۆی گشتی زیاتر لە (١٠٠) چونکە نموونەیتوێژینەوە زیاتر لە هۆیەکەیان بەپەسەند دەزانی.*

خشتەی ژمارە (١٢) تایبەتە بە ڕای ئەوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە دەزانن بۆچی ڕاگوێزراون و هۆکارەکانی ڕاگواستنیان بۆ باشووری عێراق چی بووە.

بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی (٪٥٤,٧٨) پێیان وایە مەبەستی سەرەکی رژێم لە ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ بیابانەکانی خوارووی عێراق بۆ لەنێوبردنی بارزانییەکان بووە، هەروەك لەساڵی ١٩٨٣ لەئۆردوگا زۆرەملێیەکانی قودس و قادسیە و حریرو بەحرکەو دیانا...هتد بەسەر

**نێرە بارزانییەکانی هێناو هەرچی نێرینەی سەرووی (٧) ساڵی بوون گیران و زیندە بەچاڵکران.**

**ڕێژەی (٣٠,٤٤٪) پێیان وایە بەهۆی بەرگریکردن لە مافە ڕەوایەکانیان و شۆڕش و ڕاپەرینەکان بارزان و بارزانییەکان و ملکەچ نەکردن بۆ دەسەلاتی کۆلۆنیالیست بە درێژایی مێژووی سەدەی ڕابردوو ئەوان ڕاگوێزران بۆ ئەوەی لەم ئۆردوگایانە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەوان دابن، ڕێژەی (٨,٧٠٪) هۆکاری ڕاگواستنیان بۆ خوارووی عێراق دەگەڕێنەوە بۆتێکدان وهەڵوەشاندنەوەی ژێرخانی ئابوورییان، چونکە دەڤەری بارزان دەڤەرێکی دەوڵەمەندە لە بەروبۆمی سروشتی و کشتوکاڵی، ڕێژەی (٤,٣٥٪) پێیان وایە لەسەرسنوور بوونە وحکومەتی ئەوسای عێراق بە هۆی درووستکردنی پشتێنی ئەمنی لە ناوچەکانی سەرسنوور خەڵکەی ڕاگواستووە، ڕێژەی (١,٧٤٪) پێیان وایە بەهۆی بوونی پێشمەرگە لە شاخەکان ونزیك گوندەکانیان، حکومەتی عێراقیش لە ڕقی ئەمە خەڵکە سڤیلەکەی ڕاگواستووە بۆ ئەوەی بە تەواوی دابڕێن لە هێزی پێشمەرگە و هاوکارییان نەکەن.**




***هێلکاری ژمارە (٨) زانینی هۆی ڕاگواستنی نموونەی توێژینەوە بو باشووری عێراق ڕووندەکاتەوە.***

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**ڕەوشی ژیانتان لەکام قۆناغدا خۆشتر بوو**

| قۆناغەکان | پێش ڕاگواستن | پاش ڕاگواستن | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارە | ٩٣ | ٧ | ١٠٠ |
| ٪ | ٪٩٣ | ٪٧ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٣) بەراوردی ڕەوشی ژیانی کەسە ڕاگوێزراوەکان لە هەردوو قۆناغی پێش ڕاگواستن و پاش ڕاگواستن دەردەخات.

ڕێژەی (٩٣٪) پێیان وایە پێش ڕاگواستن ژیانیان خۆشتربووە، ڕێژەی (٧٪) پێیان وایە دوای ڕاگواستن مەبەست لە دوای ڕاگواستن لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوەیە تاکو ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ .




*هێلکاری ژمارە (٩) بەراوردی ڕەوشی ژیانی کەسە ڕاگوێزراوەکان لە هەردوو قۆناغی پێش ڕاگواستن و پاش ڕاگواستن دەردەخات.*

## خشتەی ژمارە (١٤)

## هۆکارەکانی خۆشی ژیان لە پێش ڕاگواستن

| هۆکارەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| گوندو زەوی و زاری خۆمان بوو | ٩٠ | ٪٣١,٥٨ |
| لە نێو کەسوکارمان بووین | ٨٢ | ٪٢٨,٧٨ |
| کەش و هەوای شوێنەکەمان | ٧٥ | ٪٢٦,٣٢ |
| ئازادبووین | ٣٣ | ٪١١,٥٨ |
| هۆی تر | ٥ | ٪١,٧٦ |
| کۆی گشتی | ٢٨٥* | ٪١٠٠ |

**تێبینی/ بویە کۆی گشتی زیاتر لە (١٠٠) چونکە نموونەی لێکۆڵینەوە زیاتر لە هۆیەکەیان بەپەسەند دەزانی.*

وەك لەخشتەی ژمارە (١٤) بۆمان بەدیارکەوت کە ڕێژەی (٪٩٣) نموونەی توێژینەوە پێیان وایە ڕەوشی ژیانیان پێش ڕاگواستن خۆشتر بووە.

بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی (٪٣١,٥٨) نموونەی باسەکە هۆکاری خۆشی ژیانیان لە پێش ڕاگواستن دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە گوندو زەوی و زارو خاکی خۆیان بوویە، ڕێژەی دواتر کە دەکاتە (٪٢٨,٧٨) لە کەسە ڕاگوێزراوەکان پێیان وایە کە لە نێو کەسوکار و خزم و دوستی خۆیان ژیانیان زۆر خۆشتر بووە، هەرچی ئەوانەن کە خۆشی ژیان لە قۆناغی پێش ڕاگواستن دەگەڕێننەوە بۆ سازگاری کەش و هەوای شوێنەکەیان ڕێژەی (٪٢٦,٣٢) نموونەی باسەکە پێك دێنن، ڕێژەی (٪١١,٥٨) خۆشی

**ژیانیان لە پێش ڕاگواستن دەگەڕێننەوە بۆ ئەو ئازادی و سەربەستیەی لە گوندەکەیان هەیان بووە، ڕێژەی(١,٧٦٪) خۆشی ژیانیان لە پێش ڕاگواستن دەگەرێنەوە بۆ چەند هۆکارێکی تر وەك سادەیی خەڵك و هاوکاری و هەرەوەزی ...هتد**

**خشتەی ژمارە (١٥)**

**گۆڕان لە داب و نەریتدا لە پاش ڕاگواستنەوە تا ئەمڕۆ**

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٤ | ٪٦٤ |
| نەخێر | ٣٦ | ٪٣٦ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (١٥) تایبەتە بە وەڵامدانەوەی پرسیارێك ئایا لە پاش ڕاگواستنەوە تا ئەمڕۆ گۆڕان لە داب و نەریتدا ڕوویداوە؟**

**ڕێژەی (٪٦٤) نموونەی باسەکە بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە ئەوان پێیان وایە گۆڕان لە داب و نەریتیاندا کراوە کە بێگومانیش تێکەڵاوبونیان لە گەل نەتەوە و گروپ ژینگەیەکی تر لە باشوور دەبێتە هۆی گۆڕان لە داب و نەریتی کەسە راگوزراوەکان هەروەها لەئۆردوگا زۆرەملێیەکانی دەوروبەری هەولێر و پاش پرۆسەی کۆمەڵکوژی نێرینەی بارزانییەکان هیشتنەوەی ژن و منداڵ لەئۆردوگاکاندا بەبێ سەرپەرشتیار ئەمانە**

هــەمووی سیاســەتی رژێمــی بــەعس بــووە لــە ڕاگواســتنی بارزانییــەکان بەمەبەســتی تیکــدان و شــێواندن و ســڕینەوەو گــۆڕانی داب و نــەریت، ڕەفتــار، کۆلتــوور و بــەها کومەلاییەتییــەکان، لــە بەرامبەریشــدا ڕێــژەی (٣٦٪) نموونەی باسەکە پێیان وایە توانیانـە زاڵبن بـە سـەر هـەرگۆڕانێك کـە دووچاریان هـاتووە، ئـەوان ڕەفتـارو بـەها کۆمەلایەتییـەکان و داب و نەریت و بیرو باوەڕ و کۆلتووری خۆیان پاراستووە.




***هێلکاری ژمارە (١٠) گۆڕان لەداب و نەریتدا لەپاش ڕاگواستن تائەمرۆ ڕوونـدەکاتەوە.***

## خشتەی ژمارە (١٦)

## زەرەرو زیانەکان بەهۆی ڕاگواستنەوە

| شتەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زەوی کشتوکاڵی | ٩٦ | ٪٢٧,٠٥ |
| مەڕو بزن | ٨٥ | ٪٢٣,٩٥ |
| مانگا | ٨٣ | ٪٢٣,٣٨ |
| ڕەزو باخ و بێستان | ٨٠ | ٪٢٢,٥٤ |
| شتی تر | ١١ | ٪٣,٠٩ |
| کۆی گشتی | ٣٥٥ * | ٪١٠٠ |

**تێبینی/(٣٥٥) چونکە یەکەی نموونە زیاتر لە شتێکیان لەدەستداوە.*

خشتەی ژمارە (١٦) تایبەتە بەو زەرەرو زیانانەی کە کەسە ڕاگوێزراوەکان بەهۆی ڕاگواستنیان بۆ باشووری عێراق لە دەستیانداوە مەبەست زەرە و زیانە ماددیەکانن نەك ڕۆحیەکان.

بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی (٪٢٧,٠٥) زەوی کشتوکاڵیان لە دەست داوە، ڕێژەی دواتر کە دەکاتە (٪٢٣,٩٥) نموونەی توێژینەوە مەڕو ماڵاتیان لەدەستداوە، ڕێژەی (٪٢٣,٣٨) بەهۆی ڕاگواستنەوە مانگاو ڕەشەوڵاغیان لە دەستداوە ڕێژەی (٪٢٢,٥٤) نموونەی باسەکە ڕەزو باخ و بێستانیان لە دەستداوە، ڕێژەی (٪٣,٠٩) زەرەرو زیانی تری وەك خانوو و پارە و ئۆتومبێل و ئازۆقە و گەنم و جۆ و مریشك و هتد...شتی لەم جۆرەیان لە دەستداوە، لە دەستدانی ئەم هەموو شتە بەهۆی ڕاگواستنەوە بێگومان

کاریگەری نیگەتیڤی هەیە لەسەر بارودۆخی ئابووری و ژێرخانەکەی، چونکە ئەگەر ئەمانە ڕانەگوێزرابان و بەردەوام بان لە سەر کشتوکاڵکردن و لەوەڕاندن و بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتەکانیان، تاکۆ ئێستا کە نزیکەی (٤٠) چل ساڵە، ئەم بەرهەمانە زۆر زیادی دەکردن و خەڵکەکەی ئاستی بژێوی و داراییان زۆر باشتر دەبوو، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە مەبەستی رژێمی بەعس تەنها تۆقاندن و ترساندن و لەناوبرِدنی خەڵکەکە نەبوو بەلکو مەبەستێکی تری لە ناوبردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئابووری و تێکدانی ژینگەی دەڤەرەکە و سڕینەوەی بارزان و بارزانییەکان بووە. هەرچەندە رژێمی بەعس لە کاتی ڕاگواستنی بارزانییەکان لەساڵی ١٩٧٥ هەندێك پارەی بە هەندێك لە خەڵکە ڕاگویزراوەکە داوە لە برِی زەرەرمەندبوونیان ئەوانەی کە مەڕوماڵاتی زۆر و رووبەرێکی زۆری زەوی کشتوکاڵیان لە دەستدا، بەڵام بە گۆتەی زۆرێك لە ڕاگوێزراوەکان ئەم قەرەبوکردنەوە برێکی زۆر کەم بووە لەچاو ئەو زەرەرو زیانانەی لە دەستیانداوە، رەنگە تەنیا قەرەبووکردنەوەیەکی رۆکەشی بێت.




***هێلکاری ژمارە (١١) تایبەتە بەو زەرەرو زیانانەی کە کەسە ڕاگوێزراوەکان بەهۆی ڕاگواستنیان بۆ باشووری عێراق لە دەستیانداوە.***

## خشتەی ژمارە (١٧)

## بەراوردی باری ئابووری لە قۆناغی پێش ڕاگواستن و پاش ڕاگواستن

| باری ئابووری | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| پێش ڕاگواستن | ٩٣ | ٪٩٣ |
| دوای ڕاگواستن | ٧ | ٪٧ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (١٧) باری ئابووری لە قۆناغی پێش ڕاگواستن و پاش ڕاگواستن ڕووندەکاتەوە، دەردەکەوێت ڕێژەی(٩٣٪)پێیان وایە پێش ڕاگواستن باری ئابووریان باشتربوو، لە بەرامبەریدا ڕێژەی (٧٪) پیان وایە دوای ڕاگواستن باری ئابووریان باشتربووە مەبەست لە دوای ڕاگواستن لەم توێژینەوەیەدا تاکۆ ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١.

ڕێژەی(٩٣٪)بێگومان ڕێژەیەکی چاوەروانکراوە چونکە بارزانیەکان لە شوێنی رەسەنی خۆیان خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵکردن بوون، بەهۆی ڕاگواستنەوە ژێرخانی ئابوورییان لەناوچوو کەسە ڕاگوێزراوەکان لە کەسێکی بەرهەمهێنەر گۆڕان بۆ کەسێکی بەکاربەر.

**خشتەی ژمارە (١٨)**

**گوندەکەتان ئاوەدانکراوەتەوە**

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧٩ | ٪٧٩ |
| نەخێر | ٢١ | ٪٢١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٩) تایبەتە بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی نموونەی توێژینەوە، ڕێژەی (٧٩٪) ی کەسە ڕاگوێزراوەکانی نموونەی توێژینەوە گوندەکانیان ئاوەدان کراوەتەوە، پاش ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ حکومەتی

هەرێمی کوردستان بەردەوام هەوڵێکی جدی داوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندە وێران کراوەکانی کوردستان، بۆیە دەبینین ڕێژەیەکی زۆر لە گوندەکانی سەرانسەری کوردستان لە ماوەیەکی کەمدا ئاوەدانکراونەتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەست پێشخەری حکومەت لەلایەك و ئامادەبوون و حەزو هاوکاری گوندنشیەکان لە لایەکی ترەوە، هەرچی ئەوانەن کە گوندەکانیان ئاوەدان نەکراوەنەتەوە ڕێژەی (٢١٪) ی نموونەی باسەکە پێکدێنن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- دوورەدەستی ناوچەکان و خراپی تیۆبۆگرافیای ئەم گوندانە و نزیکیان لە ناوچەکانی سەرسنوور.

٢- بۆردوومانکردنی بەردەوامی ئەم ناوچانە لەلایەن وڵاتانی دراوسێ.

٣- بوونی هەندێك لە هێزەکانی "پە کە کە" لە شاخەکانی ئەم ناوچانە و شەڕکردنیان لە گەل وڵاتی تورکیا، خەڵکە سیڤیلە گوندنشینەکانیش تا کۆ ئێستاش ئاوارەن و لە هەندێك شارو قەزاو شارۆچکەی کوردستان و هەندێك لە گوندەکانی دەڤەری بارزان وەك؛ کۆمەڵگای (هەردان) کەدەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی ( بازێ - سەڤرە) کە زیاتر لە (٧) حەفت گوندی مزۆری وەلات ژێری لە خۆ دەگرێت.

٤- مانەوەی زۆرێك لە ئاسەوارەکانی ڕژێمی بەعس وەك؛ کێڵگەی مین لە دەوروبەری هەندێك گوند و تەقاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو لە کاتی ڕاگۆاستن و تێکدانی پردو ڕێگاو بانەکان بۆیە ئاوەدانکردنەوەی ئەم گوندانە کاتێکی زۆری پێویستە.

٥- ئامادەنەبوونی هەندێك لە کەسە ڕاگوێزراوەکان و گوندنشێنەکان بۆ زێدی باب و باپیرانیان، ئەمەش بە هۆی تێکەڵاوبۆنیان لە گەل خەڵکانی تر و شارنشینەکان و هەبوونی بەرژەوەندی و سوودو قازانج و دەرفەتی کارکردنیان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بۆیە هەوڵ نادەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان.

خشتەی ژمارە (١٩)

گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان (ئایاگەڕاونەتەوە بۆ گوندەکەتان)

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٧٣ | ٪٩٢,٤١ |
| نەخێر | ٦ | ٪٧,٥٩ |
| کۆی گشتی | ٧٩* | ٪١٠٠ |

***تێبینی/ (٧٩) یەکەی نموونەی توێژینەوە گوندەکانیان ئاوەدانکراوەتەوە.**

خشتەی ژمارە (١٩) تایبەتە بە وەڵامدانەوەی پرسیارێك لە یەکەکانی نموونەی، توێژینەوە ئایە گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکەتان؟

وەك لە ڕاڤەکردن و خستنەرووی زانیارییەکانی خشتەی پێشوو بۆمان بەدیارکەوت کە ڕێژەی (٪٧٩) ی نموونەی توێژینەوە گوندەکانیان ئاوەدانکراوەتەوە، بەم پێیە ڕێژەی (٪٩٢,٤١) ی نموونەی باسەکە گەڕاونەتەوە و ئێستا لە گوندەکانیان ژیان بەسەردەبەن، ئەو ڕێژەیەی کەماوە ڕێژەی (٪٧,٥٩) ی نموونەی باسەکە کە نەگەڕاونەتەوە سەر

گوندەکانیان، هەرچەندە ئاوەدانکراونەتەوە، ئەمانە هێشتا لە شارەکان ژیان بەسەر دەبەن.

خشتەی ژمارە (٢٠)

سالّی گەڕانەوە (لەسالّی چەند گەڕاونەتەوە)

| سالّی گەڕانەوە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ١٩٩١ | ١٢ | ٪١٦,٤٣ |
| ١٩٩٢ | ١٤ | ٪١٩,١٧ |
| ١٩٩٣ | ٨ | ٪١٠,٩٥ |
| ١٩٩٤ | ٦ | ٪٨,٢١ |
| ١٩٩٥ | ٤ | ٪٥,٤٧ |
| ١٩٩٦ | ٢٠ | ٪٢٧,٣٩ |
| ١٩٩٧ | ٨ | ٪١٠,٩٥ |
| ١٩٩٨ | ١ | ٪١,٣٦ |
| كۆی گشتی | ٧٣* | ٪١٠٠ |

*تێبینی/(٧٣) یەکەی نموونەی توێژینەوە گەڕاونەتەوە سەر گوندەکانیان.*

خشتەی ژمارە (٢٠) سالّی گەڕانەوەی نموونەی توێژینەوە لە پاشی ڕاپەرینەوە ڕووندەکاتەوە، بەرزترین ڕێژە (٪٢٧,٣٩) نموونەی باسەکە لە سالّی ١٩٩٦ گەڕاونەتەوە سەرگوندو زێدی باب و باپیرانیان، نزمترین ڕێژەش لە سالّی ١٩٩٨ گەڕاونەتەوە سەر گوندەکانیان کە ڕێژەی (٪١,٣٦)

نموونەی باسەکە پێکدێنن، هەرچی ساڵەکانی ترن بەم شێوەیە کەسە ڕاگوێزراوەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان گەڕاونەتەوە سەر زێدی باب و باپیرانیان.

ڕێژەی (١٩,١٧٪) لە ساڵی ١٩٩٢ گەڕاونەتەوە، ڕێژەی (١٦,٤٣٪) لە ساڵی ١٩٩١ گەڕاونەتەوە، ڕێژەی (١٠,٩٥٪) لە ساڵی ١٩٩٣ گەڕاونەتەوە، هەمان ڕێژەش لە ساڵی ١٩٩٧ گەڕاونەتەوە، ڕێژەی(٨,٢١٪) لە ساڵی ١٩٩٤ گەڕاونەتەوە و ڕێژەی (٥,٤٧٪) لە ساڵی ١٩٩٥ گەڕاونەتەوە سەر گوندەکانیان.




***هێلکاری ژمارە (١٢) بەراوردی باری ئابووری لە قۆناغی پێش ڕاگواستن و پاش ڕاگواستن.***

## خشتەی ژمارە (٢١)

## چی بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکەتان

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| خانوو | ٨٢ | ٪٢٨,٢٧ |
| کارەبا | ٥٠ | ٪١٧,٢٤ |
| ئاو | ٣٤ | ٪١١,٧٢ |
| قەرەبوکردنەوە | ٤٣ | ٪١٤,٨٢ |
| نەخۆشخانە | ٩ | ٪٣,١٠ |
| قوتابخانە | ١٨ | ٪٦,٢٠ |
| مزگەوت | ٥ | ٪١,٧٢ |
| رێگاو بان | ١٥ | ٪٥,١٧ |
| داینگە | ٤ | ٪١,٣٧ |
| پارك و شوێنی خوش کۆزەرانی | ٤ | ٪١,٣٧ |
| گرینگیدان بەلایەنی رۆشنبیری | ٢ | ٪٠,٦٨ |
| کارگەو پروژەی کارکردن | ٢ | ٪٠,٦٨ |
| رێکخستنی گوندەکان بەشێوەیەکی ئەندازیاری | ١ | ٪٠,٣٤ |
| مەڕو ماڵات | ١ | ٪٠,٣٤ |
| سوتەمەنی | ١ | ٪٠,٣٤ |
| هیچ | ٢ | ٪٠,٦٨ |
| خزمەتگوزاری تر | ١٧ | ٪٥,٨٦ |
| کۆی گشتی | ٢٩٠* | ٪١٠٠ |

*★تێبینی/(٢٩٠)چونکە یەکەی نموونەی توێژینەوە زیاتر لە داواکارییەکیان هەیە.*

**داتاکانی خشتەی ژمارە (٢١) تایبەتە بە وەڵام دانەوەی پرسیارێك ئایا چی بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکەتان؟**

بەرزترین ڕێژە داواکارن خانوویان بۆ دروست بکرێت کە ڕێژەی (٢٨,٢٧٪) نموونەی باسەکە پێکدێنن، ڕێژەی دوای ئەمیش کەڕێژەی (١٧,٢٤٪) کەسە ڕاگوێزراوەکان داواکارن هێلی کارەبای نیشتیمانی بۆ گوندەکانیان دابین بکرێت، ئەوانەی داوای ئاو و سەرچاوەکانی ئاو دەکەن ڕێژەی (١١,٧٢٪) پێکدێنن، ڕێژەی (١٤,٨٢٪) داوای قەرەبۆکردنەوە دەکەن بە هۆی ئەو زەرەر و زیانانەی بە هۆی سیاسەتی دۆژمنکارانەی ڕاگواستنەوە دووچاریان هاتوون، ڕێژەی(٦,٢٠٪) داواکارن زیاتر بایەخ بە لایەنی ڕۆشنبیری و فێرکاری بدرێت وقوتابخانەی شایستە و گۆنجاو لە گوندەکانیان دروست بکرێن، هەرچەندەش لە بواری پەروەردەو خوێندندا لەم چەند ساڵەی دوایی گرنگیەکی زۆر بەم دەڤەرە دراوە، ڕێژەی (٣,١٠٪) داواکاری نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی لە گوندەکان و شاروچکەکانی دەڤەری بارزان زیاتر بایەخ و گرینگیان پێبدرێت، ڕێژەی(١,٧٢٪) داوای مزگەوت دەکەن بۆ گوندەکانیان، ڕێژەی(٥,١٧٪) داواکارن زیاتر بایەخ بە ڕێگاوبانەکان بدرێت و ڕێگاو بانی نوێ دروست بکرێت، ڕێژەی (١,٣٧٪) داواکارن داینگە لە گوندەکانیان دروست بکرێت، ڕێژەی(١,٣٧٪) داواکارن پارك و شوێنی خۆشگوزەرانی لەم دەڤەرە دروست بکرێت، ڕێژەی (٠,٦٨٪) داواکارن گرینگی بەلایەنی ڕۆشنبیری

**گـەنجان بـدرێت و سـەنتەری مەشـق و ڕاهێنـانی پیشـەیی لـەم دەڤـەرە بکرێتەوە، هەمان ڕێژەش داواکاری کارگە و پرۆژەی کارکردن لەم دەڤـەرە دابینبکرێت، ڕێژەی (٠,٣٤٪) داواکارن گوندەکانیان بە شێوەیەکی مـودێرن و ئەنـدازەیی درووسـت بکرێتـەوە، هـەمان ڕێـژەش داواکـارن گرینگـی بـە بواری ئاژەڵداری بدرێت و مـەڕوماڵاتیان پێبـدرێت، هـەمان ڕێـژەش داوای سـۆتەمەنی بـۆ وەرزی زسـتان دەکـەن چـونکە ناوچـەیەکی شـاخاوی و کوێستانی یە لە زسـتاندا بـەفرێکی زۆر ئـەم دەڤـەرە دادەپۆشـێت، ڕێـژەی (٥,٨٦٪) داوای خزمــەتگۆزاری تــر دەکــەن کــە ســوودیان هەیــە بــۆ لادێنشــینەکان پــرۆژەی خزمــەتگۆزاری گشــتین، ڕێــژەی (٠,٦٨٪) هــیچ داواکاریەکیان نییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

## *بەشی حەوتەم:*

## *ئەنجامگیری و زمانی وێنەکان*

### *باسی یەکەم:* ئەنجامەکان

پاش بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەو شیکردنەوەی ناوەڕۆك و داتا ئامارییە بە دەستهاتووەکان هەروەها بەهۆی چاودێریکردن و چاوپێکەوتنەوە گەیشتینە ئەوئەنجامانەی خوارەوە:

١- مەبەست لە درووستکردنی ئەم ئۆردوگایانە کۆکردنەوەی لادێنشینەکان و کۆنترۆڵکردنی دانیشتوان بوو. بە بیانووی گەشەپێدان و گرینگیدان بەژیانی لادێنشینەکان و دووبارە نیشتەجێکردنەوەی دانیشتوانی لادێنشینی بە شێوەیەکی زانستی و شارستانی و دابینکردنی خزمەتگوزاری و گرینگیدان بە ڕەوشی تەندروستی و پەروەردەیی ئەم مودێلە ئۆردوگایە زۆرەملێیەیان درووستکرد. لادێنشینەکانی کوردستان و هەندێك لە شارنشینەکانیش ڕاگوێزران بۆ ئەم ئۆردووکایانەو ناوچە ڕەسەنەکانیشیان وێران کران و سەرچاوە و کانیاوەکانیان بە (TNT) تەقاندەوە و بەروبووم و بەرهەمە کشتۆکالیەکانیان لە ناوبردو سیاسەتی خاك سۆتاندنیشیان پەیرەوکرد، بەناوچە قەدەغەکراوەکانیش لە قەڵەم دران، رووبەرێکی زۆری کوردستان لە مرۆڤ و ئاژەڵ داماڵراو و ئەم ناوچانە لە هەموو چالاکی و جمۆجۆڵی کشتوکاڵی و ئابووری وەستێنران،

دانیشتووانی بەزۆر ڕاگوێزران بۆ ئەم ئۆردوگایانە کە خراپترین و بێکەڵکترین شوێنی سەر رووی ئەم زەمینە بوون، بەتەواوی پێچەوانەی پێکهاتەی سروشتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتۆری شێوازی ژیانی لادێنشینەکانی کوردستان بوو.

٢- گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی راگواستنی بارزانییەکان تەنیا مەبەستێکی سیاسی لە دواوا نەبوو، بەڵکو هەولێك بۆ سرینەوەی ڕەهەندەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کەلتوری...

٣- ئەو بارزانیانەی کە ڕاگوێزرابوون بۆ باشووری عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ پاش بە سەربردنی ژیانیکی سەخت و دژوار بۆ ماوەی ٥ پێنج ساڵ لە ئۆردوگا بیابانییە زۆرەملێیەکان، دووبارە ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی قودس و قادسییە لە قوشتەپە. پاش ٣ سێ سال هەرچی نێرینەی سەرووی ٧ ساڵی بوو دەستگیرکراون و پاشان بەزیندوویی خراونەتە نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا. ئافرەت و منداڵەکان بەتەنیا لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا ماون کە ئەمانەش جگە لە مردنێکی لەسەرخۆ هیچی تریان بۆ چاوەروان نەدەکرا. کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرەتا ئەم گرووپە بارزانیانە دەستنیشانکراون و پاشان لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا کۆکراونەتەوە و پاشانیش لە نێو براون.

٤- سەبارەت بەو زەرەرو زیانانەی کە کەسە ڕاگوێزراوەکان بەهۆی ڕاگواستنیان بۆ باشووری عێراق لە دەستیانداوە مەبەست زەرەر و زیانە ماددیەکانن، گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی

(٢٧,٠٥٪) زەوی کشتوکاڵیان لە دەست داوە، ڕێژەی دواتر کە دەکاتە (٢٣,٩٥٪) نموونەی توێژینەوە مەڕو ماڵاتیان لەدەستداوە، ڕێژەی (٢٣,٣٨٪) بەهۆی ڕاگواستنەوە مانگاو ڕەشەوڵاغیان لە دەستداوە ڕێژەی (٢٢,٥٤٪) نموونەی باسەکە رەزو باخ و بێستانیان لە دەستداوە، ڕێژەی (٣,٠٩٪) زەرەرو زیانی تری وەك خانوو و پارە و ئۆتومبێل و ئازۆقە و گەنم و جۆ و مریشك و هتد...شتی لەم جۆرەیان لە دەستداوە، لە دەستدانی ئەم هەموو شتە بەهۆی ڕاگواستنەوە بێگومان کاریگەری نیگەتیڤی هەیە لەسەر باردۆخی ئابووری و ژێرخانەکەی، چونکە ئەگەر ئەمانە ڕانەگوێزرابان و بەردەوام بان لە سەر کشتوکاڵکردن و لەوەڕاندن و بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتەکانیان، تاکۆ ئێستا کە نزیکەی (٤٠) چل ساڵە، ئەم بەرهەمانە زۆر زیادی دەکردن و خەڵکەکەی ئاستی بژێوی و داراییان زۆر باشتر دەبوو، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە مەبەستی ڕژێمی بەعس تەنها تۆقاندن و ترساندن و لەناوبردنی خەڵکەکە نەبوو بەلکو مەبەستێکی تری لە ناوبردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئابووری و تێکدانی ژینگەی دەڤەرەکە و سڕینەوەی بارزان و بارزانییەکان بووە. هەرچەندە ڕژێمی بەعس لە کاتی ڕاگواستنی بارزانییەکان لەساڵی ١٩٧٥ هەندیك پارەی بە هەندێك لە خەڵکە ڕاگویزراوەکە داوە لە بڕی زەرەرمەندبوونیان ئەوانەی کە مەڕوماڵاتی زۆر و ڕووبەرێکی زۆری زەوی کشتوکاڵیان لە دەستدا، بەڵام بە گۆتەی زۆرێك لە ڕاگوێزراوەکان ئەم قەرەبوکردنەوە برێکی زۆر کەم بووە لەچاو ئەو زەرەرو زیانانەی لە دەستیانداوە، رەنگە تەنیا قەرەبووکردنەوەیەکی ڕۆکەشی بێت. ئەمەش

ئەو گریمانەیە بە راست دەسەلمێنێ ***(لەئەنجامی ڕاگواستندا ژێرخانی ئابووری دەڤەری بارزان لەبەریەك هەڵوەشایەوە و زەرەرو زیانی زۆری بەرکەوت).***

٥- لەئەنجامی تێبینی کردن و پرسین دەربارەی گۆڕین لە داب و نەریتدا دەرکەوت کەوا ڕێژەی (٦٤٪) نموونەی باسەکە پێیان وایە گۆڕان لە داب و نەریتیاندا کراوە کە بێگومانیش تێکەڵاوبونیان لە گەل نەتەوە و گروپ ژینگەیەکی تر لە باشوور دەبێتە هۆی گۆڕان لە داب و نەریتی کەسە راگوزراوەکان هەروەها لەئۆردوگا زۆرەملێیەکانی دەوروبەری هەولێر و پاش پڕۆسەی کۆمەڵکوژی نێرینەی بارزانییەکان هیشتنەوەی ژن و منداڵ لەئۆردوگاکاندا بەبێ سەرپەرشتیار ئەمانە هەمووی سیاسەتی رژێمی بەعس بووە لە ڕاگواستنی بارزانییەکان بەمەبەستی تیکدان و شێواندن و سڕینەوەو گۆڕانی داب و نەریت، ڕەفتار، کۆلتوور و بەها کومەلاییەتییەکان، ئەمەش راستی ئەو گریمانەمان بۆ دەردەخات ***(پاش ڕاگواستن و لە ئۆردوگا زۆرەملییەکاندا بەها کۆمەلایەتیەکان، داب و نەریت، کۆلتوور، ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە).***

لە بەرامبەریشدا ڕێژەی (٣٦٪) نموونەی باسەکە پێیان وایە توانیانە زاڵبن بە سەر هەرگۆڕانێك کە دووچاریان هاتووە، ئەوان ڕەفتارو بەها کۆمەلایەتییەکان و داب و نەریت و بیرو باوەڕ و کۆلتووری خۆیان پاراستووە.

٦- لەبارەی نەخۆشی هۆکاری نەخۆشییەکان کە دووچاری ڕاگوێزراوان هاتوون دەرکەوتووە بەرزترین ڕێژە کە دەکاتە(٢٧,٧٢٪) پێیان وایە بەهۆی پیسی ئاوی خواردنەوە و خواردەمەنی ئەم ئۆردوگایانە خەڵکەکە دووچاری نەخۆشی و لە ناوچوون هاتوون هەروەك زۆرێك لە کەسە ڕاگوێزراوەکان دەیان گوت: (ئاوەکە زۆر پیس بوو لاشەی ئاژەڵی تۆپی و جۆرەها شتی تر بەم ئاوەدا دەهات، ئێمە بە ناچاری دەمانخواردەوە چونکە هیچ ئاوێکی تر نەبوو بیابانێکی وشك بوو).

ڕێژەی (٢٥,٧٢٪) پێیان وایە بەهۆی گۆڕانی کەش و هەوا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو نەخۆشیەکان زیادیان کردووە لە ناوچەیەکی کوێستانی و ئاوهەوایەکی سازگارەوە خەڵکەکە ڕاگوێزران بۆ بیابانێکی وشك کە بە تەواوی پیچەوانەی ڕەوش و کەش و هەوای ژیانیان بووە، ڕێژەی (٢٣,٧١٪) زۆری دانیشتوان و دابەش بوونیان بە شێوەیەکی نائاسایی بە هۆکارێکی سەرەکی نەخۆشیەکان دادەنێن کە روبەرووی خەڵکەکە بوونەتەوە، ڕێژەی (٢٢,٨٦٪) پێیان وایە کەمی خزمەتگوزاری وپێداویستیە تەندرووستیەکان کاریگەر بووە بۆ زۆری نەخۆشیەکان لەو ئۆردوگایانەدا.

ئەم ئەنجامەش راستی ئەو گریمانە دەخاتە روو ***(ڕاگوێزراوان لەئەنجامی ڕاگواستن وگۆڕینی شوین و کەش و هەوا دووچاری نەخۆشی و لەناوچوون بوون لە ئۆردوگاکاندا).***

٧- لە رووی ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوەش بەرزترین ڕێژە (٧٣٪) نەخوێندەوارن، ڕێژەی(١١٪) تەنیا توانای خوێندن و نووسینیان

هەیە، ئەوانەی کە قۆناغی سەرەتاییان تەواو کردووە (٩٪) نموونەی توێژینەوەکە پێکدێنن، هەرچی ئەوانەن کە قۆناغی ناوەندیان تەواو کردووە (٥٪) نموونەی توێژینەوەن، هەرچی قۆناغی ئامادەییە تەنیا ڕێژەی (٢٪) یە.

ئەو ڕێژە زۆورەی نەخوێندەوارن هەروەك لە خشتەی ژمارە (٣) ئاماژەی پێکراوە ڕێژەی (٩٥٪) لە لادێ لە دایکبوونە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەیە کە لە کوردستان بەگشتی و لە لادێ و ناوچە شاخاوییەکان بە تایبەتی لە لایەن حکومەتی ئەوسای عێراق هیچ بایەخێك بە ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکە لادێنشینەکانی کوردستان نەدراوە، جگە لەمەش بەهۆی بەرگریکردن و شۆڕش و ڕاپەرینە بەردەوامەکانی بارزان خەڵکەکە هیچ دەرفەتێکی خوێندنیان بۆ نەرەخساوە، ئەمە جگە لە ڕاگواستنی بەردەوامی خەڵکەکە و سوتاندن و وێرانکردن و بۆردومانکردنی دەڤەرەکە. ئەمەش گریمانەی (٤) باشتر دەسەلمێنێ *(کەسە ڕاگوێزراوەکان نەیانتوانی بخوێنن و درێژە بەخوێندن بدەن).*

## *باسی دووەم:* راسپاردەو پێشنیار

**بە پێویستی دەزانین بە کورتی هەندێك پێشنیار بخەینە روو:**

**١- ڕاگواستنی بارزانییەکان وەکو هەر تاوانێکی تر کە دژ بە کورد ئەنجامدراو ( ئەنفال، کیمابارانی...) دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی عێراق، پێویستە دەولەت قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ڕاگوێزراوەکان بکاتەوە.**

**٢- پێویستە توێژەران و کۆمەڵناسان و نوسەران و باسکاران و ئەکادیمیانی زانکوکانی کوردستان، پەرتۆك و توێژینەوەی تایبەت بە سیاسەتی دۆژمنکارانەی ڕاگواستنی بارزانییەکان لە سەرجەم لایەن و رەهەندەکانیەوە (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی، دیموگرافی.....هتد) ئەنجامبدەن و بڵاوبکەنەوە، چونکە ئەم سەردەمە باشترین و لەبارترین کاتە، بۆ ئەنجامدانی ئەو نووسین و توێژینەوانە لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری شایەدحالەکان لە ژیانداماون زانیارییەکان لە زاری ئەوانەوە بۆ مێژوو توماربکرێت.**

**٣- هەوڵدان بۆ قەڵاچۆکردنی بێکاری و دەرفەتی کار بۆ ڕاگوێزراوەکان برەخسێندرێت.**

**٤- زۆربەی هەرە زۆری ڕاگوێزراوەکان نەخۆێندەوارن پێویستە کرنگییەکی تەواو بەم بوارە بدرێت بە دانانی پرۆگرامێکی زانستیانە بە کردنەوەی خولی نەهێشتی نەخویندەواری و هوشیارکردنەوەی خەڵك و...هتد.**

# باسی سێیەم: بەڵگەنامەو زمانی وێنەکان

## فۆڕمی ڕاپرسی

هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارەی فۆڕم (        )

زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر شوێنی پڕکردنەوە (        )

کۆلیژی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی بەرواری پڕکردنەوە   /   / ٢٠٠

## ڕەهەندە کۆمەلایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگۆاستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق؛

*لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە نێو بارزانییە ڕاگۆێزراوەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا.*

*__هاوڵاتی خۆشەویست__ ؛ ئەو فۆڕمەی لە ژێر دەست دایە، تەنها بۆ مەبەستێکی زانستیە، سەرکەوتنی لێکۆلینەوەکەمان بەندە بە وردی وەڵامەکانتەوە، هاوکاریتان خزمەتێکە بە زانست و نەتەوەو کەسە ڕاگوێزراوەکان.*

*__تێبینی__: پێویست بە نووسینی ناو ناکات.*

## زانیارییە گشتی یەکان

١. **ڕەگەز**: نێر (   ) ، مێ (   ).

٢. **تەمەن**: (        )ساڵ، شوێنی لە دایك بوون (                    ).

٣. **شوێنی نیشتەجێ بوون**: ناوەندی شار(   )، قەزا(   )، ناحیە (   )، کۆمەڵگا(   )، گوند (   ).

٤. **ئاستی خۆێندن**: نەخۆێندەوار(   )، خوێندن و نووسین(   )، سەرەتایی(   )، ناوەندی(   )، ئامادەیی(   )، سەروتر(                    ).

٥. **باری ئابووری**: باش(   )، مام ناوەند(   )، خراپ(   ).

٦. **باری کۆمەڵایەتی**: سەڵت(   )، خێزاندار(   )، تاك مردوو(   )، تاك شەهیدو ئەنفال(   ).

**٧. جۆری پیشە:** بێکار(  )، ئاژەڵدار(  )، جوتیار(  )، کرێکار(  )، کابان و کاری ماڵەوە(  )، قوتابی(  )، پ.م(  )، بازرگان(  )، هی تر(  ).

## زانیاری تایبەت بەلێکۆلینەوە

**٨. ئەو زەرە و زیانانەی لە ئەنجامی سیاسەتی ڕگواستنەوە لە دەستداوە؟**

زەوی کشتوکاڵ(  )، مەڕو بزن(  )، مانگا(  )، رەز و باخ و بێستان(  )، شتی دیکە(  )، هیچ(  ).

**٩. ئایا پێش ڕگۆاستن باری ئابووریتان باشتر بۆ یاخود دوای ڕاگۆاستن؟**

پێش ڕاگۆاستن(  )، دوای ڕاگۆاستن (  ).

**١٠.لە پاش ڕاگۆاستنەوە تا ئەمرۆ، هیچ جۆرە گۆڕانێك لە (داب و نەریت) دا رووی داوە؟**

بەڵێ(  )، نەخێر(  ).

**١١.گوندەکەتان ئاوەدانکراوەتەوە؟**

بەڵێ(  )، نەخێر(  ).

- ئەگەر وەڵام (بەڵێ) یە، **ئایا گەڕانەتەوە؟** بەڵێ(  )، نەخێر(  ).
- ئەگەر وەڵام (بەڵێ) یە، **لە چ ساڵێك گەڕانەتەوە؟** لە ساڵی (  )گەڕاینەوە.

**١٢.چی بکرێت بۆ ئاوەدان کردنەوەی دەڤەرەکەتان؟**

١.

٢.

٣.

**١٣. ڕەوشی ژیانتان لە کام قۆناغدا خۆشتر بوو؟**

پێش ڕگۆاستن(  )، پاش ڕاگۆاستن(  ).

- ئەگەر پێش ڕاگواستنە، **هۆیەکەی چییە؟**

- گوندو زەوی زاری خۆمان بوو(    ).
- لە نێو کەس و کارمان بووین(    ).
- کەش و هەوای شوێنەکەمان(    ).
- هۆی دیکە(    ).

١٤. **ئایا دەزانی بۆچی ڕاگوێزران؟** بەڵێ (    )، نەخێر(    ).

- **ئەگەر وەڵام (بەڵێ) یە بۆچی؟**
- چونکە لە سەر سنوور بووین(    ).
- بوونی پێشمەرگە(    ).
- شۆڕش و ڕاپەرینەکانی بارزان (    ).
- بۆ لەنێز بردنی بارزانییەکان(    ).
- تێکدانی ژێر خانی ئابووری(    ).
- هیتر(    ).

١٥. **لە کام یەک لەم قۆناغەدا، نەخۆشیەکان زیاتر بوون؟**

پێش ڕاگۆاستن(    )، پاش ڕاگواستن(    ).

- **ئەگەر "پاش ڕاگواستنە "هۆیەکەی چییە؟**
- گۆڕانی شوێن و کەش و هەوا(    ).
- خواردن و خواردنەوەی پیس(    ).
- زۆری دانیشتوان و دابەشبوونیان بە شێوەیەکی نائاسایی(    ).
- کەمی هۆشیاری و پێداویستیە تەندرووستیەکان (    ).
- هی تر(    ).

**وێرای رێزو سۆپاسمان**

قيادة مكتب تنظيم الشمال

مكتب السكرتارية

العدد / ٢٨ / ٣٦٥٠

التاريخ / ٢٠ / ٦ / ١٩٨٧

من / قيادة مكتب تنظيم الشمال

الى / قيادة الفيلق الاول / قيادة الفيلق الثاني / قيادة الفيلق الخامس

م / التعامل مع القرى المحظورة امنيا "

بالنظر لانتهاء الفترة المعلنة رسميا "لتجميع هذه القرى التي سينتهي موعدها يوم (٢١) حزيران ١٩٨٧ قررنا العمل ابتداءا" من يوم ٢٢ حزيران ١٩٨٧ متعمدا" بما يلي : (١) تعتبر جميع القرى المحظورة امنيا "والتي لم تزال لحد الآن اماكن لتواجد المخربين عملاء ايران وسليلي الخيانة وامثالهم من خونة العراق (٠) (٢) يحرم التواجد البشري والحيواني فيها نهائيا "وتعتبر منطقة عمليات محرمة ويكون الرمي فيها حرا "غير مقيد ا "بأية تعليمات مالم تصدر من مقرنا (٠) (٣) يحرم السفر منها واليها او الزراعة والاستثمار الزراعي او الصناعي والحيواني وعلى جميع الاجهزة المختصة متابعة هذا الموضوع بجدية كل ضمن اختصاصه (٠) (٤) تعد قيادات الفيالق ضربات خاصة بين فترة واخرى بالمدفعية والسمتيات والطائرات لقتل اكبر عدد ممكن ممن يتواجد ضمن هذه المحرمات وخلال جميع الاوقات ليلا "ونهارا "واعلامنا (٠) (٥) يحجز جميع من يلقى عليه القبض لتواجده ضمن قرى هذه المنطقة ويحقق معه الاجهزة الامنية ويعدم من يتجاوز عمره (١٥) سنة داخل صعودا "الى عمر (٧٠) سنة داخلا بعد الاستفادة من معلوماته واعلامنا (٠) (٦) تقوم الاجهزة المختصة بالتحقيق مع من يسلم نفسه الى الاجهزة الحكومية او الحزبية

((يتبع لطفا "))

(٢)

المدة اقصاها ثلاثة ايام والتي تصل الى احد عشرة ايام لا بد من اعلامنا عن مثل هذه الحالات واذا استوجب التحقيق اكثر من هذه المدة عليهم اخذ موافقتنا هاتفيا " او برقيا " وعن طريق الرفيق طاهر العاني (٠) (٧) يحجز كل ما يحصل عليه مستشارو افواج الدفاع الوطني او مقاتلوهم ويخول اليهم مجانا " ما عدا الاسلحة الثقيلة والساندة والمتوسطة اما الاسلحة الخفيفة فتبقى لديهم ويتم اعلامنا باعداد هذه الاسلحة فقط وعلى قيادة الجحافل ان تنشط لتبليغ جميع المستشارين وآمراء السرايا والمفارز واعلامنا بالتفصيل عن نشاطاتهم ضمن افواج الدفاع الوطني (٠) مكرر رئاسة المجلس التشريعي (٠) رئاسة المجلس التنفيذي (٠) جهاز المخابرات (٠) رئاسة اركان الجيش (٠) محافظو ورؤساء اللجان الامنية ( نينوى ، التأميم ، ديالى ، صلاح الدين ، السليمانية ، اربيل ، دهوك .

(٠) امناء سر فروع المحافظات اعلاه (٠) مديرية الاستخبارات العسكرية العامة (٠) مديرية الامن العامة (٠) مدير امن منطقة الحكم الذاتي (٠) منظومة استخبارات المنطقة الشمالية (٠) منظومة استخبارات المنطقة الشرقية (٠) مدراء امن محافظات نينوى ، التأميم ديالى ، صلاح الدين ، السليمانية ، اربيل ، دهوك (٠) يرجى الاطلاع والتنفيذ كل ضمن اختصاصه (٠) ابلغونا .

الرفيق

علي حسن المجيد

عضو القيادة القطرية ـ امين سر مكتب تنظيم الشمال

**پاشکۆی ژمارە(١) دەقی دیکۆمێنتیک سەبارەت بە گوندە قەدەغەکراوەکان.**


السيد قائمقام قضاء عقرة المحترم

المعروض

انا رمضان عبدالله ياسين الساكن حاليا قرية
الجيل الكردية المهجرة وصاحب
لسفر رقم /٢/ [illegible] من الطبقة [illegible]
عائل وليس لدي عمل ولا انتسب ارجو امركم
باحالة طلبي الى الجهات المختصة لتشغيلي عامل
واما تعييني مخصصات شهرية ولكم جزيل الشكر

المستدعي
رمضان عبدالله ياسين
٢٦/٨/١٩٧٥

**پاشکۆی ژمارە(٢)**

**دەقی داواکاری ڕاگوێزراو و جینۆسایدکراو (ڕەمەزان عەبدوڵلا یاسین).**



**جینوسایدکراو (رەمەزان عەبدوللا یاسین) باوکی توێژەر.**



| ژ | | اليوم | الشهر | السنة |
|---|---|---|---|---|
| ١ | كو أم لە شانەدەر نفيسين | ١١ | ١١ | ١٩٧٥ |
| ٢ | البەديري نقل كردن | ٢٠ | ١ | ١٩٨٠ |
| ٣ | مەشريكە بطال كر | ٢٩ | ٢ | ١٩٨٠ |
| ٤ | فواري نقل كرن | ٢٢ | ٤ | ١٩٨٠ |
| ٥ | أم لەخيري راكرن | ٢٦ | ٤ | ١٩٨٠ |
| ٦ | بەروژي لە خيريوا كرن | ٢٨ | ٤ | ١٩٨٠ |
| ٧ | كو تورم پيل و وگريا | ١٩ | ٤ | ١٩٨٠ |
| ١ | كو أم سواري زيلا كرين | ١٤ | ١١ | ١٩٧٥ |

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

**ڕۆژ ژمێرێکی دەستنووسی ڕاگوێزراو (سلێمان شێخو سلێمان) لەساڵی ١٩٨٣ زیندەبەچاڵکراوە لەگەڵ ٨ هەشت هەزار لە نێرینە بارزانیەکان.**



السيد قائمقام قضاء عقرة

المعروض

لقد منحتنا قيادة الثورة والحزب دور جديدة للاكراد في عقرة
وعند الاعلام انتقل اليها لان الماء الصافي ينقطع وحيث ان
داري واقعة في وسط الدور رقم ٦ وبعيدة عن الشارع العام
ولي أطفال صغار يحتاجون للماء الصافي وللطبخ والغسيل
أرجو الموافقة على منحي وإعطائي ماء وعقار ماء وإني
مستعد لدفع الرسوم القانونية ولكم جزيل الشكر سلفاً

المستدعي
الكردي الاصيل
عبدالله ياسين مصطفى

١٩٧٩/٩/١٠

**پاشکۆی ژمارە(٤)**

**دەقی داواکاری دەستنوسی کوردی ڕاگوێزراو بۆ باشووری عێراق بەناوی(عبدالله یاسین مستەفا) کە لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوە .**



**وێنەی ژمارە (١)**

**ئەو هینو و ئیڤاو لوریانەن کە بارزانییە ڕاگوێزراوەکانی ئۆردوگا زورەملێیەکانی باشووری عێراق پێدەگوێزرێنەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە ساڵی ١٩٨٠.**



**نەخشەی ژمارە(٢)**

**کۆمەڵێک کرێکاری بارزانی لە باشووری عێراق ١٩٧٨.**



**وینەی ژمارە (٣) خانووی ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بارزانییەکان لە باشووری عێراق.**



**وێنەی ژمارە(٤)**

**ئۆردوگایەکی زۆرەملێی بارزانییەکان باشووری عێراق ١٩٧٩.**



**وینەی ژمارە (٥) ئۆردوگای ژمارە (٢) باشووری عێراق ساڵی ١٩٧٨.**



**وینەی ژمارە (٦). دیوانییەی باشووری عێراق ساڵی ٢٠٠٩.	فۆتۆ ئەندازیار چەتو**

**ئەو شوێنەی لەساڵی ١٩٧٥ بارزانییەکان بۆی راگوێزرابوون. لەئەرشیفی ماموستا رەشید**



**وێنەی ژمارە (٧)هەندێك کرێکاری بارزانی و ئەندازیارێکی بیانی لە دیوانییەی باشووری عێراق ساڵی ١٩٧٧.**



**وێنەی ژمارە (٨) چوار کرێکاری بارزانی ڕاگوێزراو بوو باشوری عێراق، کارگەی رستن و چنین دیوانییە، ساڵی ١٩٧٩ هەرچواریان لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراون.**



وێنەی ژمارە (٩)

کرێکارە بارزانییە ڕاگوێزراوەکان باشووری عێراق کارکەی رستن و چنین ١٩٧٨



وێنەی ژمارە (١٠) چەند کرێکارێکی بارزانییە ڕاگوێزراوەکان لە گەل ئەندازیارەکانیان ساڵی ١٩٧٨ کارگەی ڕستن و چنین باشووری عێراق.



**وێنەی ژمارە (١١)**

**چەند منداڵێکی ڕاگویزراوی بارزانییەکان بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق  ساڵی ١٩٧٦**



**وێنەی ژمارە (١٢)**

**یەکێك لە ئۆردوگاکانی باشووری عێراق، باوکێکی ڕاگوێزراو و منداڵەکانی ساڵی ١٩٧٩**



**وێنەی ژمارە (١٣)دوو میرمنداڵی کرێکار لە بارزانییە ڕاگویزراوەکان بۆ باشوری عێراق، ساڵی ١٩٧٧ .**



**وێنەی ژمارە(١٤) کریکارێکی ڕاگویزراوبو باشووری عێراق ساڵی ١٩٧٨.**



**وێنەی ژمارە (١٥) باشووری عێراق، پارێزگای دیوانییە ساڵی ١٩٧٦، هەرچواریان لەساڵی ١٩٨٣ لە هەمان بیابانەکانی باشوور زیندەبەچاڵکراون.**



**وێنەی ژمارە (١٦)**

**کۆمەڵێك لە بارزانییە ڕاگوێزراوەکان بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق ١٩٧٧ساڵی، هەر هەموویان لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەل ٨ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی جینۆسایدکراون.**



**وێنەی ژمارە (١٧) باشووری عێراق ساڵی ١٩٧٦**



**وێنەی ژمارە (١٨) بیابانەکانی خوارووی عێراق ساڵی ١٩٧٧**



وێنەی ژمارە (١٩) یەکێك لە شوێنی ئۆردوگاکانی بارزانییەکان باشووری عیراق. **فۆتۆ ئەندازیار چەتو**

ساڵی ٢٠٠٩ **لەئەرشیفی ماموستا رشید**



وێنەی ژمارە (٢٠) باشووری عێراق، شوینی یەکێك لە ئۆردوگاکانی بارزانییەکان. **فۆتۆ ئەندازیار چەتو**

ساڵی ٢٠٠٩ **لەئەرشیفی ماموستا رشید**



**وێنەی ژمارە (٢١)**

**شێوەی یەکێك لەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرانەی کە ڕاگوێزراوەکانی ئۆردوگاکانی باشووری عێراق هاتوچویان پێدەکرد.**




**وێنەی ژمارە (٢٢) ناسنامەی چەند کرێکارێکی ڕاگوێزراوی بارزانی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بیابانی باشووری عێراق، هەر هەموشیان کریکارو کارمەندی حکومەتی عێراق بوونە، هەموویان لە ساڵی ١٩٨٣ لە گەل ٨ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی لە هەمان بیابان زیندەبەچاڵکراون.**


مكتب النقابة العامة
لعمال الكهرباء وأمانة العاصمة والبلديات
فرع القادسية
رقم الصفحة : ١٦٦
رقم الهوية :
تاريخ الاصدار :


الاسم :
الصفة النقابية :
المهنة ومقر العمل :
التولد : ١٩٦٥
تاريخ الانتساب :
الخدمة العسكرية :
السكرتير
الرئيس


رقم الصحيفة ١٣١
رقم الهوية ١٩٨٦
تاريخ الانتساب
تاريخ التسويح
تاريخ الانتهاء


نقابة البناء والمشاريع الانشائية لمحافظة القادسية
الاسم احسان صالح علي
صفة العضو
محل العمل
المهنة
التولد
السكرتير
الرئيس


النقابة العامة لعمال البناء والمشاريع الانشائية
رقم الصحيفة ١٠٢
رقم الهوية ١٥١٨
تاريخ الانتساب ١٩٧٩/٦/٢٠
الخدمة العسكرية معفي من الخدمة كردي بارزاني


نقابة البناء والمشاريع الانشائية لمحافظة القادسية
الاسم عتاف حسين حمو
صفة العضو عامل نقابي
محل العمل
المهنة عامل
التولد ١٩٣٩
السكرتير
الرئيس


النقابة العامة لعمال البناء والمشاريع الانشائية
رقم الصحيفة ١٠٢
رقم الهوية ١٥١٦
تاريخ الانتساب ١٩٧٩/٦/٢٠
الخدمة العسكرية معفي من الخدمة كردي بارزاني


نقابة البناء والمشاريع الانشائية لمحافظة القادسية
الاسم
صفة العضو عامل نقابي
محل العمل
المهنة عامل
التولد ١٩٤٠
السكرتير
الرئيس


نقابة البناء والمشاريع الانشائية
محافظة القادسية
الاسم
صفة العضو
محل العمل
المهنة
التولد
الرئيس
السكرتير


رقم الصحيفة ٢٨
رقم الهوية ٤٠٨
تاريخ الانتساب ١٩٧٨/٤/١٨
الخدمة العسكرية تنتهي بتاريخ ١٩٧٩/٢/١٨


نقابة البناء والمشاريع الانشائية
محافظة القادسية
الاسم
صفة العضو عامل نقابي
محل العمل
المهنة عامل
التولد ١٩٢٦
الرئيس
السكرتير


رقم الصحيفة ١٧
رقم الهوية ٢٤٩
تاريخ الانتساب ٩٧٨/٤/١١
الخدمة العسكرية


نقابة البناء والمشاريع الانشائية
محافظة القادسية
الاسم
صفة العضو
محل العمل
المهنة
التولد
الرئيس
السكرتير


رقم الصحيفة ١١٦
رقم الهوية ١٧٢٣
تاريخ الانتساب ١٩٧٩/٩/١٥
الخدمة العسكرية
١٩٨٠/٨/١٥


نقابة البناء والمشاريع الانشائية
محافظة القادسية
الاسم
صفة العضو
محل العمل
المهنة
التولد
الرئيس
السكرتير


رقم الصحيفة
رقم الهوية ١٦٩٨
تاريخ الانتساب ١٩٧٩/٩/١٥
الخدمة العسكرية
١٩٨٠/٨/١٥


الجمهورية العراقية
0026245




مكتب النقابة العامة
لعمال الكهرباء وامانة العاصمة والبلديات
رقم الصفحة
رقم الهوية
تاريخ الاصدار


الاسم
الصفة النقابية
المهنة ومقر العمل
التولد
تاريخ الانتساب
الخدمة العسكرية




هوية العامل
الاسم واسم الاب
المهنة
المدينة
العنوان
تاريخ الولادة
الراتب
رقم البطاقة
تاريخ الاصدار


المهنة
المدينة
الراتب
تاريخ الولادة
تاريخ الاصدار


هوية العامل
الاسم
رقم البطاقة


الجمهورية العراقية
وزارة الصناعة والمعادن
المؤسسة العامة لصناعات الغزل والنسيج
المنشاة العامة للغزل والنسيج الصوفي
هـوية العمال
رقم الهوية :
تاريخ اصدارها
٤٩


المنشاة العامة للغزل والنسيج الصوفي
في اربيـل
الاسم :
رقم العامل : ٦١٢/١١٥
المهنة : نساج
القسم : النسيج
تاريخ التولد ١٩٥٩
توقيع صاحب الهوية :
توقيع
المدير العام


الدائرة
المهنة
المدينة
تاريخ الولاده ١٩٢٨
الراتب
تاريخ الاصدار
صاحب الهوية


هوية العامل
الأسم
رقم البطاقة ٧٩١٦


الدائرة
المهنة
المدينة
الراتب
تاريخ الولاده ١٩٢٧
تاريخ الاصدار
توقيع صاحب الهوية


هوية العامل
الاسم صالح محمد حسن
الطابع
رقم البطاقة ١١٥٦


العدد
التاريخ
رقم شهادة الجنسية
تاريخها
فصيلة الدم B+
توقيع صاحب الهوية
المدير العام


الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
الوزارة الصناعة والمعادن
الدائرة
الاسم الكامل
الوظيفة



١٢
النقل
المحافظة
القضاء الناحية
القرية المحلة
المركز
رقم وتاريخ وثيقة النقل

المحافظة : القادسية
القضاء : عفك
الناحية : نفر
المحلة :
القرية :
رقم الهوية : ٢٢٩٠٠
تاريخ الاصدار : ١٤/٢/٩٧٩

١٠
العقوبات

٣
تاريخ الولادة ٩٤٨
الحالة الزوجية
العنوان مركز ناحية نفر
وقت العمل صباحاً
وقت الدوام في المركز مسائي



المجلس الأعلى للحملة الوطنية الشاملة
لمحو الأمية الإلزامي
رقم ٩٢ لسنة ١٩٧٨
قانون
الحملة الوطنية الشاملة لمحو الأمية
الإلزامي
هوية الدارسين

مطبعة المنار
بغداد ٨٨٨٠٩٥٨

# بیبلۆگرافیا

## سەرچاوەکان:

## أ – پەرتووک

١- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل تەعریب تەبعیس، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکولینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩.

٢- پەروین سازگارا، ئاوڕدانەوەیەك لە کۆمەڵناسی، و؛ جەواد مستەفا ستۆپەیی، لە بڵاوکراوەکانی زنجیرەی هزرو کۆمەڵ، هەولێر، ٢٠٠٣.

٣- د.جاسم توفیق خۆشناو، دەخاڵەتی مرۆڤانە لە کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤.

٤- جەمال شێخ نوری، وێرانکردن و تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەرییەکانمدا، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٥.

٥- و؛ جەلال خلف ژاڵەیی، لێژنەی پسپۆری، دەرونزانی کۆمەڵایەتی، ، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤.

٦- چنار سەعد عەبدوللا، کاریگەری باری سیاسی لە سەرگەشەکرنی هۆشیاری نەتەوەی کورد دوای ڕاپەرینی ١٩٩١، چاپی یەکەم، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٥.

٧- شۆڕش حاجی ڕەسول، ئەنفال کوردو دەولەتی عێراق، چاپی دووەم لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠٣.

٨- عەبدوللا قەرەداغی (مەلاعەلی)، ڕاگوێزانی کورد لە مێژوودا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٤.

٩- عەبدوللا غەفور، جۆگرافیای کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٠.

١٠- عەبدولرحمان مەلاحەبیب ئەبوبەکر، عەشیرەتی بارزان لە نێوان (١٩٣١-١٩٩١)، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠١.

١١- کەریم ئەحمەد، چاودێری بارزانی بۆ ژیانی پارتایەتی و هاوپەیمانی سیاسی. لە پەرتوکی (کۆنگرەی یادەوەری ١٠٠ سەد ساڵەی بارزانی نەمر) ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری؛ د.کوردستان موکریانی؛ د.دلێر اسماعیل هەقی سیاوەش، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بەشی یەکەم، هەولێر٢٠٠٣.

١٢- لەتیف فاتح، مەجید ساڵح، کورد قڕان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣.

١٣- لەتیف فاتح فەرەج، جینۆسایدو کاڵبونەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ سلێمانی ٢٠٠٤.

١٤- د. محمد ازهر سعید السماك، د.قبیس سعید الفهادی، صفاو یونس الصفاوی، أصول البحپ العلمیی، الگبعه الاول، گبع علی نفقه جامعه صلاح الدین، ١٩٨٦.

١٥- د. محەمەد هماوەندی، ڕاگواستنی کورد و زامدارکردنی دیموکرایەتی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی هماوەند بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.

١٦- مــراد حــەکیم محەمــەد، ئاکامــە کۆمەلایەتییــەکانی سیاســەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی .٢٠٠٤

١٧- د. مــارف عومــەڕ گــول، جینۆســایدی گــەلی کــورد، چــاپی ســێیەم لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی .٢٠٠٦

١٨- د. مــارف عومــەڕ گــول، پــۆلین کردنــی تاوانــەکانی ئــەنفال بــەپێی جۆرەکانی جینۆساید لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) سلێمانی، .٢٠٠٢

١٩- مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد (یەکەم ڕاپەرینی بارزان ١٩٣١-١٩٣٢) چاپخانەی خەبات، چاپی یەکەم ، کوردستان، .١٩٨٦

٢٠- بــارزانی، بــارزانی و بزوتنــەوەی رزگــاریخوازی کــورد(١٩٥٨–١٩٦١). سەید ناکام وەریگێراوە،چاپی یەکەم بەکوردی، چاپخانەی خەبات، دهوك،١٩٩٨.

٢١- مەنسور شێخ ڕەئوف بەرزەنجی، چەند ڕاستیەکی مێژوویی لە بارەی شۆرەشی شێخ عەبدولسلامی بارزانی و شۆرەشەکانی دیکەی بارزان ١٩٤٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، هەولێر، ٢٠٠١.

٢٢- موسلح ئیروانی، ئیسلام و ناسیونالیزم لە کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر .٢٠٠٣

٢٣- هەژار عزیز سورمێ، کوردو جینۆساید و ئیبادەکردن، هەلوێستی یاسای نێودەولەتی، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٦.

٢٤- یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠١.

## ب- گۆڤار و رۆژنامەکان

١- ئازاد شێخانی، ئەنفال لە ناو چوارچێوەی قۆناغەکانی دروستکردنی ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا، سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٤) هەولێر هاوینی ٢٠٠٢.

٢- ئەمیر داود، مین لە شەڕە هاوچەرخەکان و مێژووی لە کوردستان، هەفتەنامەی گولان، ژمارە (٤٠٠)، هەولێر.٢٠٠٣

٣- بەهمەن عوسمان، ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مین لە دژی خەلك، بلاوکراوەی (دژەمین) وەك پاشکۆ لە رۆژنامەی هەوالْ دەردەچێت.

٤- خوشەوی علی باپیر، ناوچەی بارزان و پاڕاستنی ژینگە، هەفتەنامەی گولان، ژمارە (٥٨٠)، هەولێر ٢٠٠٦.

٥- رێبوار رەمەزان بارزانی، چون دەروانییە دادگایکردنی سەدام و هاوکارەکانی لە پرۆسەی ئەنفالدا، دەنگی ئەنفال ژمارە (٣٦)، هەولێر ٢٠٠٥.

٦- رێبـوار رەمــەزان بـارزانی، رێپورتاژێـك لـە گـەل (شـوكریە محەمـەد ئەبوبەكر)، رۆژنامەی هەولێر پۆست، ژمارە(٣) .٢٠٠٥

٧- زەمان عەبدە، بارزان لەپڕۆسەی ئەنفالدا، گوڤاری دەنگی ئەنفال ژمارە (٥١) ٢٠٠٦.

٨- سلێمان عەبـدوللا، ڕاگواسـتنی گوندنشیەكان لـە هـەرێمی كوردسـتانی عێراقدا، سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٢) هەولێر.١٩٩٩

٩- سیراج بـارزانی، لێـدوانێك لەگـەل سیراج بـارزانی...، هـەولێر پۆسـت، ژمارە (١٢٩)، نیسانی ٢٠٠٧.

١٠- شـوكریە ڕەسـول، هەڵوەشـانەوەی خێزانـی كـورد لـە نێـوان دەسـەڵاتی بەعس و مافی مروڤدا، هاواری ئەنفال، ژمارە(١) هەولێر ٢٠٠٢.

١١- فریـاد ئیروانـی، بـارزان سـیمای گەشـانەوەو پاراسـتنی سـامانی خـاك، هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە (٤١٧) هەولێر .٢٠٠٣

١٢- لـەتیف فـاتح فـەرج، جینۆسـایدكردنی بارزانییـەكان جینۆسـایدكردنی كورد بوو، هەفتەنامەی گوڵان ژمارە (٥٩٧) .٢٠٠٦

١٣- نـەورەس رەشـید، ئـەنفال پێشـێلكردنی مـافی مـروڤ، بـەهای سروشـت نـرخی یاسایە، هاواری ئەنفال، ژمارە(١) پایزی ٢٠٠٢.

١٤- هاشـم شـێروانی، كانیـە لنجا گونـدەكێ بـێ نـاز...، هەفتەنامـەی زاری كرمانجی، ژمارە (٥٧) ٢٠٠٦.

## ج- ڕێکەوتننامەی

١- دەقی ڕێکەوتننامەی سزادان و بەرگریکردنی جینۆساید.

٢- ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مین لە دژی خەلك.

## د- چاوپێکەوتن

١- چاوپێکەوتن لەگەل (ئاسیا تەیب عیسی) گوندی بازێ ٢٠٠٧.

٢-  چاوپێکەوتن لەگەل (ئامینە محەمەد سالّح) بلێ ٢٠٠٦.

٣- چاوپێکەوتن لەگەل (حاجی شێرو حاجی) گوندی بازێ ٢٠٠٦.

٤- چاوپێکەوتن لەگەل (حزبیە عەبدولخالق زبێر) گوندی بارزان ٢٠٠٦.

٥- چاوپێکەوتن لەگەل (خاتون زیاب در) بارزان  ٢٠٠٦.

٦- چاوپێکەوتن لەگەل (خانزاد تەتو مستەفا) گوندی بازێ  .٢٠٠٦

٧- چاوپێکەوتن لەگەل (رازیا علی سعید) بارزان  .٢٠٠٦

٨- چاوپێکەوتن لەگەل (سیف شێخ محمد) گوندی بازێ  .٢٠٠٦

٩- چاوپێکەوتن لەگەل (سالّح عبدالله باپیر) گوندی بازێ  .٢٠٠٦

١٠- چاوپێکەوتن لەگەل (کامل تاهر عمر) بلێ  .٢٠٠٦

١١- چاوپێکەوتن لەگەل (کویستان محمد سلێمان) کۆمەلگای هردان .٢٠٠٦

١٢- چاوپێکەوتن لەگەل (موم عبدالله اسماعیل) کۆمەلگای هردان .٢٠٠٦

١٣- چاوپێکەوتن لەگەل (نافیا رەشید باپیر) کۆمەلگای هردان ٢٠٠٦.(چەند مانگێك پاش ئەم چاوپێکەوتنە کۆچی دوایی کردووە).

**١٤- چاوپێکەوتن لەگەل (نبی عمر نبی) بلێ .٢٠٠٩**

**١٥- چاوپێکەوتن لەگەل (هلال خدر مستەفا) بلێ .٢٠٠٦**

**١٦- چاوپێکەوتن لەگەل (نایف فقی برایم غفور) بەغدا ٢٠٠٩.**

## هـ- ئەرشیف

**١- ڕاپورتێك سەبارەت بە قەزای مێرگەسۆر. لە ئەرشیفی قایمقامیەتی قەزای مێرگەسۆر (قایمقام خلیل خوشەوی حەکیم).**

**٢- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزان، سوود لە ئەرشیفەکەی بینراوە.**

**٣- ڕێکخراوی ڤەژین؛ بۆ قوربانیانی جینوسایدی بارزانیان. سوود لە ئەرشیفەکەی بینراوە.**

**٤- لەکاتی توێژینەوەی مەیدانی چەندین وێنەو بەڵگە بە دەست توێژەر کەوتوون و لەم توێژینەوەیەدا سوودی لێ بینراوە.**

**٥- ئەرشیفی بەرێز ماموستا رشید سەفتی.**

**سوپاس بۆ:**

**١- هاوسەری خوشەویست و هاکارو یارمەتیدەرم"رێزان سالح".**

**٢- بەرێوەبەری ڕۆشنبیری و هونەری بارزان "حسن بابکر" کە ئەرکی بەچاپ گەیاندنی گرتە ئەستوو.**

**٣- بەرێزان"رشید خلیل، رشید سەفتی، کرمانج چالی".**

**٤- هەموو ئەو هەڤالانەی لەم توێژینەوەیەدا هاوکاریان کردووم.**

## ***بلاْوکراوەکانی زنجیرە کتێبی بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری بارزان***

*١- دە دیمەن ل جینوسایدا کورد، دیمەنە هەڵبەست، کرمانج چالی ٢٠٠٩*

*٢- کیڤیێ عشقێ، هەڵبەست، حازم سافیا بلەیی ٢٠٠٩*

*٣-پێکی عەشق، هەڵبەست، مسلم مصطفی دولەمەری ٢٠٠٩*

*٤- ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، رێبوار رەمەزان عەبدوللا ٢٠٠٩*



خانەوادەکەی لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ لە بناری چیای شیرین گوندی بازێ سەر بەدەڤەری بارزان ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بیابانی باشووری عێراق.
باوکی لەگەڵ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی جینوسایدکراوە، ئەوکات تەمەنی تویژەر کەمتر لە ساڵێک بووە لە ساڵی ١٩٨٢ لە ئۆردوگای زۆرەملێی قودس (قوشتەپە) لە دایکبووە تەمەنی منداڵی بێ باوک وەک کورە تاقانەی ماڵەوە بەسەر بردووە، تا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ لەرۆژە سەختەکانی ژیان بەردەوام بووە لەخوێندن، لە زانکوی سەلاحەددین– کۆلیژی ئەدەبیات– بەشی کۆمەڵناسی بڕوانامەی بەکالۆریوسی لە ساڵی ٢٠٠٦–٢٠٠٧ بەدەست هێناوە، ئەندامە لە کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان. ئێستاش بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەمێکی تری لە ژێر چاپە سەبارەت بە جینوسایدکردنی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمدا.
بەرهەمێکی تری دەستنووسی لە ژێر دەستدایە بەناوی(ونبوونی یادگارییەکان لە بیاباندا).

